WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4 13ی خەرمانانی 2714 (750) دینار

## "مام جەلال بەشداری کۆنگرەی یەکێتی دەکات"



**ڕووداو- هەولێر**

عادل موراد، سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رایدەگەیەنێت پێش کۆتایی ئەمساڵ یەکێتی کۆنگرە دەبەستێ و مام جەلالیش بەشداری کۆنگرەکە دەکات.

عادل موراد لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) رایگەیاند بڕیاری کۆتاییان داوە پێش کۆتایی 2014 کۆنگرە ببەستن. عادل موراد کە خۆی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی، دەڵێ "بۆیە کۆنگرە دەبەستین بۆ ئەوەی توراسی تاڵەبانی نەفەوتێ". داواش دەکات لە کۆنگرەدا باسی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان حیزبەکەی و پارتی بکرێ و ئیدی یەکێتی "ئیستیقلال"ی خۆی وەربگرێ. سەبارەت بە بەشداری مام جەلال لەو کۆنگرەدا، عادل موراد گوتی "بۆ بەشدار نابێ؟ مام جەلال ئێستا وەزعی تەندروستی باشە، کە ئەو پێشوازی لە میوان بکات بۆ ناتوانێ لە کۆنگرە بەشدار بێ. مام جەلالیش بەشداری دەکات لە کۆنگرە بۆ ئەوەی ئاگاداربێ لە هێڵە گشتییەکانی نێو کۆنگرە کە بۆ یەکێتی دادەنرێن".

« 2

## چەواشەکارییەکان لەبارەی یەدەگی نەوت

18



## هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس

9



سالح موسلیم، هاوسەرۆکی PYD:


## چەکمان لە داعش کڕیوە

6

مالیکی وەڵامی نەداوەتەوە و ئەمریکاش لێیدەکۆڵێتەوە

# کوردستان داوای چەکی قورس لە ئەمریکا و عێراق دەکات

« 3






رووداو
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4



## فێڵ لە بەشە نەوتی هاووڵاتیاندا دەکرێت

**رووداو- سۆران**

تانکەرێکی دابەشکردنی سووتەمەنی بە هۆی تێکەڵکردنی ئاو لەگەڵ نەوت، دەستی بەسەردادەگیرێ و شۆفێرەکەشی دەستگیردەکرێ.
لەم بارەیەوە هەڤاڵ جەوهەر قادر، بەڕێوەبەری ناحیەی دیانا بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، تانکەرێکی دابەشــکردنی نەوت جۆری ڤاڵڤۆ، هەڵگری 21600 لیتری نەوت بووە، کە لە وێستگەی دابەشکردنی هەولێرەوە وەریگرتووە بە مەبەستی دابەشکردنی بەسەرهاونیشتمانیانی شارەدێی دیانای سەربە شارۆچکەی سۆران، لە کاتی دابەشکردنی نەوتەکە کە لەڕێگەی بریکارەکانی خۆراک دابەشدەکرێ، ساختەکاری لە نەوتەکەدا کردووە و نەوتی پڕ لە ئاوی بەسەر هاووڵاتیان دابەشکردووە.

### عادل موراد، سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

# پێش کۆتایی ئەمساڵ کۆنگرە دەبەستین



عادل موراد، ســەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بە رەهایی قسەی لەسەر بەســتنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کرد و رایگەیاند کــە بڕیاری کۆتاییان داوە پێــش کۆتایی 2014 یەکێتی کۆنگرەی خۆی ببەســتێ. عــادل موراد کە خــۆی یەکێکە لــە دامەزرێنەرانی یەکێتی، دەڵــێ "بۆیە کۆنگرە دەبەســتین بۆ ئەوەی توراســی تاڵەبانی نەفەوتێ". داواش دەکات لە کۆنگرەدا باســی رێککەوتنی ســتراتیژی نێوان حیزبەکەی و پارتی بکــرێ و ئیدی یەکێتی "ئیستیقلال"ی خۆی وەربگرێ.

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

**رووداو: یەکێتی کەی کۆنگرە دەبەستێ؟**

**عادل موراد:** تاوەکو کۆتایی ئەمســاڵ دەبێ کۆنگــرە ببەســتین، ئێمــە وەکــو ئەنجومەنی ناوەنــدی یەکێتــی بڕیاری کۆتاییمــان داوە کە پێش کۆتایی ئەمســاڵ یەکێتی کۆنگرەی خۆی ببەستێ.

**رووداو: ئەگەر کۆنگرەتان بەست چ بڕیارێک دەدەن؟**

**عــادل مــوراد:** ئێمە کۆنگرە دەبەســتین بۆ ئەوەی ســەرکردایەتییەکی نــوێ هەڵبژێرین کە گەنــج بــن و دەمێکیشــە خۆمان بۆ بەســتنی کۆنگــرە ئامــادە دەکەیــن. کۆنگــرەی چوارەم دەبەســتین بۆ ئەوەی توراسی مام جەلال لەنێو یەکێتیدا نەفەوتێ.

**رووداو: یەکێتی دنیایەک کێشەی هەیە، ئەم کێشانە پێش کۆنگرە چارەسەر دەکرێن؟**

**عــادل مــوراد:** بۆیە کۆنگرە دەبەســتین بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، لە کۆنگرە تەشخیســی هەڵەکان دەکەیــن. تەنانەت نابێ وردە کێشەش لەنێو یەکێتیدا بمێنێ.

**رووداو: تاڵەبانی لە کۆنگرەدا بەشدار دەبێ؟**

**عادل موراد:** بۆ بەشــدار نابــێ؟ مام جەلال ئێســتا وەزعــی تەندروســتی باشــە، کــە ئەو پێشوازی لە میوان بکات بۆ ناتوانێ لە کۆنگرە بەشــدار بێ. مام جەلالیش بەشداری دەکات لە کۆنگرە بۆ ئەوەی ئاگاداربێ لە هێڵە گشتییەکانی نێو کۆنگرە کە بۆ یەکێتی دادەنرێن.

**رووداو: ئەی کێ هەڵدەبژێرن بۆ ســکرتێری گشتیی یەکێتی؟**

**عادل مــوراد:** جارێ ئەوە دیــار نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێ گەنج بۆ سەرکردایەتییەکەی هەڵبژێرین.

**رووداو: گوتــت ئامادەکاریتــان کــردووە بۆ کۆنگرە، لە کۆنگرە چ بڕیارێک دەدەن؟**

**عادل موراد:** داوا دەکەین یەکێتی ئیستیقلالی خۆی وەربگرێ لە هەڵوێســتی سیاسی و وەکو یەکێتی جاران بیربکاتەوە.

**رووداو: یەکێتــی خاوەنی بڕیاری خۆی نییە تاوەکو ئیستیقلال وەربگرێ؟**

**عــادل موراد:** دەمانەوێ نــە لایەنی دەرەکی و نە نێوخۆیی کاریگەرییان لەســەر بڕیارەکانی یەکێتی نەبێ و یەکێتی بەشــێوەیەک کاربکات، بەرژەوەنــدی یەکێتی لە کوێ بێت وا کاربکات. دەبێ یەکێتی هاوپەیمانێتی باش بکات.

**رووداو: دوای کۆنگــرە پەیوەنــدی نێــوان یەکێتی و پارتی چی لێدێت؟**

**عــادل موراد:** لە کۆنگرە باســی رێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتیش دەکرێ. ئێمە لەگــەڵ ئەوەین هەموو پۆســتەکان بە گوێرەی ئیســتیحقاقی هەڵبــژاردن و رێــژەی دەنگەکان دابەشــبکرێن و هیــچ دەزگایــەک لەلایەن هیچ لایەنێکەوە قۆرخ نەکرێ.

**رووداو: داوای گەڕانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن بۆ نێو یەکێتی؟**

**عادل موراد:** من خۆم حەز دەکەم پەیوەندی باشــمان هەبێ لەگەڵ بزووتنــەوەی گۆڕان. بۆ دژایەتی گۆڕان بکەین؟ دژایەتیکردنی گۆڕان هیچ قازانجی نییە.

**رووداو: بــەڵام حەزدەکەی گۆڕان بگەڕێتەوە نێو یەکێتی؟**

**عادل موراد:** مــن حەز دەکەم گۆڕان بێتەوە نێو یەکێتی، بەڵام ئەوان ئێستا حیزبن و ئەگەر نەگەڕێنەوە نێو یەکێتیش دەتوانین هاوپەیمانی ســتراتیژی بیــن، دەمانــەوێ لەگــەڵ پارتی و ئیسلامییەکانیش پەیوەندی باشمان هەبێ.

مام جەلالیش لە کۆنگرەدا بەشدار دەبێ

دەبێ یەکێتی ئیستیقلالی خۆی وەربگرێ

دەکرێ لەگەڵ گۆڕان هاوپەیمانیی ستراتیژی ببەستین

### پەیامنێری (رووداو) لە ئەمریکا:

# وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رۆژانە خۆی بۆ (رووداو) ئامادە دەکات

**رووداو- واشنتن**

نامۆ عەبدوڵڵا، پەیامنێری (رووداو) لە ئەمریکا دەڵێت کردنەوەی نووسینگەی رووداو لە ئەمریکا کاریگەری زۆری هەبووە لەســەر بەرەوپێشبردنی دۆزی کــورد. هەروەهــا دەڵێــت ناوەندەکانــی توێژینــەوە زۆر پشــت بــە راپۆرتەکانی بەشــی ئینگلیزیی رووداو دەبەستن.

نامــۆ، کــە بکالۆریۆســی لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی کوردستان وەرگرتووە، ئێســتا قوتابی ماســتەرە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا و لەهەمانکاتدا پەیامنێری (رووداو) و پێشکەشکاری بەرنامەی "لەواشتنەوە"یە.

نزیکەی ســاڵێکە (تــۆڕی میدیایــی رووداو) نووســینگەی لە واشــنتنی پایتەختــی ئەمریکا کردووەتــەوە. نامۆ عەبدوڵڵا کە بەڕێوەبەری ئەم نووســینگەیەیە باسی ئەزموونی کارکردنی خۆی دەکات لە ئەمریکا.

نامۆ وەک زۆربەی رۆژنامەنووسانی ئەمریکی و بیانی، بەپێی یاسای پێدانی زانیاری داوای زانیاری لــە دامــەزراوە حکومییــەکان دەکات و ئەوانیش بەپێی یاســا ناچارن زانیاریی پێبدەن. تەنیا ئەو زانیاریانە نادرێن بە رۆژنامەنووس کە بە زانیاری (نهێنی) دادەنرێن، وەکو دۆکیومێنتی هەواڵگری و شتی تایبەت بە ئاسایشی نیشتیمانی.



نامــۆ نموونە بە هەواڵێکی (رووداو) دێنێتەوە و دەڵێــت "چەند رۆژێک لەمەوپێــش داوامان لە ســوپای ئەمریــکا کرد کە وێنەی ئەو کەشــتییە نەوتییەی کوردستانمان بۆ بنێرن ئەگەر لایانە. لە چەند کاژێرێکی کەمدا، دوو وێنەیان بۆ ناردین کە فرۆکەکانیان لە ئاسمانەوە گرتبوویان".

نامــۆ دەڵێــت "بەپێچەوانەی کوردســتانەوە، بەرپرســە باڵاکانی ئەمریکا زیاتر بۆ کەناڵەکانی خۆیان قســە دەکەن وەکــو کەناڵە بیانییەکان". بەڵام دەڵێت بۆ ئەو کە بۆ میدیایەکی بەناوبانگی ئەمریکی کارناکات، ئاســان نییە بتوانێت دیداری دەستبکەوێت لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا- وەکو وەزیرەکان یاخود سەرۆک ئۆباما.

ســەبارەت بــە چۆنیەتــی گەیشــتن بــە ناوەنــدە بڕیار بەدەســتەکانی وەکــو کۆنگرێس و وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریــکا، نامۆ گوتی "بۆ رووماڵکردنــی ناوەندەکانــی دەســەڵات یاخــود دامــەزراوە حکومییەکانــی ئەمریکا دەبێت باجی تایبەتــت هەبێت بۆ ئەو دامەزراوانە. ئێســتا من باجی کۆنگرێســی ئەمریکا و وەزارەتی دەرەوەم وەرگرتووە".

نامــۆ کە بەهــۆی بەرنامەکــەی پەیوەندی بە ســیناتۆر، توێژەر و سیاسەتمەدارانی ئەمریکاوە دەکات، لەبــارەی زانیــاری بەرپرســانی ئەمریکا لەســەر کورد دەڵێت "بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا بەردەوام شــتێک لەســەر کــورد دەزانــن، بەڵام هەندێکیــان زیاتر لەوانی دیکە دەزانن". هەروەها دەڵێت "لە چەند ســاڵی رابــردوودا، ژمارەی ئەو سیناتۆرانەی هاوسۆزییان بۆ دۆزی کورد دەربڕیوە زیادیــان کــردووە. بەتایبــەت دوای پاڵپشــتییە ئاشکراکەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتەنیاهۆ بۆ ســەربەخۆیی کوردســتان، ئێستا پێموایــە پاڵپشــتیی دۆزی کورد لــە کۆنگرێس زیادی کردووە".

هەفتــەی رابــردوو پەیامنێــری رووداو لــە ئەمریکا بەشــداری پرێس کۆنفرانســی وتەبێژی وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریــکای کــرد، ئەو لەوێ بەنــاوی (رووداو) خــۆی نەناســاند و گوتــی "چونکە ماوەیەکی زۆرە لەوێم، ئێســتا دەمناسن و زانیاریشــیان لەبارەی رووداو هەیە، بۆیە خۆم نەناساند".

نامۆ دەڵێت ئێســتا (رووداو) ناوێکی ئاشنایە لەلای بەرپرســانی ئەمریکا و خەڵکی ئەو وڵاتە، بەتایبەتیش دامەزراوەکانــی توێژینەوە لەســەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نامۆ گوتی "رۆژێکیان چووم بۆ پەیمانگای واشــنتن، بینیــم چەند بابەتێکی چاپکراوی رووداوی ئینگلیزی لەسەر مێزی یەکێک لە پسپۆڕەکانی کاروباری عێراق دانرابوو. پێموایە سیاســییەکانی ئەمریــکاش، ئەوانەی کە گرنگی بــە عێراق و کــورد دەدەن، ناوبانگــی رووداویان بیستووە".

نامۆ باس لە گرنگیی کردنەوەی نووســینگەی (رووداو) لە واشــنتن دەکات و دەڵێت "بێگومان کردنەوەی ئۆفیسی رووداو کاریگەری زۆر گەورەی هەبــووە بــۆ هێنانە پێشــەوەی دۆزی کــورد لە ئەمریــکا. بۆ نموونە، ئەگــەر من رۆژانە نەچم بۆ وەزارەتی دەرەوە، بەدەگمەن نەبێت باســی کورد ناکرێت. چونکە دەزانن رۆژانە پرســیارم لەســەر کــورد هەیە، ئێســتا هەمــوو رۆژێــک وەزارەتی دەرەوە خۆیــان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی وەڵامی هەر پرســیارێک بدەنەوە کە رەنگە لەسەر کورد لێیان بکەم".

نامۆ پێیوایە (رووداو) تا رادەیەک کاریگەری لەســەر گۆڕینــی سیاســەتی ئەمریــکا هەبــووە بەرامبەر بەدۆزی کورد و دەشــڵێت "هەوڵدەدەین بابەتیانە پرســیار لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا دروســتبکەین، بــەو ئومێــدەی گۆڕانکاریــی دروســتبکەین لە سیاســەتی ئەمریکادا بەرامبەر کــورد. بۆ نموونە لەبەرنامەکانی ئــەم دواییەمدا چەندینجــار پرســی ئــەوەم ورووژانــدووە کــە چۆن کوردســتان لە مەترســیدایە و پێویســتی بــە هاوکاریــی ســەربازیی ئەمریکا هەیــە. ئەم پرســیارەم بە سیاســییەکان و ســیناتۆرەکان و پسپۆڕانی ئەمریکاش گوتووە. لەم رۆژانەدا بیستم کــە ئەمریکا رەنگــە هەندێک چەکــی قورس بۆ پێشمەرگە دابین بکات".

### بەپێی ئامارێک

# داهاتی مانگێکی کامێرای هاتوچۆ لە هەولێر 2 ملیار دینارە



فۆتۆ: سیروان عەزیز

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئامــاری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر، لە ماوەی 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە ســنووری ئــەو پارێزگایــە 741 رووداوی هاتوچــۆ روویانــداوە، بەو هۆیەشــەوە 180 کەس مردوون. ئەو ئامارە گیان لەدەستدانی ئەو 7 کەسەی تێدا نییە کە هەفتەی رابردوو پێکەوە لە رووداوێکی هاتوچۆدا لەسەر رێگەی هەولێر — خەبات بوونە قوربانی.

ســەرەڕای ســزادانی شــۆفێران لەســەر خێرالێخوڕین، بەڵام هێشتا ئەو جۆرە سزایانە بەشــێک لــە شــوفێرانی لە خــراپ لێخوڕین نەگێڕاوەتەوە. رووداوەکەی هەفتەی رابردووی رێگــەی خەبــات بەهــۆی خێــرا لێخوڕین و کێبڕکێی نێوان دوو ئۆتۆمبێل بووە.

### ئۆتۆمبێلەکانیان ناپشکنن

بەپێی ئامــاری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێــر، لە ماوەی شــەش مانگــی یەکەمی ئەمســاڵدا لــە ســنووری پارێــزگای هەولێر 21 هــەزار و 698 ســەرپێچیی شــۆفێران تۆمــار کــراوە، لــەو ژمارەیــەش 10 هەزار و 436 ســەرپێچی لە ســنووری قــەزای کۆیە تۆمارکــراوە. واتــە نیوەی ســەرپێچییەکانی پارێزگای هەولێر لە قەزای کۆیە تۆمارکراون.

وەک لە ئامارەکاندا دەردەکەوێت، زۆرترین حاڵەتــی ســەرپێچیی شــۆفێران لەوکاتــەدا دەرکەوتووە کە کەوتوونەتە نێو مەفرەزەکانی پۆلیس و پشکنین. بەپێی ئامارەکە، لەماوەی ئەو شــەش مانگەدا 5167 سەرپێچی بەهۆی ئەنجامنەدانــی پشــکنین تۆمارکــراوە. دوای ئەویــش بەکارهێنانی مۆبایــل دێت لە کاتی شوفێری کە 3110 سەرپێچی بووە.

### شۆفێری سەرخۆش تەنیا لە کۆیە

لە ئامارەکەدا چەندین حاڵەتی سەرپێچی جۆراوجــۆر تۆمارکــراوە، لەوانەش لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە سەرخۆشــی، یــان لێخوڕین بە ئاراســتەی پێچەوانــە، هەروەهــا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل "بە لاساری".

وەک لــە ئامارەکــەدا دەردەکەوێت، تەنیا لەســنووری قەزای کۆیە 56 شــوفێر بەهۆی خواردنــەوەی کحولەوە ســزا دراون، بەڵام لە هەولێر هیچ حاڵەتێک تۆمارنەکراوە.

نەقیب فازڵ حوسێن، گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "مەفرەزەکانی پۆلیســی هاتوچۆ ئامێرێکیان پێیە بۆ پێوانەکردنی رێژەی کحول لە جەســتەی مرۆڤدا و دەمودەست رێژەکەت دەداتێ، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەک بۆ دادگا لەســەر ئەو کەســانەی کە لەژێــر کاریگەری کحول ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن".

### شۆفێرە "لاسار"ەکان

بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچــۆی هەولێــر، 420 شــوفێر بەهــۆی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە "لاساری" سزادراون. 834 شــوفێر لەســەر بەکارهێنانی پەردە و جامی رەش ســزا دراون. 1659 ســەرپێچی بەهــۆی لێخوڕینی ئۆتۆمبێــل بەبێ مۆڵەت، هەروەها 552 حاڵەتی سەرپێچی تۆمارکراوە لەبــەر لێخوڕینــی ئۆتۆمبێــل بە ئاراســتەی پێچەوانە.

### کەسابەتی شۆفێران بۆ کامێرایە

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی خێرا لێخوڕین، پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر رێگاکان و شەقامەکان کامێرای چاودێریی داناوە. بەپێی سیســتمی کارکردنی ئەو کامێرایانە، کەمترین غەرامەی خێرا لێخوڕین 60 هەزار دینارە و زۆرترینیش 220 هەزار دینارە.

بەپێــی ئامارەکەی پۆلیســی هاتوچۆ، لە مــاوەی پێنــج مانگی یەکەمی ئەمســاڵدا لە سنووری پارێزگای هەولێر 124 هەزار و 563 حاڵەتی سەرپێچیی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە رێگــەی کامێــراوە تۆمارکــراوە. زۆرترین ســەرپێچیش لە مانگی نیســان بووە کە 37 هەزار و 250 سەرپێچی بووە.

ئەگەر بە تێکڕایی 80 هەزار دینار بۆ هەر سەرپێچییەکی خێرا لێخوڕین حیساب بکەین، ئەوا کۆی ئەو پارەیەی لە رێگەی کامێراکانی هاتوچــۆوە لەمــاوەی ئــەو پێنــج مانگــەدا دەســتکەوتووە، گەیشتووەتە 9 ملیار و 965 ملیۆن و 40 هەزار دینار. واتە مانگانە نزیکەی 2 ملیار دینار دەکات.

بەپێــی ئــەو زانیاریانــەی لــە پۆلیســی هاتوچۆوە دراونەتە (تۆڕی میدیایی رووداو)، زۆرتریــن ســزا بەهــۆی خێــرا لێخوڕینــەوە گەیشــتووەتە 5 ملیــۆن دینــار کــە لەلایەن شۆفێری ئۆتۆمبێلێکی تایبەتەوە بووە.

### تاکسی 115 کیلۆمەتر زەوی داگیرکردووە

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچــۆی هەرێمــی کوردســتان- هونەری، کــە ئاراســتەی گشــت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچــۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردســتان کــراوە، بــە نووســراوێک لــە 2013/6/17 بڕیاردراوە هیچ ئۆتۆمبێلێکی تایبەت نەکرێت بە تەکسی، ئەمەش وەکو بەرپرسانی هاتوچۆ پێشــتر رایانگەیاندبوو، لەبەر زۆریی ژمارەی تاکسییە کە 38357 تاکسی لەناو سەنتەری شــاری هەولێر هەیــە، ئەگــەر پێوانەی هەر ئۆتۆمبێلێک بــە 3 مەتــر بخەمڵێنین، ئەوە تاکســییەکانی هەولێــر 115 کیلۆمەتر زەوی داگیردەکەن.

### زیاتر لە نیو ملیۆن ئۆتۆمبێل لە هەولێر

بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچــۆی هەولێر کە لــە 2014/7/9 تۆمارکراوە، ئێســتا 592 هەزار و 872 ئۆتۆمبێل لە سنووری پارێزگای هەولێر هەن کە پێکدێن لە 346899 ئۆتۆمبێلی تایبــەت، 38357 ئۆتۆمبێلــی کــرێ (تاکسی و پاس)، 146315 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر، 5290 ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی، 9081 ئۆتۆمبێلــی بیناســازی، 7309 ماتۆرسکیل و 39621 ئۆتۆمبێلی کاتیی دەرەوەی هەرێمی کوردســتان/ کارتی زانیاری.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4

## یەکێتی داوای هێرشبردن دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنی ئێستای عێراق بەگشتی و پارێزگای نەینەوا بەتایبەتی ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و داوای هێرشبردنی بۆ سەر چەکدارانی داعش دەکات. لە ڕاگەیەنراوەکەدا کە ئێوارەی ڕۆژی 2014/8/3 بڵاو کرایەوە تێیدا هاتووە "ئیدی هەرێمی کوردستان کەوتە بەردەم قۆناغێکی عەسکەری دیکەی چارەنووسساز. ئەویش ئەوەیە، کە چیدیکە شەڕی بەرگری دادمان نادات. تەنانەت بەرگریی لە قازانجی داعشەکانیشە. ڕێگای ڕاست و دروست ئەوەیە ئەم هێزە کۆنە پەرستانە، دەبێ بەهێرشی فراوانی ڕزگاریخوازانە، وەڵام بدرێنەوە".

هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا:

# قۆناغی سوپاس بەسە، چەک و تەقەمەنی بدەنە پێشمەرگە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هەرێمی کوردستان بە فەرمی داوای لە ئەمریکا کردووە کە چەک و تەقەمەنی قورس بدرێتە پێشمەرگە. بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ "بەئەمریکامان گوتووە پەیوەندییەکان لە قۆناغی سوپاس و دەستخۆشییەوە بکەن بە قۆناغی دابینکردنی پشتیوانیی ڕاستەوخۆ".

### کورد سوپاسی ئەمریکای ناوێ

ڕووداوەکانی ناوچەی شنگال و زوممار کە هێزەکانی داعش بەشێوەیەکی کتوپڕ ئەو ناوچانەی لە دەستی پێشمەرگە دەرهێنا، بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی ناچار کرد کە بۆ دابینکردنی تەقەمەنی و چەکی قورس گوشاری زیاتر بخەنە سەر بەرپرسانی ئەمریکی.

فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەوە گوتی "لەگەڵ کۆنسوڵگەریی ئەمریکا لە هەولێر و باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا قسەمان کردووە و داوامان کردووە کە ئیدی پەیوەندییەکان لە قۆناغی سوپاس و دەستخۆشییەوە ببەنە قۆناغی دابینکردنی پشتیوانیی ڕاستەوخۆ بەتایبەت لە ڕووی چەک و تەقەمەنییەوە".

فەلاح مستەفا گوتیشی "بە ئەمریکامان گوت، شەڕی تیرۆر تەنیا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکرێ. دەبێ کار بکرێ بۆ پاراستنی ئێزدییەکان و کریستیانەکان، نامانەوێ بەتەنیا شەڕی تیرۆر بکەین، بەڵکو پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە و دەبێت ئەمریکا بە بەرپرسیارێتی خۆی هەستێ".


دەربارەی وەڵامی ئەمریکا بۆ داواکانی هەرێمی کوردستانیش گوتی "ئەمریکا داوای ئێمەی ڕەتنەکردەوە" و گوتیان "کاری لەسەر دەکەین و بەجددی بەدواداچوونی بۆ دەکەین".

### پێشمەرگە کۆکراونەتەوە

ڕۆژی 2014/8/1 هێزەکانی داعش دەستیان بە هێرشێکی بەرفراوان کرد بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی ڕەبیعە، سنوونێ، شنگال، زوممار و عەین زالە کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت. هێرشەکان بەردەوامبوون تاوەکو 2014/8/3 و ئەو ناوچانە بەتەواوەتی کەوتنە دەست هێزەکانی داعش.

داعشیش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک نەیشاردەوە کە شەڕەکانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕی "قورس" بووە، بەڵام توانییان ناوچەکانی (شنگال، ڕەبیعە، سنوونێ، وانێ و زوممار) بگرن.

جەبار یاوەر، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە




جەبار یاوەر، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە:

### هەموو هێزەکان کۆکراونەتەوەو هەموو جۆرە چەکێکیش لەدەست پێشمەرگەدایە

موختاری گرعزێر:

### چارەنووسی زیاتر لە دوو هەزار ئێزدی کەوتووەتە دەستی داعش

دەڵێ "هەموو هێزەکان کۆکراونەتەوە، چاوەڕێ دەکەین ناوچەکە پاک بکەینەوە و هەموو جۆرە چەکێکیش ئێستا لەدەستی پێشمەرگەدا هەیە".

ناوچەکانی شنگال و زوممار و ئەو ناوچانەی ئێستا شەڕی تێدایە 30 بۆ 40 کیلۆمەتر دەبێ. جەبار یاوەر دەڵێ "پاراستنی ئەو سنوورە فراوانە پێویستی بە هێزێکی زۆرە".

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە "فەرماندەی تایبەتی یەک و هێزی گوڵان بە سەرپەرشتی مەنسور بارزانی، کوڕی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە چەکی قورسەوە گەیشتووەتە ناوچەکە و بەنزیکترین کات دەست بە شەڕ دەکەن".

ئەو بەرپرسە باڵایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی ئەو جۆرە چەکانەشی کرد کە ئەو هێزە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لەدەستدایە و گوتی بریتین لە (تانکی پێشکەوتوو، ڕاجیمە، هاوەن، تۆپی 106 ملم، هەمەری گوللەنەبڕ بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە بۆ بەرەکانی شەڕ). گوتیشی "ئێستا هێزی پێشمەرگە خۆی ڕێکخستووە و پلانی تۆکمەیان دارشتووە بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکە".

### سەرۆک کۆمار چاوەڕێی مالیکییە

دەستپێکردنی شەڕەکە دوای چەند ڕۆژێکی کەم هات لە سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەکانی شەڕ لە ڕۆژانی جەژندا. بارزانی لەو سەردانانەدا مژدەی دا بە هێزەکانی پێشمەرگە کە چەکی پێشکەوتوو دەکەوێتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی "تیرۆریستان".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئێستا هەوڵێک هەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکرێ بۆ لێدانی داعش. فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق لەسەر خەتە بۆ ئەوەی هەندێ چەکی قورس لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ڕەوانەی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێ.

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی عێراقیش بە (ڕووداو)ی گوت "هەموومان چاوەڕێی مالیکین کە ڕەزامەندی دەربڕێ لەسەرئەوەی چەکی قورس بداتە هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام مالیکی نە بە بەڵێ و نە بە نەخێر وەڵامی نەداوەتەوە".

لەلایەکی دیکەوە، پەیامنێری (ڕووداو) لە دەروازەی سحێلای نزیک زوممار ڕایگەیاند کە هەندێ پێشمەرگەی بریندار ڕێگایان بزرکردووە و کەوتوونەتە دەست هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە و ئەوانیش ڕادەستی هێزەکانی داعشیان کردوون.

### عەرەبەکان پشتیان لە پێشمەرگە کرد

فەرماندەیەکی سەربازیی هێزی پێشمەرگە دەڵێ "خەڵکی عەرەبی ناوچەی (ڕەبیعە و دەوروبەری، قاهیرە، مەحموودیە، چل برا هەموویان لە دژی پێشمەرگە وەستانەوە".

ئەو فەرماندەیە لەزاری هەندێ خەڵکی زوممارەوە دەڵێ "چەند جارێک پێشمەرگەمان ئاگادار کردووەتەوە کە خەڵکی ئەو ناوچانە پەیوەندی ژێر بە ژێریان لەگەڵ داعش هەیە".

### چارەنووسی 2000 ئێزدی دیار نییە

خەلەف ئیلیاس، موختاری هۆزی عیسا لە گرعزێری نزیک شنگال کە ئێستا لە یەکێک لە دۆڵەکانی شاخەکەیە، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە گوتی "پێش ئەوەی بگەنە شاخەکە، هێزەکانی داعش 50 خێزانی ئێزدییان بە ژن و منداڵەوە برد بۆ بەعاج". دەربارەی چارەنووسی ئەو خێزانانەش گوتی "ئەوەی زانیومانە هەموویان کوژراون".

ناوبراو هۆشداری دا کە ئەگەر بەهانای ئاوارەکانی ئەو چیایەوە نەچن، ئەوا چارەنووسی نزیکەی 10 هەزار کەس لەو چیایە لە مەترسیدایە.

خەلەف هەروەها گوتی "هێزەکانی داعش لە ڕێگەی عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە داوایان لە موختاری گوندی وەردی کرد بگەڕێنەوەماڵی خۆیان و هیچیان لێناکەن، ئەوانیش کە دوو هەزار کەس دەبوون گەڕانەوە، بەڵام ئێستا چارەنووسیان نادیارە".

هادی بابەشێخ، گوتەبێژی سەرۆکی جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدیان و مەرجەعی باڵای ئێزدییەکانی جیهان داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە بە زووترین کات بە هانایانەوە بچن و گوتی "تادێت ڕەوشمان خراپتر دەبێت".

هادی بابەشێخ ئەوەشی ئاشکراکرد کە "لە شنگال چەکدارانی داعش دەستیانکردووە بە کوشتنی پیاوانی ئێزدی و ژنەکانیان دەبەن". گوتیشی "دەستدرێژیی کراوەتە سەر چەندین ژنی ئێزدی".

بەپێی قسەی خەلەف، تاوەکو ئێستا 72 فەرمان بۆ لەناوبردنی ئێزدییەکان دەرچوون، ئەگەر کەس بەهانایانەوە نەچێت، ئەوا فەرمانی 73 لەلایەن داعشەوە بۆ قڕکردنی ئێزدییەکان دەردەچێت". گوتیشی "ئەمە دەبێتە گەورەترین فەرمانی لەنێوبردنی ئێزدییەکان، چونکە پێشتر ژمارەی ئێزدییەکان هێندەی ئێستا نەبووە، ئێستا تەنیا لەو شاخە بە هەزاران کەس گیریان خواردووە، هەر کاتێک داعش بیەوێ دەتوانن بێنە پێش، چونکە چەکێکی وامان لەبەردەست نییە کە بەرگری لە خۆمان بکەین".

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت لەزووترین کاتدا "گورزێکی کوشندە" لە هێزەکانی داعش دەدەن و گوتیشی "ئەمە تەنیا قسە نییە، لە ماوەیەکی نزیکدا خەڵک ئەمە بە چاوی خۆی دەبینێ".

بۆ یەکلاکردنەوەی پارێزگاری سلێمانی

# یەکێتی داوای هەفتەیەک مۆڵەت دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای زیاتر لە دوو مانگ گفتوگۆی نێوان یەکێتی و گۆڕان لەلایەک و یەکگرتوو و کۆمەڵ و پارتی لەگەڵ ئەو دوو حیزبە لەلایەکی دیکە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، لە دوایین کۆبوونەوەی ئیسلامییەکاندا لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان، ئیسلامییەکان هەردوولایان دڵنیاکردەوە کە چاوەڕوانی دەنگی ئەوان نەبن. هەربۆیە دوا قسە ئیسلامییەکان کردیان و پێیانگوتن "مادام نەتانتوانی ڕێکبکەون، کەواتە چوار ساڵەکە دابەشبکەن".

مەهدی مەحموود، سەرۆکی لیستی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیشە، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا دەتوانین بڵێین پۆستی پارێزگاری سلێمانی چارەسەر بووە و ئەمڕۆ دووشەممە ئەنجوومەنی پارێزگا دەتوانێ سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی هەڵبژێرێت، ئەگەر یەکێتی پەشیمان نەبێتەوە".

ماوەی 3 مانگە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان کراوە، بەڵام ململانێی نێوان یەکێتی و گۆڕان گەیشتبووە ڕادەیەک کە هەر لایەکیان پۆستی پارێزگاری دەویست و چەند سیناریۆ و پرۆژەیەک بەوهۆیەوە شکستیان خوارد. بۆیەش چەند کۆبوونەوەیەکی یەک لە دوای یەکی ئەو دوو مانگە، بێئەنجام کۆتاییان هات.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە کۆبوونەوەی ئێوارەی ڕۆژی 2014/8/3 ی یەکێتی لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان، یەکێتی بۆ ئەوە چوو کە بە ئیسلامییەکان بڵێت ڕازییە پارێزگار بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا یەکلایی ببێتەوە و داوای لێکردوون دەنگ بە ئاسۆ فەرەیدوون بدەن، بەڵام یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی تکایەکی زۆریان لە یەکێتی کردووە، بە پرۆژەی دووساڵ بە دووساڵ ڕازی ببن.

مەهدی مەحموود، ئەو زانیارییانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "تکایەکی زۆرمان لێکردن بەوە ڕازی ببن "دواتر قسەکان گۆڕان بۆ ئەوەی کە کامیان یەکەمجار پارێزگار وەربگرێت، ئێمە پشتگیری گۆڕان دەکەین یەکەمجار وەریبگرێت و یەکێتیش سوورە لەسەر ئەوەی یەکەمجار وەریبگرێت".

پێش کۆبوونەوەکە، لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری یەکێتی، گوتی "سوورین لەسەر ئەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی بۆ ئێمە بێت، چونکە دۆخی ئارامی ئێستای سلێمانی وا دەخوازێت ئەو پۆستە بەدەست یەکێتییەوە بێت لە چوار ساڵی داهاتوودا".

یەکێتی تاوەکو درەنگانێکی شەو لە نێوخۆیاندا لە ڕاوێژدا بوون کە ئاخۆ ڕازی ببن بە پێشنیازی ئیسلامییەکان یان نا، ئەگەر ڕازیش ببن، ئایا قایل ببن بەوەی دوو ساڵی یەکەم، پارێزگاری سلێمانی بەدەست گۆڕانەوە بێت؟

بەڵام ئاکۆ حەمە کەریم، بەرپرسی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "گۆڕان بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دەبوو پۆستی پارێزگار وەربگرێت، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و سلێمانی، بەو داوایەی یەکگرتوو ڕازی بووین کە دوو ساڵ بە دوو ساڵ بێت، بەڵام دەبێت دووساڵی یەکەم ئەو پۆستە بەدەست بزووتنەوەی گۆڕانەوە بێت".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، باسی چۆنێتی ڕازیبوونی بزووتنەوەکەیان دەکات بەو چارەسەرە و دەڵێ "دەزانین پارێزگار ناتوانێ بە 2 ساڵ ئەوە پیشانی دەنگدەرانی بدات و بیسەلمێنێت کە شتێکی نوێی پێشکەش کردووە، چونکە ساڵی یەکەم دەبێت لە شتەکان تێبگات و بە ساڵێکیش فریای هیچ ناکەویت، بەڵام گوتمان با دەستپێشخەری بکەین". مەهدی مەحموودیش دەڵێ "گۆڕان پێش یەکێتی ڕازی بوون بەوەی 2 ساڵ بە 2 ساڵ بێت".

بەڵام یەکێتی دوای قسەوباسێکی زۆر لەنێو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، وەڵامێکی دیکەی فراکسیۆنی خزمەتی دایەوە و داوای لێکردن ماوەی هەفتەیەکی دیکە چاوەڕوانیان بکەن بۆ وەڵامدانەوە.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری یەکێتی درەنگانێکی شەوی ڕابردوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شێوازی لێدوانی نوێنەری گۆڕان لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا کە گوتی پارێزگار مافی خۆمانە و بەو مەرجە ڕازی دەبین کە 2 ساڵی سەرەتا بۆ ئێمە بێت، نیگەرانی کردین و وای لێکردین هەفتەیەکی دیکە داوا بکەین بۆ گفتوگۆی نێوخۆمان، چونکە بەڕاستی ئەو شێوازە قسەکردنە و مەرجدانان بە گفتوگۆ و لێدوانی دروست نازانین".

لەتیف شێخ عومەر هەروەها دەڵێ، هەر بۆیە پارێزگاری سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵنابژێردرێ و ئەو بابەتە دەمێنێتەوە تاوەکو ئەوکاتەی ئێمە وەڵامی لیستی خزمەت دەدەینەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی نزیک لە گۆڕانەوە دەستیکەوتووە، یەکێتی نامەیەکی داوەتە نەوشیروان مستەفا و داوای لێکردووە کەسێکی بێلایەن، نە گۆڕان و نە یەکێتی بکرێتە پارێزگاری سلێمانی و 4 ساڵ پارێزگار بێت. بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامی ئەو نامەیە نەدراوەتەوە.

بەڵام لەتیف شێخ عومەر دەڵێ "ئاگاداری نامەی لەو جۆرە نیم و ئێمە تاوەکو درەنگانێکی ئێوارەی یەکشەممەش لە گفتوگۆدا بووین بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی".

رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4



## قوباد تاڵەبانی: هیچ فەرمانێک بە ناوی "مام" نادەم

**رووداو- هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان روونکردنەوەیەک لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە نێوان فراکسیۆنە کوردییەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی کاندیدی کورد بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە نێوان د. بەرهەم ساڵح و د. فوئاد مەعسووم بڵاودەکاتەوە. لە روونکردنەوەکەدا قوباد تاڵەبانی رایدەگەیەنێ، فەرمانی بە هیچ یەکێک لە پەرلەمانتاران نەکردووە دەنگ بە کاندیدێکی دیاریکراو بدەن. هەروەها رەتیدەکاتەوە بەناوی مام جلالەوە، هیچ فەرمان و لێدوانێکمان نەداوەو نە لەرابردو وە نەلەئێستاو نەلەداهاتوودا، هیچ قسە و فەرمانێک بەناوی مامی خۆتان نادەین.

یەکێکیان سیادییە

# پشکی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق شەش وەزارەتە



( فۆتۆ: سیروان عەزیز )

گۆڕان:

### وەزارەتی دەرەوە هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبووە

یەکێتی:

### پارتی مافی خۆیەتی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتە سیادییەکە وەربگرێت

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

دابەشکردنی شەش پۆستی وەزاری لە حکومەتی نوێی عێراقدا لەنێو کورد رەنگە وا بە ئاسانی یەکلانەبێتەوە. بەڵام زۆربەی لایەنەکان داوا دەکەن بەپێی "خاڵبەندی" دابەشبکرێن، کۆمەڵی ئیسلامی کە تەنیا 3 کورسی هەیە لە پەرلەمانی عێراق، داوا دەکات وەکو لایەنێکی کوردی "حیساب"ی بۆ بکرێ.

بە گوێرەی ماددەی 76ی دەستووری عێراق، سەرۆکی وڵات لەو رۆژەی دەبێتە سەرۆک تاوەکو 15 رۆژ، دەبێت گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان راسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

فراکسیۆنەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق خاوەنی 62 کورسین. داوا دەکەن ئەو وەزارەتانەی بەر کورد دەکەون لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا بە گوێرەی "خاڵبەندی" بێ.

فوئاد مەعسوم کە رۆژی 24/7/2014 لە پەرلەمانی عێراق بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، دەبێت تاوەکو رۆژی 7/8/2014 گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان راسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

دەریاز محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق نەیشاردەوە تاوەکو ئێستا لایەنە کوردستانییەکان بابەتی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکانیان باس نەکردووە. بە بڕوای پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، کورد ئەمجارە لە حکومەتی عێراقدا شەش وەزارەتی بەردەکەوێ.

دەریاز محەممەد باس لە کێشەکانی کورد دەکات لەگەڵ بەغدا "کورد کێشەی دارایی هەیە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و مووچەی پێشمەرگە نادەن، وەزارەتی ناوخۆش، بۆیە گرنگە کورد داوای یەکێک لەو سێ وەزارەتە سیادیانە بکات".

کور لە هەردوو حکومەتی رابردووی عێراق لە وەزارەتە سیادییەکان وەزارەتی دەرەوەی وەرگرتووە. بەڵام بە قسەی ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان "وەزارەتی دەرەوە ئەوەندەی سوودی بۆ پارتی هەبووە، سوودی بۆ کورد نەبووە".

لەگەڵ دەستبەکاربوونی خولی نوێی پەرلەمانی عێراق، تاوەکو ئێستا کورد تەنیا دوو پۆستی وەرگرتووە، ئەویش سەرۆک کۆماری عێراق کە بەر یەکێتی کەوتووە، جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش دراوەتە گۆڕان.

ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقیش بۆ کوردە و وەزارەتێکی سیادیشی بەردەکەوێ".

ئاڵا لەو باوەڕەدایە دیسان وەزارەتی دەرەوە بدرێتەوە کورد "چونکە شیعەکان دەڵێن حەز ناکەین وەزارەتی دەرەوە بدەینە سوننە". گوتیشی "پارتی مافی خۆیەتی داوای پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزارەتی دەرەوە بکات، چونکە وەکو گەورەترین کوتلەی کوردی هێشتا ئیستیحقاقی خۆی وەرنەگرتووە".

پەرلەمانتارەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی لە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێ گرنگترە و دەڵێ "یەکێتی پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرتووە لەبەرامبەر درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان". بۆیە "گۆڕان جگە لە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەبێ وەزارەتێکی فیعلیش وەربگرێ".

کۆمەڵی ئیسلامی کە تەنیا سێ کورسی هەیە لە پەرلەمانی عێراق، داوای پۆستێکی وەزاری دەکات لە حکومەتی عێراق.

زانا رووستایی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە "نابێ حیسابی سێ کورسی بۆ کۆمەڵی ئیسلامی بکرێ، بەڵکو دەبێ وەکو لایەنێکی کوردی حیسابی بۆ بکرێ و دەبێ وەزارەتێکی هەبێ لە حکومەتی عێراقدا".

زانا رووستایی داوا دەکات کورد پێش ئەوەی قسە لەسەر پۆستەکان بکات "دەبێ بیر لە بەرنامەی حکومەت بکاتەوە کە چی تێدایە بۆ خەڵکی کوردستان". گوتیشی "باشتروایە کورد پێداگیری لەسەر وەزارەتی دارایی بکات. هەروەها لە وەزارەتی بەرگری رۆڵی بەرچاوی هەبێ و پۆستی سوپاسالار لەدەست نەدات، بۆ ئەوەی هەر مەترسییەک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ سەر کورد هەبێ دووری بخاتەوە و بودجەی پێشمەرگەش چارەسەر بکات".

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەڵێ "پێویستە هەموو پۆستەکان بە تەوافوق یان بەگوێرەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دابەش بکرێن". گوتیشی "دەبێ کورد لە بەغدا یەک هەڵوێست بێت و پێکەوە رێکبکەون تاوەکو لە بەغدا کوردایەتی بکەین".

سەبارەت بە پشکی یەکگرتووش ناوبراو دەڵێت "ئەگەر دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان ئەوانەی پشکی کوردن بەپێی خاڵ بێ، ئەوا هەرچی پۆستێک بەر یەکگرتوو بکەوێ قبوڵمانە".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو پێشنیاز دەکات کورد لە پۆستە سیادییەکان پێداگیری لەسەر وەزارەتەکانی نەوت، دارایی و دەرەوە بکات، بەڵام "نەوت زۆر گرنگە، کە رەنگە لە رێگەی ئەو وەزارەتەوە کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت چارەسەر بکرێ".

## به ناردنەوەی بودجەی كوردستان

# بەغدا نیازپاکی پیشاندەدات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

دوای ئەوەی کورد گەڕانەوە بەغدا بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق و جارێکی دیکە ئاڵانەوە لە پرۆسەی ئاڵۆزی سیاسیی ئەو وڵاتە، پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سلێمانی کۆبوونەوە بۆ ئەوەی یەکدەنگییەک دروستبکەن بۆ گفتوگۆکانی خوێندنەوە و پەسەندکردنی بودجەی گشتیی عێراق. داواش لە حکومەتی باشووری کوردستان دەکەن، وردەکاریی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا دەستپێبکات.

ئاڵا تاڵەبانی، پەرلەمانتاری یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ گرنگیی کۆبوونەوەکەی ئەوان ئەوەبوو کە توانیان هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان قسەیان یەکبخەن و پێکەوەبن بۆ تێپەڕاندنی بودجەی 2014ی عێراق کە ئێستا لیژنەیەکی بۆ دروستکراوە "ئەم لیژنەیەی ئێمە دواتر چەند پێشنیازێک گەڵاڵە دەکات و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان باسیدەکەن تا بزانن ئەوان تێبینییان چییە لەسەر بودجە و مەرجەکانی کورد چین".

تاڵەبانی نیگەرانە لەوەی، بەشێک لە پەرلەمانتارە عێراقییەکان تاوەکو ئێستاش کورد تۆمەتبار دەکەن بە دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە "بەڵام بەو کۆبوونەوەیە پەیامێکیشمان ناردە بەغدا کە ئێمە دژی پەسەندکردنی بودجە نین". ماوەی 8 مانگە پرۆژە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014 لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی بەغداوە رەوانەی پەرلەمان کراوە و جگە لەوەی خوێندنەوەی بۆ کراوە، 3 جاریش دەستکاری ئەو پرۆژە یاسایە کراوە. بڕی ئەو بودجەیە 174 ترلیۆن و 800 ملیار دینارە و بەشی کوردستان 18 ترلیۆن و 700 ملیۆن دینارە. بەڵام کورد ئێستا کێشەیەکی دیکەشیان لەگەڵ بودجەی عێراق هەیە سەرباری ئەو ناکۆکییە کەڵەکەبووانەی لە 11 ساڵی رابردوودا نەتوانرا چارەسەر بکرێن. کورد هەمیشە ناڕازی بوو لەو بەشەی لە بەغداوە پێیدەدرا، بەڵام نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا ئەویشی بڕی و زۆربەی دەرگاکانیشی لە ئاسمان و زەمین لەسەر کورد داخست.

ئەحمەد رەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتی "پێویستە لە بابەتی بودجە و نەوتی کوردستان، سەرۆک کۆماری عێراق رۆڵی خۆی ببینێ و رۆژی سێشەممەش ئەندامانی لیژنەکە کە تایبەتە بە مەسەلەی بودجە دیاری دەکەین".

ئەحمەد رەشید، پێیوایە ئەوەی پێویستە ئەوان وەک پەرلەمانتاران لێی تێبگەن بەرلەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق و دانیشتنی لیژنەکە دەست پێبکات، ئەوەیە کە بزانن "ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بابەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان و بەشە بودجەی خۆی لە عێراق چۆن بەیەکەوە گرێدەدات و گرفتی نەوت چۆن چارەسەر دەکات".

بەپێی پرۆژەی بودجەی 2014ی عێراق، هەر هەرێمێکی عێراق نەوت بفرۆشێت، بڕی ئەو نەوتەی فرۆشتوویەتی لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە دەخەمڵێنرێت و دواتر ئەو پارەیە لە بەشە بودجەکەی دەبڕدرێت. هەروەها دەبێت کورد لەو پارەیەی نەوت کە فرۆشتوویەتی، خۆی پارەی گەڕان و پشکنینی کۆمپانیاکانی نەوت بدات کە بەمەش وەک پەرلەمانتاران باسیدەکەن، رەنگە لە بودجەکەی تەنیا 9 تریلیۆن دیناری بۆ بمێنێتەوە.

بەڵام ئەحمەد رەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ ئەوەندەی ئەوان تێبینییان کردووە، ئێستا بەشێکی زۆر لە شیعەکان هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی هەماهەنگی لەگەڵ کورد بکەن و کێشەی بودجە هێندە گەورە نەکەن "هەموو کوتلەکان دەیانەوێ بە زووترین کات بودجە تێپەڕێنرێ، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیان بە رازیبوونی کورد هەیە تاوەکو سەرۆک وەزیران یەکلایی ببێتەوە".

ئەندامێکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ یەکەمین کاری حکومەتی نوێی عێراق ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبێت بۆ ئەوەی نیازپاکیی خۆی پیشانی کورد بدات و لە پرۆسەی سیاسی نەچێتە دەرەوە "هەرکەس ببێتە سەرۆک وەزیران، بودجەی هەرێمی کوردستان دەنێرێتەوە و ئەوەشیان بە کورد گوتووە، تەنانەت ئەگەر مالیکیش ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران، بەڵام قسەی کورد چییە و مەرجەکانی چین، ئەوە حکومەت دیاری دەکات". د.بایەزید حەسەن، هەروەها دەڵێ بودجە بابەتێکی ساڵانەیە و بۆ ساڵێکە، بڕواناکەم کورد بیکاتە مەرجی بەشداریکردن لە حکومەت.

بەڵام ئاڵا تاڵەبانی دەڵێت گفتوگۆی جددی لەسەر بودجە دەکەن "تەنانەت رێککەوتووین لەسەر ئەوەش کە ئەمجارە داوای بودجەی کەرکووک و خانەقین و زوممار و ئەو ناوچانەش بکەین کە لە دوای رووداوەکانی موسڵەوە کەوتوونەتە دەست پێشمەرگە".



# سیناریۆکانی دیاریکردنی بەربژێری سەرۆک وەزیران

**ئاسۆ فیشەکگی**
**رووداو- هەولێر**

پرسی دەستنیشانکردنی بەربژێر بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، ئێستا زیاتر لە پێشوو بووەتە مژاری نێو کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە و سوننە و کورد، بە تایبەت دوای ئەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار یەکلابوونەوە.

بەپێی ماددەی 76ی دەستووری عێراق، پێویستە لەسەر سەرۆک کۆمار لە رۆژی هەڵبژاردنییەوە تاوەکو 15 رۆژ گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو راسپێرێ.

دەستنیشانکردنی بەربژێری ئەو پۆستە بۆ پێکهاتەی شیعە یەکلابووەتەوە، بەڵام پێویستە چەند تەگەرەیەک ببەزێنێ بۆ بەئەنجام گەیشتن، ئەویش دیاریکردنی گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمانە کە یەکلانەبووەتەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی بەربژێرێک لە نێو ئەو فراکسیۆنە کە ئەویش بە هەمانشێوە یەکلانەبووەتەوە، لە هەمووی گرنگتر بەربژێر بۆ سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی داهاتوو کە جێی رەزامەندی هەموو لایەنەکان بێت و دەنگی پێویست بۆ پێدانی متمانە بە حکومەتەکەی مسۆگەر بکات.

سووربوونی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەر لەسەر خۆبەربژێرکردنەوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران بۆ جاری سێیەم، ئەگەری کەرتبوونی یەکڕیزی و تێکچوونی نێو ماڵی شیعەی لێدەکرێت.

خالید ئەسەدی، سەرکردەی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا کە نووری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، بە (رووداو)ی راگەیاند "دەستنیشانکردنی بەربژێر بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق بەندە بە دەستنیشانکردنی گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان، ئەو پرسەش دەبێ دادگای فیدراڵیی عێراق یەکلایی بکاتەوە، هەرچەندە پسپۆڕانی یاسایی جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەوڵەتی یاسا گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمانە". گوتیشی دوای یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە دانوستاندنی جددی دەستپێدەکەین بۆ دەستنیشانکردنی بەربژێر بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق".

هەرچەندە دەبێ هاوپەیمانیی نیشتمانی تاوەکو 10/8/2014 بەربژێری خۆی بۆ سەرۆکایەتی وەزیران دیاری بکات، بەڵام خالید ئەسەدی دەڵێت "پێشهاتەکان لەسەر ئەرزی واقیع دەڵێن لایەنە سیاسییەکان ناتوانن پابەندی ماوەی دەستووریی دەستنیشانکردنی بەربژێر بۆ سەرۆکایەتی حکومەت بن".

ئەمیر کەنانی، سەرکردەی رەوتی سەدر بە (رووداو)ی راگەیاند "هاوپەیمانیی نیشتمانی هێشتا پرسی دەستنیشانکردنی بەربژێری بۆ سەرۆکایەتی حکومەت یەکلایی نەکردووەتەوە، چونکە دەوڵەتی یاسا سوورە لەسەر بەربژێرکردنەوەی مالیکی".

### کاریگەری مەرجەعەکانی شیعە

ئەمیر کەنانی باسی رۆڵ و کاریگەریی مەرجەعە شیعەکان دەکات لە یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە و دەڵێت "مەرجەعییەت پێشتر ناڕەزایی بەرامبەر پرۆسەی سیاسی و بەرپرسانی باڵای عێراق دەربڕی، چونکە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە مەرجەعییەت ئامادە نییە پێشوازی لە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بکات و لەگەڵیان کۆببێتەوە، هاوکات مەرجەعییەتەکان لە وتاری نوێژی هەینی راستەوخۆ داوایان لە بەرپرسانی باڵای عێراق کرد دەستبەرداری پۆستەکانیان بن ئەگەر بوونە تەگەرە لە پێش پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو".

خالید ئەسەدی گوتی "مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف بەهیچ شێوەیەک باسی لە دەستنیشانکردنی بەربژێرێکی دیاریکراو نەکردووە بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق و تەنیا رێنمایی داوە و داوای پەلەکردنی کردووە لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بە رەزامەندی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان. دەوڵەتی یاساش بەپێی توانا پابەندی رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی مەرجەعییەت دەبێ".

دەوڵەتی یاسا لەلایەک و رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە لە ململانێیەکی درێژخایەندان بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو دووە بڕیاری چارەنووسساز بدەن و لەبری هاوپەیمانیی یەکدی هاوپەیمانی لەگەڵ کورد و سوننە ببەستن بۆ خۆپاراستن لە تۆمەتی کەرتکردنی یەکڕیزی شیعە، لەکاتێکدا دەوڵەتی یاسا دەڵێ لە کۆی 180 کورسی هاوپەیمانی نیشتمانی لە پەرلەمان 120 کورسی هی ئەوانە.

چەند کەسایەتییەک وەک بەربژێری چاوەڕوانکراو بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دەخرێنەڕوو، ئەوانەش جگە لە نووری مالیکی بریتین لە ئەحمەد چەلەبی و عادل عەبدولمەهدی کە هەردووکیان بەربژێری رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامین و لانیکەم 75کورسی پەرلەمانیان لەپشتە، جگە لە خستنەڕووی تارق نەجم، بەڕێوەبەری نووسینگەی نووری مالیکی و سەرکردەی دیاری حیزبی دەعوە.

جگە لەو کەسایەتیانەش نێوەندە سیاسییەکانی عێراق باس لە ئەگەری بەربژێرکردنی هادی عامری، سەرۆکی رێکخراوی بەدر دەکەن، چونکە رێکخراوەکەی عامری خاوەنی 22 کورسی پەرلەمانە و دوای حیزبی دەعوەی مالیکی دووەم هێزی نێو دەوڵەتی یاسایە و هاوپەیمانی نزیکی ئێرانە و خاوەنی هێزێکی سەربازی تایبەتیشە کە مالیکی بۆ شەڕی داعش پشتی پێدەبەستێ.

لە هەڤپەیڤینێکی (ڕووداو)دا

ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغڵو، بەربژێری ڕکابەری ئەردۆغان بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا:

# هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ بارزانی نەبێت




نابێ لەیاد بکەین کە نیشتیمان تورکیایە و زمانی فەرمیش تورکییە

پرۆفیسۆر د.ئەکمەلەدین ئیحسان ئۆغڵو کە هەردوو پارتی گەلی کۆماری CHP و پارتی بزووتنەوەی نەژادپەرست MHP وەک پاڵێوراوی هاوبەشی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا دەستنیشانیان کردووە، ڕوونکردەوە دەدات لەبارەی لێدوانەکەی خۆی کە پێشتر گوتبووی "کوردی زمانی زانست نییە" و دەڵێت "ئەم قسەیەم بەهەمانشێوە بۆ زمانی تورکیش گونجاوە، بەڵام دەکرێ بەتێپەڕبوونی کات ئەم قۆناغەی زمان تێبپەڕێنرێت".
ئیحسان ئۆغڵو لەبارەی خوێندن بە زمانی کوردیش دەڵێ "زمان تەنیا بە ئاخاوتن پێشناکەوێت، بەڵکو بە خوێندن و نووسین پێشدەکەوێت، بۆ ئەوەش کە منداڵان بتوانن بەو زمانە بنووسن و بخوێننەوە، خوێندن مەرجە".
ئیحسان ئۆغڵو کە ئێستا سەرگەرمی هەڵمەتی هەڵبژاردنە، دەربارەی پرسی کورد لە تورکیا و کۆمەڵێک پرسی دیکە وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیامنێری (ڕووداو) دەداتەوە.

ئینان گەدیک
ڕووداو- ئەنقەرە

**ڕووداو: لەم هەڵبژاردنەی سەرۆک کۆماری تورکیادا لەبەرامبەر پاڵێوراوێکی بەهێز خۆتان پاڵاوتووە، چانسی دەرچوونتان چۆن دەبینن؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** من چانسی خۆم باش دەبینم، چونکە ئێمە لەچوارچێوەی سیستمێکی پەرلەمانیدا سەرۆک کۆمارێک هەڵدەبژێرین کە یەکگرتوویی گەلەکەمان دەستەبەر بکات، لەبەر ئەوە پێویستە سەرۆک کۆمار بێلایەن بێت و هەموو لایەک لەباوەش بگرێ و نوێنەرایەتی پەیمانێکی هاوبەش بکات. لەسەر بنەمای دەستپێشخەریی دوو پارتی بنچینەیی، بیرجیاوازیی پەرلەمانەکەمان، 13 پارت کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە من وەک پاڵێوراوی خۆیان هەڵبژێرن.

ئەو پاڵێوراوەش کە گوتتان پاڵێوراوێکی بەهێزە، دەیەوێت پۆستی سەرۆک کۆماری لەژێر دەستی تاکە حیزبێکدا بهێڵێتەوە و وڵات بەرەو سەرۆکایەتییەکی زۆرەملێ ببات، میللەتەکەمان لە دژی ئەوەیە وڵات لەلایەن تاکە پیاوێکەوە بەڕێوەببردرێت، دڵنیام لەمە بۆیە متمانەم بە میللەتەکەم هەیە.

**ڕووداو: لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا شێوازە نەرمەکەتان جێی سەرنج بوو، ئەگەر بوونە سەرۆک کۆماریش لەسەر هەمان شێوازی نەرم دەمێننەوە؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** هاونیشتیمانییەکانمان زۆر ماندوون لە سیاسەتی پشێوی و پۆلبەندکردن، خەڵک کێشە و خەمی زۆریان هەیە، خەمی نان، سیاسەتڤانان دەبێت کار لەسەر ئەم کێشانە بکەن، خەڵک ئارامی و تەناهییان دەوێت، لە کاتی بوونم بە سەرۆک کۆماریش لەسەر هەمان شێوازی نەرم بەردەوام دەبم و لەگەڵ هەموو لایەک کاردەکەم لەپێناوی خستنەگەڕی بیرێکی هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئارامی و خۆشگوزەرانیی میللەتەکەمان.

**ڕووداو: ئەگەر بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێن، پەیوەندیتان لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان چۆن دەبێت؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** کاتێک بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرام، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی تەواو ئاساییدا لەگەڵ سەرۆکوەزیران لە هەوڵی هاوبەشدا دەبین بۆ بەرەوپێشبردنی میللەتەکەمان، ساڵانێکی زۆرە بەڕێز سەرۆکوەزیران دەناسم، بیرتان نەچێت من کەسێکم کە بە ڕاستی باوەڕم بە بێلایەنیی سەرۆک کۆمار هەیە و هەرواش دەمێنمەوە، ئەو حکومەتە حکومەتی من و تەواوی میللەتەکەمە.

**ڕووداو: ئەگەر پاڵێوراوی پارتی دیموکراسی گەلان HDP بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن نەمایەوە، بەڕای ئێوە دەنگدەرانی ئەو پارتە دەنگ بە کێ دەدەن؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** هیوای سەرکەوتن دەخوازم بۆ بەڕێز دەمیرتاش، لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنیش پەیوەندیم پێیەوە کرد و هیوای سەرکەوتنم بۆی خواست، هاوڕێیەکی زۆر مەدەنیمانە. مەسەلەی دەنگدان دەگەڕێتەوە بۆ میللەتەکەمان. ئەگەر بەڕێز دەمیرتاشیش بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکە نەمایەوە، بەدڵنیاییەوە دەنگدەرەکانی پشتیوانی لە من دەکەن، چونکە هیچ گومانێکم نییە لەوەی ئەو دەنگدەرانە دژی ئەوەن دەوڵەت لەلایەک تاکە کەسێکەوە بەڕێوەببرێت و دەنگ بە پاڵێوراوێک دەدەن کە ڕێز لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بگرێت، متمانەم پێیان هەیە.

**ڕووداو: لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان AKPـەوە پڕۆسەیەکی چارەسەریی لە تورکیا بۆ پرسی کورد بەردەوامە، ئەردۆغان ئەوەی ئاشکرا کرد ئەگەر بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێت پڕۆسەکە هەر بەردەوام دەبێت، ئەگەر ئێوە هەڵبژێردرێن ئەو پڕۆسەیە چی بەسەر دێت؟**

> دەمانەوێ پرۆسەی ئاشتی لەژێر دەستی ئەو دوو لایەنە دەربهێنین کە دەستیان لەسەر پەلەپیتکەیە

**ئیحسان ئۆغڵو:** منیش گوتوومە کە پشتیوانی لە ئاشتی دەکەم، ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین ئاشتی ئەوەیە پڕۆسەکە دەربهێنین لەژێر دەستی دوو لایەن کە دەستیان لەسەر پەلەپیتکەیە و بە گومانەوە سەیری یەکدی دەکەن. دەبێت ئاشتەواییەک بەدیبهێنین کە تەندروست و ڕاستینە بێت، وەکو پێشتریش گوتوومە ئاشتییەک بێت سازانی گەل و پەرلەمانی لەسەر بێت، ئاشتییەک کە کەموکورتیی هەبێت و لایەنی دڵگرانی تێدا بێت ئاشتی نییە. من دەمەوێت سوود لە پێگەی سەرۆک کۆمار وەربگرم کە نوێنەرایەتی یەکێتیی گەل دەکات بۆ دانانی بنیادێکی بەهێز بۆ پڕۆسەکە.

**ڕووداو: لێدوانێکتان سەبارەت بە زمانی کوردی کە گوتبووتان "کوردی زمانی زانست نییە" کاردانەوەی هەندێک لەلایەنە کوردییەکانی لێکەوتەوە، بۆچی کوردی زمانی زانست نییە؟ ناکرێت منداڵان بە کوردی بخوێنن؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** ئەمە یەکێک بوو لە لێدوانەکانم کە زۆرکەس بە هەڵە لێیتێگەیشتن یان با بڵێم لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کرا. من باسم لەوە کرد کە بەدرێژایی مێژوو ئەو کۆمەڵگایانەی زانستیان بەرهەمهێناوە، لە هەمان کاتدا هەوڵیانداوە زمانەکەیان بکەنە زمانی زانست. سەردەمێک فارسی، عەرەبی، تورکی، کوردی لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتنە ڕۆژئاوا، بەڵام دواجار زمانە ڕۆژئاواییەکان توانیان ببنە زمانی زانست.

لەم ڕوانگەیەوە بەداخەوە ئەمڕۆ زمانی کوردی ئەو کێشەیەی هەیە، زمانی تورکیش، سەرباری ئەو هەموو کارە زانستیانەی بۆی کراوە، هێشتا هەر ئەو کێشەیەی هەیە. کەوابوو، بوون بە زمانی زانست هەوڵێکی زۆری دەوێ، پەنابەخوا بێگومان ئەو ڕۆژانەش دەبینین.

لەلایەکی دیکەوە خوێندن بە کوردی بێگومان دەبێت، زمان تەنیا بە ئاخاوتن پێشناکەوێت، بەڵکو بە خوێندن و نووسین پێشدەکەوێت، بۆ ئەوەش کە منداڵان بتوانن بەو زمانە بنووسن و بخوێننەوە، خوێندن مەرجە. بێگومان نابێت ئەوەش لە یادبکەین کە نیشتیمان تورکیایە و زمانی فەرمیش تورکییە.

**ڕووداو: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزی و پشێوییەکی تەواو هەیە، لەم ڕووەوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** وەک دەبینین زۆر دەوڵەت کە دراوسێمانن یان دراوسێمان نین، خزاونەتە نێو ئاڵۆزی و شەڕێکی بێسوودەوە. دەبینین کە نەتوانراوە ئەم پێکهاتە ئاڵۆزە وەکو پێویست بەڕێوەببرێت و بەبێ حیسابکردن بۆ دەرهاویشتەکان هەنگاو نراوە. ئەمە مەترسی دروستکردووە. ناکرێ سیاسەتی دەرەوە وەک سیاسەتی نێوخۆیی بەڕێوەببردرێت، سیاسەتی دەرەوە هەڵە قبوڵ ناکات. پێویستە چی زووە کاربکرێت بۆ ئەو ئامانجانەی کە بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێمە و گەلانی ناوچەکە لەبەرچاو دەگرن و دەبنە هۆی ئەوەی ئاشتی باڵبکێشێت بەسەرماندا.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان هەوڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەدات، ئێوە چۆن لەم هەوڵە دەڕوانن؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** بەداخەوە سیاسەتی فریودانی مەزهەبی و ئاینی و ئەتنیکی، بوونە هۆی ئەوەی عێراق ببێتە گۆماوی خوێن و گەلانی ئەو وڵاتەش ببنە دوژمنی یەک. من بڕوام وایە کە پێویستە هەتا دوا سنوور کاربکرێت بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی وڵات لە چوارچێوەی ئاشتیدا.

**ڕووداو: ئەگەر بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردران، پەیوەندیتان لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی چۆن دەبێت؟**

**ئیحسان ئۆغڵو:** سیاسەتی دەرەوەی میللیمان دەڵێت "ئاشتی لە وڵات، ئاشتی لە دونیا" و ئەمە زۆر لەلامان بەهادارە، ئەگەر بوومە سەرۆک کۆماریش لەم چوارچێوەیەدا هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باشمان نەبێت.

## ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغڵو کێیە؟

- سکرتێری گشتی پێشووی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و بەربژاری هاوبەشی پارتی گەلی کۆماری CHP و پارتی بزووتنەوەی نەژادپەرست MHP بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا.
- ساڵی 1943 لە قاهیرە لە دایکبووە. باوکی دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ئیستەنبوڵەوە چووەتە قاهیرە.
- لە زانکۆکانی عەین شەمس لە میسر و ئەنقەرە لە تورکیا و ئێکسیتەری بەریتانیا خوێندوویەتی و نازناوی پرۆفیسۆری بەدەستهێناوە لە بواری مێژووی زانستی تورکی.
- لە زانکۆی ئەزهەر وەک وانەبێژ کاری کردووە.
- ساڵی 1970 گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا و لە زانکۆکانی ئەنقەرە و ئیستەنبوڵ کاری کردووە.
- ساڵی 1980 بووە بە سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی مێژوو و هونەر و کەلتووری ئیسلامی کە لە لایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییەوە دامەزراوە. ماوەی 25 ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە.
- ساڵی 2005 بە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی هەڵبژێردراوە و هەتا 2014 لەو پۆستەدا بەردەوام بووە.
- ژمارەیەکی زۆر لە هۆنراوەی شاعیرە تورکەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- بێ لە زمانی تورکی، هەر یەک لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فەرەنسی و فارسی دەزانێت.
- ئیحسان ئۆغڵو خێزاندارە و خاوەنی 3 منداڵە.



رووداو کوردستانی
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4




## زمانی کوردی لە ورمێ قەدەخە دەکرێت

**رووداو– ورمێ**

شارەوانیی ورمێ لە ئاگادارییەکدا داوای لە تێکڕای خاوەن دووکان، کەرتە پیشەیی و خزمەتگوزارییەکانی ناو شاری ورمێ کردووە، کە دەبێ ناوی ئازەری یان فارسی لەو شوێنانە بنێن. ئەم بڕیارەی شارەوانیی ورمێ، شوێنە گشتیەکانی نێو شاری ورمێش لەخۆ دەگرێت. هەروەها شارەوانیی ورمێ بڕیاری گۆڕینی ناوی شەقام و شوێنە گشتییەکانی دەرکردووە. ئەم بڕیارەش ئەم گەلاڵە لە ناوەندە ئەمنییەکانی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا دەرچووە و، لەلایەن شووڕای شاری ورمێوە جێبەجێ دەکرێت.

### سالح موسلیم، هاوسەرۆکی PYD:

# چەکمان لە داعش کڕیوە



### ئەورووپا جیهادییەکان پەروەردە دەکات

**ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ**
**رووداو– بەرشلۆنە**

سالح موسلیم، سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD هۆشداری دەدات و دەڵێت ئەورووپا بووەتە مۆڵگەی جیهادییەکان و بە هەزاران چەکداری بۆ شەڕی سووریا ناردووە. هەروەها رەخنەی توندی ئاراستەی تورکیا کرد کە رێگە بە جیهادییەکان دەدات بۆ دیوی سووریا بپەڕنەوە.

موسلیم لە ئەورووپایە بۆ ئەوەی قەناعەت بە سەرکردەی ئەو وڵاتانە بهێنێ کە ئەگەر دەیانەوێ توندڕۆیی ئیسلامی لە ئەورووپا لەناوببەن، پێویستە یارمەتی PYD بدەن بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).

سەرۆکی PYD لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ پەرلەمانتارانی هەرێمی کەتەلۆنیا لە بەرشلۆنە گوتی: "دیموکراسی ئەورووپا نابێ لە دوای سنوورەکانی ئەو کیشوەرە کۆتایی بێت. ئەگەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراسیی تێدا بەرقەرار نەبێت، ئێوەش لێرە لە ئارامیدا نابن". موسلیم هەروەها گوتی "4000 جیهادی لە ئەورووپاوە هاتوونەتە سووریا بۆ شەڕ لە دژی ئێمە".

هێزی پاراستنی گەل YPG و هێزی پاراستنی ژنان YPJ، کە باڵی سەربازیی PYDن، دەسەڵاتی سەربازیی رۆژئاوای کوردستانیان لە ئەستۆ گرتووە. دوای کشانەوەی سوپای سووریا لە 2012، ئەو هێزانە جێگیرکراون و لەگەڵ گرووپە جیهادییەکانی داعش و نوسرە کەوتوونەتە شەڕەوە.

قویم ئاروفات، یەکێک لەو پەرلەمانتارانە بوو کە گوێی بۆ سالح موسلیم راگرتبوو، دەڵێت "سەرۆکی PYD تورکیای بەوە تۆمەتبار کرد کە رێگە بە جیهادییە چەکدارەکان دەدات لە سنووری تورکیاوە بپەڕنەوە دیوی سووریا".

سالح موسلیم دەڵێت "تورکیا رایگەیاندووە کە داعش و هێزە جیهادییەکان بۆ تورکیا و ناوچەکە مایەی مەترسین، بەڵام لە راستیدا تورکیا خۆی رێگە بە ئەندامانی داعش دەدات سنوور ببڕن، چەند جارێک ئەو بابەتەمان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا باس کردووە".

سالح موسلیم لە بەرشلۆنە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کەتەلۆنیا، نووریە دی گیسپێرت و ئەندامی پارتە سەرەکییەکان کۆبووەوە.

لە دانیشتنێکی سەنتەری کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرشلۆنە، سالح موسلیم باسی لەو پرسانە کرد کە کاریگەرییان لەسەر سێ کانتۆنەکەی رۆژئاوای کوردستان هەیە، واتە کۆبانێ و جزیرە و عەفرین کە PYD تێیدا سەربەخۆیی راگەیاندووە.

موسلیم گوتی PYD هەوڵدەدات سیستەمی دیموکراسی بەرقەرار و پێڕەو بکات، بەڵام دانیشی بەوەدانا کە هەڵەیان کردووە.

ئەو گوتی "بەدڵنیاییەوە ئێمە هەڵەمان کردووە، چونکە لە ژێر دەسەڵاتێکی سەرکوتکار و نادیموکراتدا ژیاوین و ئەزموونی دیموکراسیمان نەبووە. بە تایبەت لە پرسی مافی مرۆڤدا دەبووایە هەڵە نەکەین کە کردوومانە. خەڵک دەبێ فێر و پەروەردە بکرێت، ئێمە داوا لە هەمووان دەکەین کە فێری دیموکراسیمان بکەن".

رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ رەخنەی لە ئیدارەی کوردی رۆژئاوا گرتووە کە بە شێوەیەکی تاکڕۆیانە ئەو ناوچانە بەڕێوەدەبات و لێکۆڵینەوەی پێویستی لە کەیسی کوشتن و بێسەروشوێنبوونی چالاکڤاناندا نەکردووە.

لە هەمانکاتدا، رێکخراوەکە بە ئەرێنی باسی پێشڤەچوونەکان دەکات لە رۆژئاوا، لەوانەش هەڵگرتنی سزای لەسێدارەدان و هەوڵدان بۆ دانانی دەستوورێک کە پاراستنی مافەکانی مرۆڤی تێدا بەرجەستەکراوە.

سالح موسلیم چەند جارێک سەردانی ئەورووپای کردووە بۆ بە دەستهێنانی پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەو دەڵێت تەنیا ئەمجارەیان کە هێزەکانی داعش شاری موسڵیان گرت، ئەورووپا بە خۆ هاتەوە و قسەکانی ئەوانیان بە هەند وەرگرت.

ئەو گوتی "ئێمە دوو ساڵە داوا لە ئەورووپا دەکەین کە دژ بە داعش یارمەتیمان بدات. بەڵام کەس قسەی لێوەرنەگرتین. نزیکەی ساڵێکە لە شاری کۆبانێ شەڕی داعش دەکەین، کەچی سوپای عێراق بەرگەی 24 کاژێری ئەوانی نەگرت".

جەلیل تەمۆ، کە کوردێکی سوورییە و دەمێکە لە ئیسپانیا دەژیت، زۆر خۆشحاڵە بەوەی رۆژئاوا بەرەنگاری داعش بووەتەوە. ئەو دەڵێت: "بە لای منەوە گرنگترین شت ئەوەیە کە ئەندامانی ماڵەوەمان لە کۆبانێ لە ئەماندان و دەستی تیرۆریستانی داعشیان پێناگات. خۆ ئەگەر گەریلاکانی کورد لەوێ نەبوونایە، بە دڵنیاییەوە چەکدارە جیهادییەکان ئەوەی خراپە بە کوردیان دەکرد".

سالح موسلیم لەبارەی پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و ریفراندۆمەوە گوتی "هەر بەشەی کوردستان بارودۆخی خۆی هەیە. ئەگەر لە باشووری کوردستان خەڵک دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدات، بە دڵنیاییەوە ئێمە رێزی لێدەگرین".

لەبارەی پرسی سەربەخۆیی لە رۆژئاوای کوردستان سالح موسلیم گوتی "ئێمە پێمانوایە کاتی سەربەخۆیی بۆ کوردستانی رۆژئاوا نەهاتووە. خەڵکی دیکەش دەبێ رێز لەوەی ئێمە دەیکەین بگرن. ئێمە پێویستە لە چوارچێوەی سووریایەکی دیموکراتدا بین".

### هێشتا زووە بۆ سەربەخۆیی رۆژئاوای کوردستان

### 4000 ئەورووپی لە ریزەکانی داعشدان



### YPG چەک لە داعش دەکڕێت

سەرۆکی PYD گوتی سێ کانتۆنەکەی رۆژئاوا هەموو شتێکیان پێویستە و داوای هاوکاریی نێودەوڵەتی کرد.

ئەو گوتی: "بەر لە هەر شتێک ئێمە پێویستمان بەوەیە کە داکۆکی لە خۆمان بکەین، ئەوەش بە چەک دەکرێت. ئێمە پێویستمان بە چەکی قورس هەیە، چونکە ئەوەی داعش لە موسڵەوە هێناویانە چەکی گەورە و پێشکەوتووە کە زۆربەی لە ئەمەریکاوە هاتووە. ئێمە چەک لە بازاڕی رەش دەکڕین. جاری واش هەبووە چەکمان لە داعش کڕیوە، ئەوان چەکێکی زۆریان هەیە، یەکجار زۆر".

### مستەفا جومعە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا:

# بڕیاری هەڵگرتنی چەکمان نەداوە

■ مستەفا جومعە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان– سووریا دەڵێ لەپاش رووخانی رژێمی ئەسەد ئۆپۆزیسیۆنی سووریا مافەکانی کورد قبوڵ دەکات. جومعە پێشتر سەرۆکی پارتی ئازادی کورد لە سووریا بوو. پارتەکەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا و سێ گرووپی دیکە لە مانگی نیسانی ئەمساڵ یەکیانگرت. مستەفا جومعە دەڵێت هەزاران چەکداری مەشقپێکراویان هەیە و لە داهاتوویەکی نزیکدا پارتەکەیان لە PYD بەهێزتر دەبێت. جومعە کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ کوردی رۆژئاوا لە دانیمارکە، قسەی بۆ (رووداو) کرد.

هەڤپەیڤین: دەنیز سەرینجی

**رووداو: بەم دواییە چوار پارت یەکیانگرت لە ژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا. ئامانجی ئەم پارتە چییە؟**

**مستەفا جومعە:** یەکگرتنی ئەو چوار پارتە بەمەبەستی دروستکردنی پارتێکی نوێی سیاسی بەهێز بوو کە هەوڵ بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد دەدات، لە چوارچێوەی سووریایەکی فیدراڵیدا.

**رووداو: کەواتە ئێوە داوای سەربەخۆیی ناکەن؟**

**مستەفا جومعە:** نەخێر، ئێمە دەستوورێکی نوێمان لە سووریا دەوێ کە باس لە مافەکانی کورد بکات. پاش ئەوە، چاوەڕێ دەکەین تا بزانین فیدراڵی دەبێت یان ئۆتۆنۆمی.

**رووداو: ئێستا کۆبانێ لەژێر هێرشێکی توندی دەوڵەتی ئیسلامیدایە. بۆچوونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

**مستەفا جومعە:** ماوەیەکی زۆرە دەوڵەتی ئیسلامی هێرش دەکاتە سەر کۆبانێ و بارودۆخەکە زۆر مەترسیدارە. لەوبڕوایەدا نیم دەوڵەتی ئیسلامی بەتەنیا ئەو هێرشانە بکات. دەوڵەتی ئیسلامی پرۆژەیەکە کە وڵاتانی ناوچەکە وەک رژێمی بەشار و ئێران و ئەوانی دیکە دەستیان تێیدا هەیە. دەیانەوێ ئەو پێشکەوتنانەی کورد بەدەستی هێناون لەبار بەرن. ئێستا دەوڵەتی ئیسلامی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کۆبانێی کۆنترۆڵ کردووە. بەڵام لەڕووی جوگرافییەوە ئەم ناوچانە جیاوازن و کۆبانێ لە ناوەڕاستدایە. ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی کۆبانێ کۆنترۆڵ بکات لەپێناو پێکەوە بەستنەوەی ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵیان کردووە، کورد بێ ماڵ و حاڵ و ئاوارە دەبن. بۆیە ئەوە بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار و هەستیارە.

**رووداو: نیازی وڵاتانی ناوچەکە چییە بە ئێرانیشەوە؟**

**مستەفا جومعە:** رێگریکردنی کورد لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی سووریا. ئێران دەترسێ ئەو هەنگاوە ببێتە هۆی هاندانی کوردی وڵاتەکەی خۆی. ئەوە بەشێکە لە پرۆژەکەیان لە دژی کورد، نەک تەنیا لە دژی کۆبانێ، بەڵکو لە دژی هەموو رۆژئاوا.

**رووداو: ئایا پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا هێزێکی چەکدارە؟**

**مستەفا جومعە:** هێشتا بڕیاری چەک هەڵگرتنمان نەداوە. ئەگەر ببینە هێزێکی چەکدار ئەوا پشتگیری کوردی سووریا دەکەین. بە هەزاران خەڵکمان هەیە. پێشمەرگەکانمان لە کوردستانی عێراق مەشقیان پێکراوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا لە PYD بەهێزتر دەبین.

**رووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ PYD چۆنە؟**

**مستەفا جومعە:** PYD پرۆژەیەکی غەریبە بە ناوچەکە و لەلایەن بەشار ئەسەدەوە پشتگیری دەکرێت. نایەوێت گرووپەکانی دیکە چالاکی سیاسی بکەن. PYD دەیەوێت هەموو کەسێک لە ژێردەستی ئەوان کاربکات و دوژمنایەتی پارتەکانی دیکە دەکەن.

**رووداو: کاریگەری ئەوە چییە لەسەرتان؟**

**مستەفا جومعە:** ناتوانم بگەڕێمەوە رۆژئاوا. لە 12ی حوزەیران لەلایەن PYDوە دەستگیرکرام کاتێک هەوڵمدا بگەڕێمەوە رۆژئاوا. هەروەها هەندێک لە هاوڕێیانمان لەلایەن PYDوە دەستگیرکراون و یەکێک بەناوی بەهزاد دۆرسین بێسەروشوێنە. ئێمە کوشتارەکەی هاوینی رابردووی عامووده‌مان لەبیرناچێت.

### ئۆپۆزیسیۆنی سووریا مافەکانی کورد قبوڵ دەکات

### داوای سەربەخۆیی بۆ رۆژئاوای کوردستان ناکەین

**رووداو: PYD دەڵێ ئەوانەی دەیانەوێ لە رۆژئاوا خەبات بکەن، دەتوانن لەژێر باڵی یەکینەکانی پاراستنی گەل ئەوە بکەن. بۆچی ئێوە ئەوە ناکەن؟**

**مستەفا جومعە:** دەمانەوێت بەشێوەیەکی دیموکراتیانە رێگەمان پێبدرێت پارتی خۆمان هەبێت. سەرەڕای ئەوەش PYD و یەکینەکانی گەل هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردبوونەوە نییە.

**رووداو: مەبەستت چییە؟**

**مستەفا جومعە:** PYD مانای یەکێتی دیموکراتیە و یەکینەکانی گەل مانای یەکەکانی پاراستنی گەل. هیچ شتێک بەناوی کوردەوە لە ناوەکانیاندا نییە. دروستبوونی PYD ئەنجامی شۆڕشێکی کوردی نەبووە لە رۆژئاوا. هیچ شۆڕشێک نییە لەوێ. ئەوانە هەموو قسەی بەتاڵ و بێ مانان. PYD شەڕی نەکردووە تاوەکو ئەو ناوچانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. ئەسەد ئەو ناوچانەی پێداون و PYD بە پشتیوانی ئەسەد لەو ناوچانە بەهێز بووە.

**رووداو: بەڵام تۆ گوتت پارتەکەتان پێشمەرگەی مەشقپێکراوی هەیە. کەواتە بۆچی بەشداری ناکەن لەو شەڕانە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی؟**

**مستەفا جومعە:** PYD رێگە بەهیچ کەس نادات جگە لەخۆیان. دەیانەوێت هەموو کەس بەشێک بێت لە یەکینەکانی گەل. ئێمە بەهێز هێزەکانمان نانێرینە رۆژئاوا. ئێمە شەڕی ناوخۆی نێوان کوردمان ناوێت.

**رووداو: ئێوە پلانتان هەیە لە داهاتوودا گفتوگۆ و دایەلۆگ لەگەڵ PYD بکەن؟**

**مستەفا جومعە:** هیوادارم بتوانین پێکەوە کاربکەین، چونکە ئەوە باش دەبێت بۆ کورد. بەڵام بارودۆخەکە باش دەرناکەوێ، چونکە PYD کەسی دیکە قبوڵ ناکات و دەیەوێ هەموو کەس وەک خۆیان بێت. ئێمەش ئەوە قبوڵ ناکەین.

**رووداو: PYD رەخنەت لێدەگرن و دەڵێن تۆ کەسێکی سادەی کە متمانە بە ئۆپۆزیسیۆنی سووری دەکەی. سووریای دوای رژێمی ئەسەد رەنگە خراپتر بێت، بەهۆی ئەو هەموو گرووپە ئیسلامیانە؟**

**مستەفا جومعە:** من رازی نیم بە هەموو ئەو پارتانەی لەناو ئۆزپۆزیسیۆندان. بەڵام هەموویان ئیسلامی نین. کۆمۆنیست و لیبراڵ و عەرەب و کوردیشیان تێدایە. هاوپەیمانییەکە لە چەندین لایەن پێکدێت. من ناڵێم ئۆپۆزیسیۆن عەیبی نییە. بەڵام ئەوان نوێنەرایەتی شۆڕشی سووریا دەکەن، بۆیە ئێمە بەشێکین لەو ئۆپۆزیسیۆنە.

**رووداو: بەڵام، PYD لەوباوەڕەدا نییە کە ئۆپۆزیسیۆن مافی کورد دەدات؟**

**مستەفا جومعە:** بەڵگەمان لەبەردەستدایە کە ئۆپۆزیسیۆن قبوڵی مافەکانی کورد دەکات. دۆکیومێنتەکە باس لە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات بە زمان و کەلتوورەوە.

### لەڕووی سەربازییەوە لە PYD بەهێزتر دەبین



**رووداو: ساڵی رابردوو، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا بورهان غەلیۆن گوتی "شتێک نییە بەناوی کوردستانی سووریا و کوردەکانی سووریای بەراورد کرد بە کۆچبەرەکانی فەرەنسا؟**

**مستەفا جومعە:** ئەوە بۆچوونی شەخسی و سیاسی خۆی بوو. ئێمە دەڵێین کوردستان هەیە. کورد نەتەوەو زمان و کەلتووری خۆیان هەیە. بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراون. ژمارەیان 40 ملیۆن کەسە و وەک هەموو کەسێکی دیکە مافی خۆیان هەیە.

**رووداو: تۆ ئێستا سەردانی چەندین وڵاتی ئەورووپی دەکەی بە نەرویج و دانیمارکەوە. چیتان دەوێ لە ئەورووپا و رۆژئاوا؟**

**مستەفا جومعە:** بەهیواین ئەورووپا پشتگیری شۆڕشی سووریا بکات. پێویستمان بە یارمەتی دەرمان و تەندروستییە. سەرکوتکاری و برسێتی و شتی دیکە هەیە. داوایان لێدەکەین کە پشتگیری سیاسی و ئەخلاقیمان بکەن لە دژی رژێمی دیکتاتۆری سووریا. ئەو رژێمە لەناوبەرن تا خەڵکی ناوچەکە بتوانن بەخۆشی بژین.

بەپێی پێوەرەکانی UN بۆ گەشەپێدانی مرۆیی

# کوردستان دەوڵەت بووایە لە پێش چین دەبوو



**محەممەد حەسەن مەحمود***

ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی دەنگ و سەدایەکی گەورەی لەناوەندە ئەکادیمی و میدیاییەکاندا هەیە بەو پێیەی لە کۆمەڵە پێوەرێکی زانستی پێکدێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشەڤەچوون و گەشەسەندن لە وڵاتان و لە کۆتاییدا بەپێی قۆناغی گەیشتن بە گەشەپێدانی مرۆیی ڕیزبەندیان دەکات.

UNDP لایەنی جێبەجێکاری ئەم ڕاپۆرتانە کە لە ساڵی (1990) ەوە ساڵانە دەریدەکات، هەر جارەو بابەتێکی گەرمی پەیوەندیدار بە دانیشتووانی گۆی زەوی شرۆڤە دەکات، وەک دیموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانیی ڕەگەزی، حوکمی ڕەشید، گەشەپێدانی ئابووری، هەژاری، گەشەپێدانی بەردەوام، ژینگە و... هتد.

لە دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکەدا کە لە 24/7/2014 لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن ڕاگەیێنرا، دەوڵەتی نەرویج وەک هەمیشە و بێ ڕکابەر پێشەنگی وڵاتانی دونیایە، چونکە تاکەکەس تێیدا لە باشترین گوزەراندایە و تەواوی مافەکانی دەستەبەرە و گەشەسەندووترین سیستەمی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییان هەیە. هاوکات وڵاتانی سکەندەناڤی بەگشتی لەئاستێکی شایستەی گەشەسەندندان، بەو پێیەی خۆیان لە 15 یەکەمی ڕیزبەندییەکەدا دەبیننەوە. هەرچی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە پلەی پێنجەم و ئەڵمانیا شەشەم و بەریتانیا لەپلەی چواردەهەمدا دێن.

ئەوەی شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەو گەشەسەندنە خێرا و گشتگیرەیە کە وڵاتانی تازە گەشەسەندووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەخۆیانەوە دەبینن. سەنگاپوور لە ڕیزبەندی نۆهەمدایە. بەمەش لەپێش زۆربەی وڵاتانی زلهێز و خاوەن شارستانیەت و مێژووی وەک (دانیمارک، سوید، ژاپۆن، بەریتانیا، فەرەنسا و... هتد) دێت و بەراورد بە ساڵی پار 9 پلە پێشکەوتووە کاتێک لە هەژدەهەمیندا بوو. بەدوایدا هەریەکە لە هۆنگ کۆنگ و کۆریای باشوور ڕیزبەندی پازدەهەمین تۆمار دەکەن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئیسرائیل پێشەنگە و لە ڕیزبەندی 19دایە. میرنشینی قەتەر لە پێشەوەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدایە لە پلەی 31و سعودیە 34 و ئیمارات 40. هەریەکە لە تورکیا 69 و ئێرانیش 75 تۆمار دەکەن.

## عێراق 120هەمینە و کوردستان 89 هەمین دەبوو ئەگەر دەوڵەت بووایە

عێراق لەم ڕاپۆرتەدا ڕیزبەندی 120 تۆمار دەکات لەکۆی 187 وڵات کە لای نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمارکراون. ئەو وڵاتانەی دەکەونە پاش عێراقەوە بریتین لە: مەغریب، یەمەن، سوودان، ئەفغانستان و کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئەفریقا و هەندێک لەو دوورگە و نیشتمانە سەیر و سەمەرانەی دونیا کە تروسکایی ژیار و تەکنۆلۆجیایان پێنەگەیشتووە. دوایین وڵاتیش لەم ڕیزبەندەدا بریتییە لە نەیجەر و کۆنگۆی دیموکراتی.

ئەو پرسیارەی دەمەوێت لەم نووسینە وەڵامی بدەمەوە ئەوەیە کە ئەگەر کوردستان دەوڵەت بێت لەکوێی ئەم ڕیزبەندییەی ساڵی 2014 دا دەبێت؟

پێوەری سەرەکی گەشەپێدانی مرۆیی لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی باری تەندروستی و خوێندەواری و گوزەرانی هاووڵاتی دەکۆڵێتەوە، لەڕێگای چەند نیشاندەرێکەوە وێنای ئەو ڕەهەندانە دەکات و پاشان ئاستی گەشەسەندنەکە دەپێوێت بەپێی کۆمەڵێک یاسا و هاوکێشەی زانستی.

ئەو نیشاندەرەی دۆخی تەندروستی پێ دەپێورێت، بریتییە لە "پێشبینی تەمەن لە لەدایکبوونەوە" کە مەبەست لێی تەمەندرێژی و مانەوەیە لە ژیاندا، ئەم نیشاندەرە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ساتەکانی سکپڕیی دایک و چاودێریی تەندروستی و کوتان و ساتەوەختی لەدایکبوون و گۆڕانکارییەکانی تەمەنی شیرەخۆر و کەمتر لە 5 ساڵ تا دەگاتە پێگەیشتن و گەورەبوون و پیربوونەوە هەیە. واتە کێماسی لە هەریەکێک لەو قۆناغانە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی تاک بەجێبهێڵێت. دەکرێت کێماسییەکە تەندروستی، ئابووری، سیاسی و سەربازی یان ژینگەیی بێت.

ژاپۆنییەکان خاوەنی درێژترین تەمەنن کە تێکڕای هەر تاکێک 83.6 ساڵە، بۆ عێراق 69.4 ساڵە، بەڵام تێکڕای تەمەن بۆ هەر تاکێکی هەرێمی کوردستان 70.6 ساڵە کە بەزیاتر لە ساڵێک لەپێش عێراقەوە دێت.

ڕەهەندی خوێندەواری بە دوو نیشاندەر دەپێورێت کە یەکەمیان تایبەتە بەو نەوانەی خوێندنیان بەجێهێشتووە و تەمەنیان لە 25 ساڵ زیاترە، ئەویش "تێکڕای ئەو ساڵانەی خوێندوویەتی"، بەو مانایەی مرۆڤەکان چەندە لە پرۆسەی خوێندن بەردەوام بن، هێندە ڕۆشنبیری و مەعریفەیان کەڵەکە دەبێت. نیشاندەری دووەم تایبەتە بە نەوەی نوێ و داهاتووی خوێندەواریی ئەوانەی لەپرۆسەی خوێندنن یان ئامادەکراون بۆ چوونە ئەو پرۆسەیە، لەڕێگەی نیشاندەری "پێشبینی کۆی ساڵانی خوێندن" دەپێورێت کە پێدەچێت چەند ساڵ لە پرۆسەی خوێندن بمێنێتەوە.

هاووڵاتیانی هەریەکە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا زۆرترین مانەوەیان لەپرۆسەی خوێندن هەیە بە تێکڕای 12.9 ساڵ. لە عێراقدا تەنها 5.6 ساڵە بۆ هەر تاکێک، ئەوەش کەمترە لە نیوەی وڵاتانی پێشکەوتوو. ئەم زانیارییە لەبارەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی 2009، بەڵام بەپێی ڕووپێوەکانی ساڵی 2011 ڕێژەکە بەرزبووەتەوە بۆ 8.5 ساڵ بۆ هەر تاکێک و ئەوەش زیاترە لە تێکڕای هەرێمی کوردستان کە 7.7 ساڵە و ئەوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە سیاسەتەکانی بەعسەوە هەبووە لە ڕاگواستن و سەربازیی و ئاوارەکردن.

بەڵام سەبارەت بە نیشاندەری دووەم، پێشبینی دەکرێت منداڵانی کوردستان 12.9 ساڵ بمێننەوە لە پرۆسەی خوێندندا کە دوو ساڵ و نیوی لە تێکڕای عێراق زیاترە (10.4 ساڵە)، ئەمە لەکاتێکدا کە زۆرترین ساڵی خوێندنی پێشبینیکراو بریتییە لە 18 ساڵ بۆ هەر تاکێک، واتە بەدەستهێنانی خوێندنی باڵا.

ئەو گەشەسەندنە ئابوورییەی کوردستان بەخۆیەوە دەبینێت و بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، ئاراستەیەکی دیکەی گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستان نیشان دەدات. بۆ نموونە: لە نیشاندەری "پشکی تاک لە کۆی داهاتی نەتەوەیی" هەرێمی کوردستان بە بڕێکی زۆر لەپێش عێراقەوە دێت. لە ڕووپێوەکانی ساڵی (2012-2011)دا بە نزیکەی 2600 دۆلار لەپێش عێراقەوەیە. واتە ئەگەر پشکی هەر تاکێک لە عێراق بەپێی ڕاپۆرتی 2014ی ئاماژە بۆکراو 14007 دۆلار بێت، ئەوا هەرێمی کوردستان نزیک دەبێتەوە لە 16600دۆلار، ئەمە لە کاتێکدا کە بەرزترین پشکی تاک لە داهاتی نەتەوەیی لە قەتەر بریتییە لە 119029 دۆلار.

بەپێی ئەم ئامارانە و بە هەژمارکردنی پێوەری گەشەپێدانی مرۆیی، ئەگەر کوردستان دەوڵەتێک یان کیانێک بێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداری کێبڕکێی ڕاپۆرتی 2014ی بکردایە، ئەوا ڕیزبەندی 89ی دەگرت لەڕیزی ئەو 187 وڵاتە بەشداربووەدا، بەوەش دەکەوتە گرووپی وڵاتە گەشەسەندووە خێراکان و نرخی گەشەپێدانی مرۆیی دەبووە (0.722)، بەمەش پێش هەریەکە لە وڵاتانی وەک چین، ئەلبانیا، مالدیڤ، ئەفریقای باشوور، هیندستان و... هتد دەکەوت و وڵاتانی عەرەبی وەک تونس، جەزائیر، میسر و سووریای بەجێدەهێشت.


چیتر نابێت کوردستان بە بەشەکانی دیکەی عێراق بەراورد بکەین، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە لەگەڵ عێراق پێکەوە دەستمانپێکرد، بەڵام ئێستا کوردستان هەرێمێکی تەواو جیاوازە لە عێراق و بە ناوچە پێشکەوتوو و ئاوەدانەکە ناودەبرێت.

ئەو خاڵە بەهێزانەی کوردستان بەرزدەکاتەوە لەم ڕووەوە بریتییە لە گەشەی ئابووری و ئاستی خوێندنی نەوەی نوێ کە هێشتا هەریەکە لە پێشبینی تەمەن و خوێندەواریی نەوەی ئێستا جێگای ڕەخنەیە و پێویستی بەچاو پێداخشاندنەوە هەیە.

لێرەدا نەمویستووە زیاتر بچمە ناو وردەکاری و پێوەرەکانی دیکەی گەشەپێدانی مرۆییەوە، ئەگینا کوردستان بەهەمان شێوە، هەنگاوی شیاوی ناوە لە بوارەکانی مافی ئافرەت و کەمکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکان و هاوکاریکردنی چینەکانی کۆمەڵگە بۆ هاتنەپێشەوەو بەهێزکردنی توانستیان. هەروەها هەژاری بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی بەرزدان، ئەگەرچی نەشگەیشتبنە ئاستی مەبەست.

***مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی توێژینەوە لە ئاماری سلێمانی**

| | |
|---|---|
| • پێشبینی تەمەن لە لەدایک بوونەوە | 70.6 ساڵ |
| • تێکڕای ساڵانی خوێندن | 7.7 ساڵ |
| • پێشبینی کۆی ساڵانی خوێندن | 12.9 ساڵ |
| • پشکی تاک لە کۆی داهاتی نەتەوەیی | $14007 |




لە جەژنی ڕەمەزاندا

# ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان 75% دابەزی

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی گەشتوگوزار دەڵێت بە بەراورد بە جەژنی ڕەمەزانی ڕابردوو، ئەم جەژنە هاتنی گەشتیاران بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 75% دابەزیوە. گوتیشی "ئەگەر حکومەت فریای گەشتوگوزار نەکەوێت، ئەم کەرتە هەرەسدێنێ".

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، لەساڵی 2012دا دوو ملیۆن و 217 هەزار گەشتیار هاتوونەتە کوردستان، ساڵی ڕابردوو ڕێژەکە زیادی کردووە بۆ دوو ملیۆن و 950 هەزار گەشتیار.

نادر ڕووستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند لە 5 مانگی سەرەتای ئەمساڵدا نزیکەی یەک ملیۆن گەشتیار ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، ئەم ژمارەیەش بەراورد بە 5 مانگی ساڵی ڕابردوو بەڕێژەی 8% زیادی کردووە، بەڵام لە هەردوو مانگی شەش و حەوت بەهۆی قەیرانی عێراق، ژمارەی هاتنی گەشتیاران زۆر کەمی کردووە.

لەساڵانی ڕابردوودا بەتایبەت لە جەژنەکاندا، زۆربەی هۆتێل و مۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکان جمەیان دەهات لەگەشتیار، بەڵام ئەمساڵ زۆر بەکەمی گەشتیار لەشوێنە گشتییەکان دەبینران.

فاتیمە عەلی، 23 ساڵ، کە گەشتیارێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو گرفتی دەستکەوتنی شوێنی حەوانەوەی نەبوو، چونکە زۆربەی هوتێل و موتێلەکان بەتاڵ بوون. فاتیمە گوتی "ترسی ئەوەمان هەبوو شوێنی مانەوەمان دەستنەکەوێت، بەڵام کە هاتینە کوردستان بارەکە پێچەوانە بوو، زۆربەی هۆتێلەکان چۆڵ بوون".

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لە جەژنی ڕەمەزانی ڕابردوودا 316 هەزار گەشتیار هاتبوونە کوردستان، بەمەش هوتێلەکان پڕبوون لە گەشتیار و زۆر لە گەشتیاران لە نێو پارک و سەر شەقامەکان مانەوە.

هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە هاتنی گەشتیار لە 5 مانگی سەرەتای ئەمساڵ هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو زۆرباش بوو، بەڵام لەدوای گرتنی موسڵ لەلایەن (داعش)، هاتنی گەشتیاران کەمی کرد، بە جۆرێک بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 75% دابەزیووە، گوتیشی "ڕێژەی لە 66%ی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان گەشتیاری شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقن، بۆیە پێشبینی دەکەین ژمارە هاتنی گەشتیاران ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 50% دابەزێ".

ناوبراو نیگەرانە لەپاشەکشێی هاتنی گەشتیاران، چونکە لەو بارەدا زەرەرمەندی یەکەم هۆتێل و چێشتخانەکانن. گوتیشی "کارکردنمان لەم جەژنە بە بەراورد بەساڵی ڕابردوو 30% بۆ 35%ە، واتە ئەگەر هۆتێلێک 100 ژووری نووستنی هەبووبێت تەنیا 30 بۆ 35 ژووری گیراوە، لەم ژمارەیەش بەشێکی زۆری میوانەکانمان ئاوارەن نەک گەشتیار، بۆیە دەڵێم ئەگەر حکومەت فریای گەشتوگوزار نەکەوێت ئەم کەرتە هەرەسدێنێ".

پسپۆڕانی بواری گەشتیاری دەڵێن گەشەسەندن و پێشکەوتنی گەشتیاری و ئاسایش و ئارامی و خۆشگوزەرانی دوو ڕووی دراوێکن، بە لەقبوونی هەر لایەکیان ئەوی دیکەشیان هەرەسدێنێ.

داود سلێمان قائیدی، پسپۆڕی گەشتوگوزار و پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە پەیمانگەی گەشتوگوزاری هەولێر دەڵێت لەهەر وڵاتێک هەرچەندە بنەمای گەشتیاری بەهێز و شوێنی سەرنجڕاکێشی تێدابێت، ئەگەر باری ئاسایشی ئەو وڵاتە جێگیر نەبێت گەشتوگوزار تێیدا بەهیچ شێوەیەک پێشناکەوێت.

ئەو مامۆستایە کە خاوەنی هوتێلە دەڵێت "لەم جەژنە بەراورد بەساڵی ڕابردوو ڕێژەی میوانەکانمان 75% کەمی کردووە، ئەو میوانانەش لە هۆتێلەکان هەن 99%یان ئاوارەن نەک گەشتیار".

دەربارەی پلانی هەنووکەی دەستەی گەشتوگوزار بۆ ئەو بارەی گەشتوگوزار تێیکەوتووە، نادر ڕووستی گوتی "بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پاشەکشێی هاتنی گەشتیاران لێژنەیەکمان پێکهێناوە، دوای دەستنیشانکردنی هۆکارەکان، هەوڵدەدەین میکانیزمێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ژمارەی هاتنی گەشتیاران جارێکی دیکە زیادبکەینەوە".



فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم

## گەشتەکانی سلێمانی بەردەوامن

**ڕووداو- هەولێر**

دانا محەممەد سەعید، بەرپرسی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی فڕۆکەخانەی سلێمانی ڕەتیدەکاتەوە هیچ گەشتێکی ئاسمانی لە ئەورووپاوە بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگیرابێت و جەختدەکاتەوە کە گەشتەکان بەردەوامن.ناوبراو بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هیچ گەشتێکی سلێمانی بۆ وڵاتانی ئەورووپی ڕانەگیراوە". ئاماژەی بەوەشکرد، کە دوایین گەشت لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بەرەو وڵاتانی ئەورووپی لە ڕۆژی هەینی بووە کە گەشتەکان بۆ دۆسلدۆرف و لەندەن و ڤیەننا بوون و گوتی "گەشتەکانیشمان بەردەوام دەبێتبە پێی خشتەکانمان".



# پڕۆژەیەکی گەورەی کشتوکاڵی لە موسڵەوە دەگوازرێتەوە کوردستان

**کیرا واڵکەر**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی کە دووەم گەورەترین شاری عێراق کەوتە دەستی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ئێستا ڕەنگە بەشێک لە پڕۆژەیەکی گەشەپێدانی کشتوکاڵی لە موسڵەوە بگوازرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ گەیشتنی چەکدارەکانی داعش بە موسڵ، بەشێکی سەرەکی پڕۆگرامی پاراستنی کشتوکاڵی عێراق کە لە ساڵی 2005ەوە دەستی پێکردووە، ڕاگیرا.

سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی لە ناوچە وشکەکاندا کە بە (ICARDA) ناسراوە، پڕۆگرامەکەی بەڕێوە دەبرد. بەڵام ئێستا بیر لە گواستنەوەی پڕۆگرامەکە دەکاتەوە بۆ هەرێمی کورستان، ئەمە بە وتەی دکتۆر ستیڤن لۆس کە بۆ سەنتەری ناوبراو کاردەکات.

لۆس دەڵێت "ئەو پڕۆگرامە بە دڵنیاییەوە هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت پشت بە بەرهەمی ناوخۆیی ببەستێت لە بواری بەرهەمهێنانی دانەوێڵەدا".

ئەو بەشەی کە لە موسڵ کاری لەسەر دەکرا، لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵەوە بودجەی بۆ دابینکراوە. سەنتەری ناوبراو ڕێکخراوێکی ئوسترالییە. پڕۆگرامەکەی موسڵ پلانی ئەوەی هەبوو کە 16 ئامێری تۆو چاندنی زیرۆ-تیلەج، ئەو ئامێرەی کە بەبێ کێڵانی زەوی تۆو دەچێنێت، بهێنێت. ئەو ئامێرانە بەشێوەیەک دیزاینکراون کە بەرهەمهێنانی دانەوێڵە زیاد بکەن.

لەوکاتەوە کە پڕۆگرامەکە دەستیپێکردووە، نزیکەی 1500 هێکتار زەوی کشتوکاڵی بۆ زەوی زیرۆ-تیلەج گۆڕدراون. دوای ئەو گۆڕانکارییە، ڕێژەی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لەو زەویانەدا 13-22% زیادیان کردووە.

دکتۆرسەعدحاتەممحەممەد، ئابووریناسێکی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق گومان و نیگەرانیی لە شکستی پڕۆگرامەکە هەیە بەهۆی ئەو دۆخەی کە ئێستا ئەو ناوچانەی تێکەوتووە. ئەو دەڵێت وەزارەتەکەی ئەو هاوکاریی پڕۆژەکەی بە چەندین شێواز کردووە، لەوانە بە دابینکردنی ئۆتۆمبیل و جێگە و ئامێر، بەڵام ئەو دەڵێت وەزارەتەکەی لەم دۆخەی ئێستا ناتوانێت چیدی ئەو هەماهەنگییە درێژە پێبدات.

ئەم پڕۆگرامە نۆ ساڵ بەر لە ئێستا دەستیپێکرد. پڕۆگرامەکە لە وڵاتێکدایە کە ئاسایشی خۆراک زۆر کەمە. چەندین ساڵی شەڕ و گەمارۆی ئابووری و وشکەساڵی و گۆڕانکاری لە دۆخی کەشوهەوادا ئاستی کشتوکاڵی عێراقی تەواو دابەزاندووە. وای لە عێراق، وەک شوێنی لەدایکبوونی کشتوکاڵ کردووە کە خواردن لە وڵاتانی دەرەوە هاوردە بکات.

بەپێی هەڵسەنگاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، 6%ی عێراقییەکان بەدخۆراکن و 14%یش مەترسی بەدخۆراکییان لەسەرە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا جێبەجێکردنی میتۆدی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی شێوە کۆنزێرڤەیشنئەگریکەلچەر (پڕۆگرامیپاراستنی کشتوکاڵ) ئەنجامی زۆر باشی هەبووە.

لۆس دەڵێت ئەو پڕۆگرامە سوود بە جوتیاران و زەوییەکانیش دەگەیەنێت. سوود بە جوتیاران دەگەیەنێت چونکە هەوڵ و کاتی کەمتر پێویستە بۆ چاندن و لەهەمانکاتیشدا سوود بە زەوییەکان دەگەیەنێت و دەیانپارێزێت و هەروەها کوالیتی خاکی کشتوکاڵی باشتر دەکات، ئاو زیاتر دەپارێزێت، دەرهاویشتنی گازی زیانبەخش کەم دەکاتەوە.

ئەو پڕۆگرامە پشت بە سێ چەمکی سەرەکی دەبەستێت. یەکەم: کەمکردنەوەی شێواندنی خاک. دووەم: ڕاگرتنی توێژاڵی خاکی، سێیەم: ئاڵوگۆڕپێکردنی چێنراوەکان. ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی، ئەگەری سەوزبوونی گیا و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و مێروو کەمدەکاتەوە.

لۆس دەڵێت "هەروەها سوودی بۆ کۆمەڵگەش دەبێت، چونکە کات و ئەرکی چاندن و بەرهەمهێنان کەمتر دەکاتەوە و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی هەلی کار بەدوای خۆیدا دەهێنێت".

لۆس لە ساڵی 2012ەوە چاودێریی پڕۆگرامەکە دەکات و دەڵێت زۆر جوتیار و لێکۆڵەر گومانیان هەبوو کە پڕۆگرامەکە لە ناوچە وشکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەربگرێت.

دکتۆر سەعد، باسی گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و جوتیارێکی شاری موسڵ دەکات کە جوتیارەکە پێیگوتووە بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئەم پڕۆگرامەوە 30 کیلۆ تۆو بۆ هەر دۆنمێک بەکاردێنێت. ئەگەر بە شێوازە کۆنەکەی بەردەوام بووایە دەبوو بۆ هەر دۆنمێک 50 کیلۆ تۆو بەکاربهێنێت. ئەمەش دواجار بەکارهێنانی سووتەمەنی لە 36 لیترەوە بۆ هەر یەک هێکتار زەوی، بۆ 8 لیتر بۆ هەر یەک هێکتار زەوی کەمکردبووەوە.

دکتۆر سەعد هەروەها دەڵێت، ئەو ڕاستیەی کە جوتیارانی دەرەوەی پڕۆگرامەکەش دەستیان بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئەو پڕۆگرامە کردووە، سەرکەوتنی پڕۆگرامەکە دەسەلمێنێ. ئەمساڵ سەرەڕای سەختیی بارودۆخی زەوییەکان، دوای ئەوەی کە دەنگ و باسی سوودی پڕۆگرامەکە لە موسڵەوە بڵاوبووەوە، جوتیارانی ئەنباریش داوای بەشداربوونیان لەو پڕۆگرامەدا دەکرد.

بە وتەی لۆس "بەپێی لێکدانەوەکان سوودی ئابووریی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئەم پڕۆگرامە بۆ هەر هێکتارێک زەوی لە عێراق نزیکەی 300 دۆلارە. ئەگەر 50%ی بەرهەمهێنانی گەنم و جۆی عێراق تەکنیکەکانی ئەم پڕۆگرامە بەکاربهێنن، ئەوکات سوودی ئابووری دەگاتە نزیکەی 800 ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا. ئەمە تەنیا لە گەنم و جۆ، بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکەش لەولاوە بوەستێت".



# ڕەنج ڕۆڤەری بەریتانی لە کوردستان بەرناکەوێت

**ئەیمی گەتمان**
**ڕووداو- لەندەن**

کۆمپانیا زەبەلاحە ئەورووپییەکان ستافەکانیان لە عێراق دەکێشنەوە و چاو دەبڕنە هەرێمی کوردستان وەکو هەلێکی زێڕین. لە کاتێکدا بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق بەدەست زنجیرە تەقینەوەکانەوە گیرۆدەن، خەڵکی کوردستان بە ئارامی دەژین و سەرقاڵی کڕینی ئۆتۆمبێلی گرانبەهان.

بەم دواییە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی خێرخوازیی بەریتانی وۆرک شۆپێکی بۆ بزنسمانە بەریتانییەکان و ئەو بازرگانە بەریتانیانەی کە لە کوردستان کار دەکەن ڕێکخست، تاوەکو بۆچوونی خۆیان لەبارەی بازاڕی کوردستان بخەنەڕوو.

لە وۆرک شۆپەکەدا، جۆن داون کە بەریتانییەکی نیشتەجێی کوردستانە، بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند "کۆمپانیای ڕەنج ڕۆڤەر هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەی جۆری ڕەنج ڕۆڤەری فرۆشت کە ناردبوونیە کوردستان".

داون وتەکانی ئاراستەی ئەو کۆمپانیا و لایەنانە دەکات کە ئامادەی ریسکن، ئەو دەڵێت گردۆڵکەکانی کوردستان ڕەنگە زێڕیان تێدابێت. دوای بەسەربردنی چەندین ساڵ لە بەحرێن، داون دوو ساڵ لەمەوبەر چووە هەولێر.

"بەسەر شەقامەکاندا پیاسەم دەکرد و لەگەڵ زۆر بزنسمان و ژمێریار و پارێزەر و خەڵکانی دیکە قسەم دەکرد. بۆم ڕوون بووەوە کە بۆشاییەکی مەزنی بازاڕ لەوێ هەیە. بۆم دەرکەوت کە شوێنی ئۆفیس بۆ کرێ نییە و ئاسان نییە ئەمڕۆ ئۆفیسێک بگریت و دەست بەکارکردن بکەیت". داون وا دەڵێت.

بۆئەوەی لە کوردستان بزنسێک دەستپێبکەیت، پێویستە گرێبەستی بەکرێگرتنی شوێنێک نیشانی لایەنی پەیوەندیدار بدەیت، چونکە بۆ دەستپێکردنی بزنس هیچ نەبێت دەبێت ئۆفیسێکی بچووکت هەبێت. داون دەڵێت "خاوەن ئۆفیسەکان داوای کرێی یەک ساڵ وەکو پێشەکی دەکەن". بەڵام ئۆفیسەکانی ئەو، ئەو داواکارییەیان نییە، لەبەرئەوە بەلای بازرگانە بیانییەکانەوە خوازراوترن.

"ئێمە 26 ئۆفیسمان هەیە، شەشیان ئێستا گیراون و زۆریشیان ڤێرتوالن- ئۆفیسی سەر کاغەزن، تەنیا بۆ ئاسانکاریی تۆمارکردنی بزنس. هەندێکی دیکەیان لەدەرەوە کاردەکەن و بە تێپەڕینی کات دەکرێن بە ئۆفیسی فول سێرڤس".

داون هەروەها ئاماژە بە داهاتی تاکەکەس لە کوردستان دەکات و دەڵێت کە لە 2012دا بە ڕێژەی 12% زیادی کردووە و لە ساڵی ڕابردووشدا بە ڕێژەی 8% هەڵکشاوە. خواستی بەکاربەر لە بەرزبوونەوەدایە و هۆتێلەکان میوانیان هەیە.

ئەو گەشەسەندنە و یاسای بازرگانی لە هەرێمی کوردستان کە ڕێگە بە بازرگانانی بیانی دەدا 100% خاوەندارێتی بزنسەکانیان بکەن، سەرنجی زۆر لە بازرگانان ڕادەکێشن.

بیناساز جۆناسان ویلسن، بۆ کۆمپانیایەکی دیزاین کار دەکات کە ئۆفیسیان لە زۆر شوێنی جیهان هەیە، بەڵام هێشتا لە کوردستان ئۆفیسیان نییە. ئەو دەڵێت "من زۆر پێمخۆشە لەو شوێنانەی جیهان کار بکەم کە لە گەشەسەندندان و وڵاتان هەوڵدەدەن گۆڕانکاری تێدا دروست بکەن و وەبەرهێنان لە ژێرخانی کۆمەڵایەتییاندا دەکەن. ئەوە بەلای ئێمەوە هەلێکە. هەروەها پێمخۆشە کار لەسەرگواستنەوەی زانیاری بکەم و کار لەگەڵ ئەو کەسانە بکەم کە هەوڵدەدەن فێری سکیڵی نوێ ببن. کوردستان شتێکی دەگمەنی هەیە، ئەویش ئەو هەستی ئینتیمایەیە کە خەریکە وەکو نەتەوە خۆی دەناسێنێت، بەلای منەوە ئەمە زۆرئیلهامبەخشە".

بەڵام زانیارییە وردەکانی ویلسن، هاوکاری ئەو دەکات تا واقیعبینانە بڕوانێتە شتەکان لە کوردستان. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "هەندێک کێشەی کوالێتی لە بیناکاندا هەیە". ویلسن دەڵێت "ئێمە کاتێک دیزاینی باڵەخانەیەک دەکەین، بەو نیازەوە دیزاینەکە دەکەین کە لایەنی جێبەجێکار دەزانێت چۆن دیزاینەکە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکات، بەڵام لێرە ڕەنگە ئەمە وا نەبێت. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست 40 ساڵە ڕۆژئاوا بیناسازی لەوێ دەکات. بەڵام ئەگەر ئێستا سەیری بیناکانی دوبەی و قەتەر بکەیت، دەبینی ئەوان بینای زۆر ئاڵۆزیان دروستکردووە و هاوکارییەکی دەرەکی گەلێک کەمیشیان هەبووە. ئەوەی کە من لە کوردستان دەیبینم ئەوەیە کە شتەکان لەوێ دەبێت تۆزێک سادەتر بن و بەپێی توانای کەسەکانی ئەوێ بن. ئەمەش کێشە نییە، بالکێشە".

داون هەروەها بزنسمانەکانی لە سیستەمی سادەی بانک لە کوردستان ئاگادارکردەوە و پێشنیاز بۆ بازرگانان دەکات کە ئەگەر دەیانەوێت لە کوردستان کاربکەن، پێویستە حیسابی بانکە بیانییەکەی خۆیان بپارێزن و خۆیان بۆ بازاڕێک ئامادە بکەن کە زۆربەی ئاڵوگۆڕەکان تێیدا بە پارەی نەخت دەکرێت.

لەسەر لایەنە ئیجابیەکانی کوردستان، داون دەڵێت کوردستان سەنتەری دەستکەوتنی کارە بۆ کرێکاران. هەروەها لەبەر بوونی چینێکی لاوی کورد کە خوێندن و فێربوونیان لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و سوید و هۆڵەندا تەواوکردووە، دۆزینەوەی کارمەند کە بەچەند زمانێک قسە بکات کارێکی ئەستەم نییە.

بەڵام بەلای زۆربەیانەوە بەربەستی سەرەکی، جیاکردنەوەی کوردستانە لە عێراق. نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەیان سامی عەبدولڕەحمان لە بەریتانیا لەم ڕووەوە ڕاشکاوانە قسە دەکات "ئەو بەربەستەی کە بوون بە بەشێک لە عێراق خولقاندوویەتی هەموو کات هەبووە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئێمە هانی کۆمپانیا بەریتانییەکان دەدەین یەکەمجار بچنە کوردستان، بۆ ئەوەیە کە بە چاوی خۆیان ئارامیی کوردستان ببینن و تەماشا بکەن کە ئابووری هەرێمی کوردستان گەشە دەکات. زۆر ئەستەمە بتوانی کەسانێک ڕازی بکەیت وەبەرهێنان لە شتێکدا بکەن کە زانیارییان لەسەری نەبێت. لەبەرئەوە ئێمە هانی خەڵک دەدەین کە بێن بۆ ئێرە و یەکەمجار بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەستپێبکەن".

بەیان دەڵێت کوردستان بۆ کۆمپانیاکانی دیزاین و بەڕێوەبردنی پڕۆژە ژینگەیەکی باشە، ئەو کۆمپانیایانە دەتوانن کار لەسەر گەشەپێدانی کوردستان بکەن.

بەیان نموونەی بە فڕۆکەخانەی هەولێر هێنایەوە و گوتی "نموونەیەکی باشی دیزاینی کۆمپانیا بەریتانیەکانە کە سەرکەوتووانە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکیدا هاوبەشییان کرد و فڕۆکەخانەکەیان دروستکرد".

داون گەشبینە بەوەی کە بازرگانانی دیکەی بەریتانی دوای هەنگاوەکەی ئەو دەکەون. ئەو گرووپی بازرگانیی بەریتانی لە کوردستان دامەزراندووە و هەر لە ئێستاوە نزیکەی 50 ئەندامی هەیە. ئەو دەڵێت ئەگەر کەسێک بتوانێت مەلەوانگەیەکی قەبارە باش و نرخ گونجاو لە هەولێر دروست بکات، بە باشی دەتوانێت بیخاتە گەڕ.





(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

شێرکۆ بێکەس لە هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوەدا:

# منداڵیی من وەک مۆمێک بوو کە زوو کوژایەوە

■ دایکم دەورێکی گەورەی هەبووە لە ژیانی منداڵیی مندا

ساڵی 1997 لە شاری یارفێلە لە سوێد، رادیۆیەکی لۆکاڵیمان بە زمانی کوردی دامەزراند. هەفتانە دوو کاژێر بەرنامەمان بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە و تەنیا کوردەکانی نیشتەجێی ئەو شارە دەیانتوانی گوێی لێبگرن. من هەم بەڕێوەبەری ئەو رادیۆیە بووم و هەمیش هەفتانە بەرنامەیەکم هەبوو کە گفتوگۆم لەگەڵ کەسایەتییە کوردەکانی سوێد دەکرد و بڵاوماندەکردەوە. یەکێک لە گفتوگۆکانم لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس بوو کە ئەوکات لە سوێد بوو. بەڵام پاش تێپەڕبوونی 17 ساڵ بەسەر ئەو گفتوگۆیەدا، وا بۆ یەکەمین جارە دەرفەتی بڵاوکردنەوەی دەڕەخسێ کە رێک هاوکاتە لەگەڵ یەکەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بێکەس.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین

**کاوە ئەمین: مامۆستا شێرکۆ با لە باسی ژیانی منداڵیی خۆت و مامۆستای نەمر فایەق بێکەسی باوکتانەوە دەستپێبکەین؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من ساڵی 1940 لە شاری سلێمانی لەدایک بووم. بێکەسی باوکم مامۆستا بوو، لەبەرئەوە هەر ساڵەو لە شارێک و ناوچەیەکی کوردستان بووین و چەند ساڵێکی کەم لە سلێمانی بووین. لە قەرەداغ بووین، پاشان چووینەتە سورداش، چووینەتە هەڵەبجە، بێکەس لە 1948/12/18 لەوێ کۆچی دوایی کرد. منداڵیی من لە مۆمێک دەچێت کە زوو کوژایەوە. من سۆز و خۆشەویستیی باوکم نەبینی، فریای ئەوە نەکەوتم لە فامکردنەوەدا لە هەستی ئەو بگەم و لەگەڵیدا دانیشم و قسەی لەگەڵ بکەم تاوەکو سوود لە ئەزموونی ژیانی وەربگرم. وەک دەزانن، لە دنیادا منداڵیی سەرچاوەی هەموو بەهرەیەکە، بێکەس وەک خۆی، وەک باوکێک لە پشت بەهرەی منەوە بووە، دوای ئەوە ناوچەی سورداش و چیای (چەرماوەند) لەناو دیمەنی رەنگینی کوردستاندا، یەکەم گەرای ئەو بەهرەیەی لەلای من چاندووە. دوای ئەویش دایکم، پێمولیە دایکم دەورێکی گەورەی هەبووە لە ژیانی منداڵیی مندا. لەڕێگەی دایکمەوە گوێم لەو حیکایەتە کوردیانە بووە کە زمانی کوردییان زیاتر لەلا خۆشەویست کردم. من کە باوکم مرد تەمەنم 7 ساڵ و نیو بوو، دوای ئەوە ئیدی ژیانی سەختی و بێوەژنکۆشیی دایکم و هەژاری و دەردەدارییەکی زۆر دەستپێدەکات.

**کاوە ئەمین: لەبارەی هەستی نەتەوەیی مامۆستا فایەق بێکەس و شیعرەکانی قسەمان بۆ بکە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەو مەشخەڵەی کە حاجی قادری کۆیی لە شیعری کوردیدا هەڵیکرد و ئەویش لە ئەحمەدی خانییەوە بۆی هاتووە، پێمولیە دوای ئەوە ئەو مەشخەڵە لە سەردەمی تازەدا دەکەوێتە دەست بێکەس. ئەو لە زووەوە، لە گەنجێتییەوە بەبیری نەتەوەیی و کوردستانی پەروەردە بووە. یەکێک بووە لەوانەی خۆی خۆی پێگەیاندووە، پیاوێک بووە مەسەلەی هەڵوێست و کەلیمەی لێک نەکردووەتەوە، بەرامبەر بە هەڵوێستی خۆی باجی داوە، چەندین جار گیراوە و دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق، هەڵوێستەکانی لەبەرچاوی میللەتەکەمانە و لەیاد ناچێت، رووبەڕووبوونەوەی ئەو لەگەڵ دوژمنانی کورد، رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ (ئەدمۆنز)، موستەشاری ئینگلیزی لە سلێمانی لە گردی مامەیارە لە نەورۆزدا، شتێکە ئێستاش خەڵک دەماودەم باسی دەکەن. بێکەس و بیری نەتەوەیی دوو شتن لێک جیاناکرێنەوە. بێکەس و هەڵوێستی کوردایەتی، بێکەس و نیشتمانپەروەری. من ئێستا کە باسی بێکەس دەکەم وەک باوکم باسی ناکەم. بێکەس بووەتە باوکی کورد، شیعرەکانی ئەو لە باڵائاوێنەی میللەتەکەماندایە. بێکەس تەنیا شیعری بۆ شیعر نەگوتووە، شیعری لە پێناوی مرۆڤ و ژیانی کورد و خاکی کورددا گوتووە، بۆ ئەوەش بە گیانی خۆی بەشداری ئەو راپەڕینانەی کردووە کە لە مێژووی میللەتەکەماندا روویانداوە، بەتایبەتی راپەڕینی بەردەرکی سەرا لەساڵی 1930، بێکەس یەکێک بووە لە رابەرەکانی ئەو راپەڕینە. لەو راپەڕینەدا بریندار بووە و گیراوە و دوورخراوەتەوە. بێکەس کەمیش ژیاوەو زۆر بەگەنجی مردووە، 43 ساڵ بووە کە وەفاتی کردووە. ئەوکاتەم باش لەبیرە کە لە هەڵەبجە وەفاتی کرد لە رۆژێکی زۆر سەختی زستاندا بوو، ئەوکاتە من تەمەنم حەوت ساڵ و نیو بوو.

**کاوە ئەمین: ئەگەر لە بیرت بێت مامۆستا گۆران ئەوکاتە لە هەڵەبجە بوو؟**

**شێرکۆ بێکەس:** نەخێر، بەڵام لەو کاتەدا زۆر لە ئەدیب و نووسەرانی کورد لەو ناوە بوون. ئەوەی لەو کاتەدا لەبیرم بێ، سەلامی شاعیر بوو. لەو کاتانەدا یان بەماوەیەک دوای ئەوە ئەدیبی گەورەی کورد مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەوێ بوو کە ئەوکاتە حاکم بوو. مامۆستا گۆران خۆی لەدایکبووی شاری هەڵەبجەیە، لەسەردەمێکدا شێخ نوری شێخ ساڵح لە هەڵەبجە بووە. هەڵەبجە شارێک بووە مەڵبەندی رۆشنبیر و رووناکبیری و شیعر بووە.

**کاوە ئەمین: ئەی دەربارەی سەرەتای دەستپێکردنی نووسینتان، یەکەم هۆنراوەت لە کوێ بڵاوکردەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** یەکەمین هۆنراوەم لە تەمەنی 16 یان 17 ساڵیدا نووسیوە. ئەوەی لەبیرمە یەکەمجار لە هەفتەنامەی (ژین) لە ساڵی 1956 یان 1957 لە سلێمانی بڵاوکرایەوە، ئەو دەمە رۆژنامەی (ژین) میراتی شاعیری گەورەی کورد (پیرەمێرد) بوو کە بۆ نەوەکانی، ئەحمەد زرنگ و ئەوانی بەجێهێشتبوو، ئەوان سەرپەرشتییان دەکرد. هەر لەو سەردەمەدا مامۆستا گۆران بۆ ماوەیەک سەرپەرشتیی کرد. ئەو شیعرەی بڵاومکردەوە هونەر و ئەزموونی لەگەڵدا نەبوو، تەنیا حەزێک بووەو زیاتر لە نەزم دەچوو، بەڵام ئەوە سەرەتایەک بوو، هەموو سەرەتایەکیش بە هەنگاوێک دەستپێدەکات هەرچەندە بچووکیش بێت.

**کاوە ئەمین: ئەگەر بازێک بدەین بۆ قۆناغی پاش 11ی ئاداری 1970، ئەو رووداوە چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی ئەدەبیی کوردی و بەتایبەتی شیعری کوردی دانا؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان لەدوای ساڵانی شەستەکانەوە، ئەو پەنگخواردنەوەیەی لە دڵ و دەروونی شاعیراندا هەبوو، 11ی ئادار دەرگایەکی بۆ کردەوە، بووە گەلییەک بۆئەوەی ئەو بەهرانەی تێبرژێ. دیارە مەسەلەی ئازادی و فەزای ئازاد بۆ شاعیر و هونەرمەند، یەکەمین هۆی گەشەکردنیەتی، ئەگەر ئازادی نەبێ بەهرە دەمرێت، ئەو جۆرە ئازادییە رێژەیییەی کە لە 11ی ئاداری ساڵی 1970دا دروست بوو، بووە هۆی ژیانەوەیەکی گەورە لە کەلتوور و شیعری کوردیدا، هەروەها چیرۆک و شیعر و شانۆشی گرتەوە، لە هونەری شێوەکاری و لە میوزیکدا رەنگیدایەوە. هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا بوو ئێمە بۆ یەکەمجار بانگەوازی روانگەی ئەدەبیمان بڵاوکردەوە. ئەوە بۆخۆی پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەو ئازادییەی کە لەو سەرەتایانەدا هەبوو. بەیانی 11ی ئادار بۆ ماوەی سێ بۆ چوار ساڵێک، کەشوهەوایەکی سەربەستی رەخساند بۆ ئەدیب و هونەرمەندان تا باشتر بتوانن ئەزموونی خۆیان ببینن، چونکە مەسەلەی کۆڕگرتن و رۆژنامە و گۆڤار و دانیشتنی ئەدەبی و گفتوگۆکردن بەشێوەیەکی ئازادتر بوون لەچاو ساڵانی شەستەکاندا، ئەمەش وای کرد گەشە و نەشونمایەکی تایبەتی بکات.

**کاوە ئەمین: پێش ئەوەی بێنە دەرەوەی وڵات ئێوە لە شاخ بوون، ئەزموونی شیعری شاخ و ئاوارەیی و دووریی لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**شێرکۆ بێکەس:** لە ژیانی خۆمدا، سێ جار چوومەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، ئەوکاتەی تەمەنم 25 ساڵ بوو بۆ یەکەمینجار چوومە ناو شۆڕشی ئەیلولەوە. دووەمجار لە ساڵی 1974 لەگەڵ زۆربەی زۆری نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان، خەڵکی وڵات هەموومان بەشداریمان کرد، سێیەم جار لە کۆتایی ساڵی 1984 بۆ کۆتایی ساڵی 1986، دوای ئەوە هاتمە دەرەوەی وڵات، بەکورتی من پێنج بۆ شەش ساڵێک لە شاخ بووم، لەناو پێشمەرگە و لەناو کەسانی سادە و پاکی میللەتەکەمدا، لەنێو زمانێکی پاکدا، ئەوانە هەمووی یارمەتییان دام بۆئەوەی ئەزموونی شیعریم چاکتر بێ، لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی کەسانێک وەک گوڵە کێوی پاک و بێگەردن چ زمان و رەوشتیان، چ پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان، ئەوانە هەمووی ئەزموون و رێگای تازە بوون، جگە لەوەش من لە ئەزموونێکدا دەژیام لە ئەزموونی شاخدا، تایبەتی بوو، جیاواز بوو لە ئەزموونی شار، ئەزموونی ناو پێشمەرگە و شەڕی پێشمەرگایەتی و خوێن و قوربانی و شەهید و تەیارە و تۆپ و ئەمانە ئەو ئەزموونە نەبوون کە من لە شاردا تێیدا دەژیام، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ئەزموونی خۆی هێنا، لەکاتی خۆیدا لە دیوانەکانی (کەشکۆڵی پێشمەرگە) بەشێک لەو شیعرانەم بڵاوکردەوە، هەندێکیان لەکاتی خۆیدا لە شارەوە بە نهێنی دەمناردن بۆ شاخ، لە سەرەتای هەشتاکاندا بەناوی جوامێرەوە هەندێ لەو شیعرانەم بۆ ناردن، تاوەکو دواتر خۆم چوومە دەرەوە.

## باڵای کارەساتەکانی کورد زۆر لە باڵای هونەرەکانی گەورەتر و بەرزترن



**کاوە ئەمین: ئێوە لە سوێد ئازادن و لە شاخیش ئازاد بوون، ئەم دوو ئازادییە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**شێرکۆ بێکەس:** شاعیری راستەقینە زۆر لەوە گەورەترە کە رکێف بکرێ. شاعیری راستەقینە رەنگە فکری سیاسی خۆی هەبێت، ئەوە مەسەلەیەکە کە شاعیر وەک هەموو کەسێکی تر ئازادە، بەڵام شاعیر وەک هونەرمەند سەری ناداتە دەست کەس، هیچ شوێنێک ناتوانێ جڵەوی هەست و عاتیفەی بکات. شیعرێک ئەگەر لە دڵ و دەروونی شاعیر خۆی نەهاتە دەرەوە، بە فەرمانی ئیداری ئەم حیزب و ئەو حیزب نابێ بە شیعر، یەعنی تۆ ناتوانی یەکێک وا لێبکەیت بە زۆر دەنگی خۆش بێ، ناتوانی بە زۆر یەکێک وا لێبکەیت ببێتە شاعیر، یاخود بیکەیتە مۆسیقار. شاعیریش وەک هاونیشتمانییەکی کورد و وەک هەر یەکێک خاوەنی مەوقیفی سیاسی خۆیەتی، خاوەنی ئەوەیە باری سەرنجی خۆی هەبێ، رەنگە من بڵێم من باری سەرنجم بەم شێوەیە و رەنگە لە کۆمەڵەیەکی سیاسییەوە نزیک بێت، ئەمە ئاساییە. لە ناو مێژووی ئەدەبیی میللەتاندا ئەم مەسەلەیە زۆرە، هەر لە پاپلۆ نیرۆداوە بیگرە تا مایکۆفسکی و ئەندریە مالرۆ ئەم شتانە هەبووە، بەڵام شاعیر دروست ناکرێ. من پێش زۆرێک لەم حیزبانە، تەنانەت پێش ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروست بێت، شاعیر بووم، وەختێ یەکێتی نیشتمانی لەساڵی 1976دا دروست بوو، من سێ دیوانم هەبوو، بەڵام شاعیری میللەتەکەمم، شاعیری مەسەلەم، لەگەڵ ئەوەش هەموو ئەوانەی بە بیروباوەڕی سیاسی لە منەوە نزیکن، خۆشمەدەوێن و هاوڕێمن، بە دەیان هاوڕێی شەهیدم هەبووە لەو شاخانە هەتا ئەگەر وەک وەفای رەوشت و ئەخلاق و بیرکردنەوەی خۆشم بێت من ناتوانم هەرگیز ئەوانە لەیاد بکەم.

**کاوە ئەمین: ئێوە داستانی هەڵۆی سوورتان نووسی، لەم دواییەشدا خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێک کە لە دوو سەردەم و باروبۆخی جیاوازدا نووسراون، ئایا پەیامێکی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەو دووەدا؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێگومان، لەوانەیە مەسەلەی هاوبەش لە پەیامی ئازادی و مەسەلەی خاکدا هەبێ، لەو هاوارەدا هەبێ، رەنگە لە زۆربەی بەرهەمەکانی مندا هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا دوو ئەزموونی شیعریی جیاوازن. ئەم ئەزموونی خاچ و مارە وەک هونەر، زیاتر لە نووسینی چیرۆکی شیعر و رۆمانی شیعری نزیک دەکەوێتەوە، بەڵام داستانی هەڵۆی سوور قەسیدەیەکی درێژە، خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێک رووبارێکی گەورەترە، کەرەستەی فەرمی لە خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێکدا زیاتر پێگەیشتووە وەک لە داستانی هەڵۆی سوور، بەڕای من لەناو ئەم شیعرانەدا شتێکی ناوکۆیی دەدۆزیتەوە، رەنگە شیعرەکانی من تەواو سێ شتی گەورەی تێدا بێ، یەکێکیان مەسەلەی خۆنووساندن بە خاکەوە، بە ئازادی و بە سروشتی کوردستانەوە، ئەم سێ شتە سێ تەوەرەی گەورەی ناو شیعرەکانی منن، رەنگە لە زۆر شیعردا بیبینیتەوە، بەڵام هەرجارەو بە شێوازێکی تازەتر و بە شێوەیەکی هونەریی وا کە جیابکرێتەوە.

**کاوە ئەمین: ئێوە لە دیوانی خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێکدا، باس لەو باروبۆخە ناخۆشەی کوردستان دەکەن کە ئێستا هەیە لە باشووری کوردستان، تەنانەت ئێوە لە شیعرێکدا دەڵێن "شەرم ئەکەم، شەرم ئەکەم پێی بڵێم من کوردم"، ئەوە دەنگی خۆتە یاخود دەنگی ملیۆنان مرۆڤی کوردە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** بێجگە لە بازرگانانی شەڕ دەنگی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، چونکە نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە هەمیشە بازرگانی شەڕ هەیە، ئەو بازرگانی شەڕانە لە هەر شوێنێک بن، شەڕ لەوێیە، بێجگە لەوان ئەوە دەنگی هەموومانە، دەنگی هەموو کوردێکە کە لە شەڕی ناوخۆ و شەڕی خۆکوژی و براکوژیدا نەهامەتی میللەتەکەی خۆی دەبینێت، لەوێدا ئەو قسەیە راستەوخۆیە، ئیتر نە شیعر و نە هونەر نامێنێ، دەبێت بە شتێک قسە بکەیت راست و رێک بیڵێت، بۆیە لەو دیوانەدا ئەو رستەیە بەو شێوەیە، بەهیچ جۆرێک تەمومژ و پێچراوەیی تێدا نییە، چونکە شاعیر لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە شوێنێک، کاتی ئەوەی نابێ فریای رازاندنەوە بکەوێت، وەک ئەوەی یەکێک بێتە سەرت و بیەوێت بتکوژێت، تۆش لەوکاتەدا چیت پێبێت بەرگری لە خۆت دەکەیت، لەوێدا ئەو رستەیە راستەوخۆیە، شەڕی ناوخۆ کاریکی کردووە کە ئیتر هیچ شتێک نەماوەتەوە، ئەوەش تەقینەوەیە لەلای شاعیر کە بڵێ "من کورد نیم"، کار گەیشتووەتە ئەو رادەیەی ئێمە بە دەستی خۆمان ئازادی و خۆشیی میللەتەکەمان بخەینە چاڵەوە.

**کاوە ئەمین: ئەنفال و هەڵەبجە، دوو کارەساتی گەورەن کە لە مێژووی نوێی کوردیدا روویانداوە، ئەو دوو کارەساتە لە شیعری ئێوەدا چۆن رەنگیاندایەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** زۆر رەنگیان داوەتەوە، دەتوانم بڵێم لە شیعرەکانمدا چ لە خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێکدا، چ لە دەربەندی پەپوولە، چ لە شیعرەکانی تردا ئەنفال و هەڵەبجە، بوونەتە تانوپۆی گریانی بەشێک لەو شیعرانە، هەروەها بوونەتە تانوپۆی درەوشانەوەی هێزی ئەو قوربانیانە، ئێمە لە قوربانیدا هێزێکی گەورەش دەبینین، هەڵەبجە پێنج هەزار قوربانی داوە، بەڵام هەڵەبجە بوو بە هەموو کوردستان، لە دواییدا هەڵەبجە بوو بە هەموو دنیا، ئەنفال بە تایبەتی لە گەرمیان کە 182 هەزار قوربانی لە بیابانەکاندا شاردرانەوە، بە بڕوای من هیچ شیعرێک دەرەقەتی ئەنفال و هەڵەبجە نایەت، باڵای کارەساتەکانی کورد زۆر لە باڵای هونەرەکانی گەورەتر و بەرزترن، ئەنفال و هەڵەبجە چی بۆ بڵێیت هێشتا ناتوانی بگەیتە ئەژنۆی کارەساتەکە خۆی، ئەوەندە قووڵ و گەورەو بە ئێش و ژانە، باوەڕ ناکەم زمانێک هەبێ، جا زمانی هەر شاعیرێک بێت، بتوانێ بیکاتە ئەو باڵا ئاوێنەیەی کە بەتەواوی رازی بکات، بەڵام ئەمە نەک تەنیا پێویستی بە شیعر، پێویستی بە دەیان رۆمان و بە سەدان چیرۆک دەبێ، بەداخەوە هەڵەبجە و ئەنفال دەستیان بۆ براوە وەک شیعر و قەسیدە لەملا و ئەولا، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەوەی لە هونەری شێوەکاری و چیرۆک و رۆماندا بۆی نووسراوە زۆر کەمە.

**کاوە ئەمین: هۆکار چییە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** شت گوتراوە، بەڵام رۆمان جیاوازە. تەنیا ئەوە نییە کارەساتێکە و هەموو کەس بیکاتە رۆمان، چونکە ئەمە هونەرە، رۆمان لەدایکبووی شارستانیەت و پەیوەندییە شارستانیەکانە، لای ئێمە تازە سەریهەڵداوە، هەندێک بناغە هەیە وەک رۆمانی (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی، (ژانی گەل)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لەم ساڵانەی دواییدا عەبدوڵڵا سەراج، محەممەد موکری، حسێن عارف، ئەمانەمان هەیە، بەڵام هێشتا لە سەرەتادابن. دەبێت زیاتر لەسەر بابەتی رۆمان بوەستین، چونکە رۆمان کارێکی دووردرێژی ئەدەبییە، ئازادی و تەنانەت جێگیریی نەفسی و سیاسیشی دەوێ، پێمولیە ئەمە هەر پێدەگات، چونکە هەر کارەساتێکی نێو ئەنفال و بەسەرهاتی هەر خێزانێکی ناو ئەنفال خۆی بۆخۆی رۆمانێکە. کەسوکاری یەکێکیان وەربگریت و قسەت بۆ بکات، بۆخۆی چیرۆکێکە.

**کاوە ئەمین: ئەی بیری نەتەوەیی و کوردستانیبوون، یاخود سنوورەکانی کوردستان چۆن لە شیعری ئێوەدا رەنگیان داوەتەوە؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە، گەورەییەکەی لەوەدایە کە ئێمە نەک تەنیا لە شیعردا بەڵکو وەک فکری سیاسیشمان، هەتا عەقڵی سیاسی کورد، عەقڵێکی لۆکاڵی بێت، ناتوانین لە یەکتری تێبگەین، کاتێک دەتوانین ئەو عەقڵانە راماڵین کە کوردستانیانە بیربکەینەوە، دەبێ ئەوە بە تەواوی بسڕدرێتەوە کە ئەمە کوردستانی عێراقە و ئەمە

## ئەو شیعرەی لە دڵی میللەتەکەی خۆیدا نەژی لە دڵی دنیاشدا ناژی

کوردستانی ئێرانە و ئەوە کوردستانی تورکیایە، دەبێ وەک کوردستانی خۆی بیربکەینەوە، ئێمە پێناسەی خۆمان بە شوێنێکەوە نەنووسێنین، کاتێک پێناسەی خۆمان بەپارچەیەکەوە نووساند بیرکردنەوەشمان پارچە دەبێت، کەواتە پارچە پارچە دەبین بێ ئەوەی بزانین کە خۆمان بیرکردنەوەی خۆمان پارچە کردووە، ئێمە لەبیرکردنەوەدا پێویستمان بە یەکگرتنەوەی ئەو بیرکردنەوەیە هەیە، واتە یەکگرتنەوەی کوردستان، ئەو سنوورانە سنووری دەستکرد و داتاشراون کە داگیرکەری کوردستان دروستیان کردوون، ئەو کەسانەی کە چارەنووسی میللەتەکەیان لە رزگاری و سەربەخۆییدا دەبینن، یەکێک لە دوژمنە گەورەکەیان ئەو سنوورانەن، چونکە ئێمە قوربانی مەسەلەیەکی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکین کە کوردستانی ئاوا لێکردووە و لە یەکتری دابڕیوە، بۆ ئەوەی بەگژ ئەمەدا بچینەوە دەبێ زمانی ئێمە جا مەسەلە ئەدەب بێت یاخود فکر بێت، دەبێ ئەو زمانە یەکگرتوو بێ، واتە لەیەک کاتدا جەستەی دیاربەکریش ببینین و ئەویش ببیستین، لەیەک کاتدا مهاباد و سلێمانی ببینین، ئەمە دەتوانێ نەخشەیەکی یەکگرتووی بیرکردنەوەی سیاسیمان بداتێ، ئەگینا بە پارچە پارچەیی لە چواچێوەی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا، نەخێر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە فکری خۆمان بە جۆرێک بشێوێنین کە پارچە پارچەییمان تێدا دروست بکات، بەشێک لەمە ئەو عەقڵە سیاسییەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە و پەیوەندی گەورەی بەم مەسەلەیەوە هەیە.

**کاوە ئەمین: ئێوە دوای راپەڕین گەڕانەوە کوردستان، ماوەیەکیش پۆستی وەزیری رۆشنبیریتان وەرگرت، باشترین شت کە تۆ کردبێتت لەو ماوەیەدا چی بوو؟**

**شێرکۆ بێکەس:** من لە مانگی 10ی ساڵی 1991، واتە دوای راپەڕین بە چەند مانگێک گەیشتمەوە وڵات، دەمویست زووتر بچمەوە بۆ کوردستان، بەڵام لەبەرئەوەی کێشەی پاسپۆرتم هەبوو دواکەوتم، ئەوە بوو لە کوردستان مامەوە، لە دواییدا مەسەلەی هەڵبژاردن هات و لەسەر داوای هاوڕێکانم و دوای رازیبوونی خۆشم، چونکە پێموابوو ئەوە ئەزموونێکی گەورەیە بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی ئازاد و کوردستانێکی ئازاد بکەی کە هی خۆت بێت، میللەتێک کە تینووی دەنگدان و ئازادی و بەرەوەچوونی ئەو مەسەلەیە بێ، لەبەرئەوە منیش وەک شاعیرێک خۆم پاڵاوت لەسەر لیستی سەوز، لەدواییدا دەرچووم و لە رێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە، بە کۆی دەنگ پۆستی وەزارەتی رۆشنبیرییان دا بە ئێمە، ئەو کاتە هەموو شتێک لەسەر کەلاوەیەک بوو، جگە لە ئابلۆقەی ئابووری لەسەرەوە و لە خوارەوەش خاوەنی گیرفانێکی خاڵی بووین، مەسەلەی رۆشنبیری و راگەیاندن و تەلەفزیۆن و رادیۆ گیرفانی پڕی دەوێت، جگە لەوەش لەوکاتەدا یەکێک لە تەجروبە خراپەکان موونافەسەی حیزبی بوو، کەمتر مەسەلەی حکومەتی کوردستانیان دەبینی و زۆرتر خۆیان دەبینی، لەبەرئەوە یارمەتی گەورەمان دەویست، بۆنموونە هەموو حیزبەکان رادیۆ و تەلەفزیۆنی خۆیان هەبوو، بەڵام حکومەت نەیبوو، داوام دەکرد "بابە ئەم حکومەتە بۆ هەمووومانە، دەبێ ئەو ئەم شتانەی هەبێ نەک ئێوە"، بەڵام ئەو سەردەمە گوێگرتن کەم بوو، ئەوە هۆکار بوو بۆ ئەو سەرئەنجامە تاڵەی ئێستا دەیبینین، ئێمە گەلێ کارمان کرد، شتی باشمان کرد، ئەو کات هەفتەنامە و گۆڤارێکمان دەردەکرد، بۆ یەکەمجار مەسەلەی ئاژانسی هەواڵی کوردیمان دانا، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆوە سەرکەوتوو نەبوو، هەروەها گرنگیمان بە مەسەلەی هونەری دا، وەک گرتنی کۆڕی ئەدەبی، سیمینار و شانۆ، بەڵام گەورەتر ئەوەبوو کە لە پاریس پێشانگایان بۆ کرایەوە، هەشت هونەرمەندی کورد کارەکانیان لە کوردستانەوە برد بۆ پاریس، ئەویش بە یارمەتی فەرەنسییەکان بوو، سەرۆک میتران خۆی هات و پێشانگاکەی کردەوە، دەمانویست شتی گەورەتر بکەین، بەڵام من لە هەندێک شت بێزار بووم، ئەوەبوو ئیستیقالەم کرد و پێش شەڕی ناوخۆ لە مانگی 11ی ساڵی 1993 دەستم لەکار کێشایەوە و گەڕامەوە بۆ سوێد.

**کاوە ئەمین: شێرکۆ بێکەس تەنیا شیعر بۆ مرۆڤی کورد دەنووسێت، یاخود بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی؟**

**شێرکۆ بێکەس:** ئەوەی کە شیعر بۆ مرۆڤی کورد دەڵێت بۆ دنیای دەڵێت، چونکە مرۆڤی کورد بەشێکە لە مرۆڤایەتی، شیعری جوان، ئەدەبی جوان، هونەری جوان، کە بوو بە جوان ئیدی سنوورێک نامێنێ بۆی، ئەو شیعرەی لە دڵی میللەتەکەی خۆیدا نەژی لە دڵی دنیاشدا ناژی، ئەو هونەرەی میللەتەکەی خۆی خۆشی نەوێت، باوەڕناکەم دنیا خۆشیبوێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا شیعر بۆ مرۆڤایەتی شیعرگوتنە بۆ کورد و بە پێچەوانەوە، بەڵام ئێمە لە پەنجەرەی خۆمان و لە کەلتووری خۆمانەوە بیبین، تۆ تەماشای ئەدەبی ئەمریکای لاتین بکە، لە ناو هەموو دنیادا دەنگیداوەتەوە، چونکە لە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە دەستیانپێکردووە، لە هەمان کاتیشدا بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، شیعر لە هەر شوێنێک بێت گوڵە، شیعری جوان هەر جوانە، تەنانەت ئەو شیعرانەی کە وەردەگێڕدرێن بۆ زمانەکانی دیکە، رەنگە لە رووی زمانەوە بشێوێن، بەڵام مانای خۆیان هەر دەگەیێنن.

تینک تانکێکی ئەمریکا:

# دەوڵـەتی کـوردی نزیـکە



**جەیمس ڕەین**
**ڕووداو- نیویۆرک**

بـە وتـەی سـتیڤن کـوک، توێـژەر لە سـەنتەرێکی تینـک تانکـی ئەمریکـی بۆ پەیوەندییەکانـی دەرەوە، گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە مانای نزیکبوونـەوەی سـەربەخۆییە بـۆ کورد لە هەرێمی کوردستان".

"لێرەدا پێشـهاتێکی حەتمـی هەیە. من نازانـم ئـەو ڕۆژە کەیـە بـۆ سـەربەخۆیی کوردەکانـی عێـراق، بـەڵام لـەوە زووتـر ڕوودەدات کـە پێشـبینی دەکـرێ" ئەمـە قسـەی کوک بوو لە سـیمینارێکدا لەسـەر توندوتیژییەکانـی نێـوان ئیسـرائیل و فەلەسـتین و دەستبەسـەراگرتنی چەنـد ناوچەیەکـی عێـراق و سـووریا لەلایـەن دەوڵەتی ئیسلامی.

"کـوردەکان پابەند نیـن بە یەکگرتوویی عێـراق و بـە خەیـاڵ ناوی دەبـەن. ئەوان بەشداری پرۆسەی سیاسی لە بەغدا دەکەن تـا تۆمەتبار نەکرێن بە پارچە پارچەکردنی عێراق. کاتێک ئەم پرۆسە سیاسییە کۆتایی هـات بەبـێ ڕازیکردنی هیچ لایـەک، کورد بەرەو ڕێگای خۆیان دەڕۆن".

کوک لە واشـنتنەوە ئەم قسانەی دەکرد لەکاتێکدا دەوڵەتی ئیسـلامی بەردەوامە لە هەڕەشەکانی بۆ سەر بەغدای پایتەخت و لە باکووری عێراق پێشڕەوی کردووە، هەروەها پێشڕەویەکی کەمیشـی لە سووریا کردووە لە مانگی حوزەیراندا.

کـوک کـە مانگـی ڕابـردوو سـەردانی هەرێمی کوردسـتانی کرد، گوتی زیادبوونی نەوتی هاوردەی هەرێمەکە و نەرمی نواندنی تورکیا لەئاسـت دروسـتبوونی دەوڵەتێکی کوردی، ئامانجی سەربەخۆیی کوردی زیاتر بەهێز کردووە.

"تورکەکان بۆچوونیان نەرم بووە بەرامبەر بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان. مەسعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغانـی سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا جـۆرە پەیوەندییەکـی سەرنجڕاکێشـیان هەیـە کە تێیـدا بارزانی دەتوانێ ئەردۆغان بکاتە پادشای تورکەکان و ئەردۆغان دەتوانێ بارزانی بکاتە پادشای کـورد، هەروەهـا دەرکەوتنـی دەوڵەتێکی کـوردی لـە باکـووری عێـراق لـە ڕووی سیاسیەوە یارمەتی هەردووکیان دەدات".

یەکێکی دیکە لە قسەکەرانی سیمینارەکە، شـارەزای کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت ڕەی تاکیـە بـوو کـە گوتـی هەنگاونان لە دژی سـەرکردایەتی نووری مالیکی سەرۆک وەزیـران لـە بەغـدا نیشـانەیەک نەبوو بۆ ڕووخانـی وڵات، لەگـەڵ ئەوەشـدا گوتـی "جیابوونەوەی کوردستان ئاستەنگی زۆری لەپێش دەبێت".

تاکیـە دەڵێـت "سـەرم سـوڕماوە لـە کۆڵنەدانی عێراق وەکو وڵاتێک، هەر کاتێک عێـراق ڕووبـەڕووی قەیرانێـک دەبێتـەوە، خەڵکی لـە لاپـەڕەی ڕۆژنامەکانەوە داوای دابەشـکردنی عێراق بۆ سێ قەوارە دەکەن، گریمانـەی ئـەوە دەکـەن کە سـێ عێراق باشترە لە یەک".

تاکیـە هەروەهـا گوتـی "شـتێک هەیە دەربـارەی هێشـتنەوەی فیدراڵیەتێکـی ناجێگیـر و یەکگرتووییەکـی پـڕ لـە کێشـە لەنێـوان پێکهاتەکانـی عێـراق کە وادەردەکـەوێ لەلایـەن ژمارەیەکـی زۆری خەڵکـی ئـەو وڵاتـەوە پشـتگیری لێبکرێ بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ناکۆکی و جەنگانەی هەیانە لە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی وڵات".

# "مەلا کرێکار و داعش لە پشت هەڕەشەکانی سەر نەرویجن"

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- کۆپنهاگن**

نەرویـج لـە ئامادەباشـیی تەواودایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەری هێرشێکی "تیرۆریسـتی". هێـزە ئەمنییەکانی نەرویج دەڵێن بەڵگەیان لەبەردەسـتە کە جیهادییە ئیسـلامییەکان خۆیـان بـۆ ئـەو هێرشـە "تیرۆریستی"یە ئامادە دەکەن.

هەمـوو بنکەکانـی پۆلیس لـە ئەگەری ئـەو هێرشـانە ئـاگادار کراونەتـەوە و پۆلیـس و هێـزی ئەمنی لـە فڕۆکەخانە و سەرسـنوورەکان و شوێنە هەسـتیارەکانی دیکەدا جێگیر کراون.

کاربەدەسـتانی نەرویجـی دەڵێـن گرووپێک کە پێدەچێت سـەر بە جیهادییە چەکـدارەکان بـن و لە سـووریا ڕاهێنرابن، پلان بۆ هێرشـێکی "تیرۆریستی" لە نەرویج دادەڕێژن.

سـەرۆکی پۆلیسی ئاسـایش، بێنێدیکت بیۆرنلانـد هەواڵەکـەی پشتڕاسـتکردەوە و گوتـی: "ئـەو شـوێنەی بـۆ هێرشـەکە دەستنیشان کراوە لە ناو نەرویجە".

شـارەزایانی بواری گرووپە توندڕەوەکان دەڵێن هەم دەوڵەتی ئیسـلامی (داعش) و هەم مەلا کرێکار دەتوانن سـەرچاوەی ئەو هەڕەشـانە بن. مەلا کرێـکار دامەزرێنەری ئەنسارولئیسـلامە کـە گرووپێکی نزیک لە قاعیدەیـە. ئـەو لـە 2012ەوە لـە نەرویج زیندانی کراوە.

ماگنـوس ڕانسـتۆرپ کـە شـارەزایەکی دیاری بواری تیرۆریزمە، لەو باوەڕەدایە کە "جیهادییەکانی سـووریا پێوەندییان لەگەڵ تۆڕی مەلا کرێکار لە نەرویج هەیە".

ڕانسـتۆرپ دەڵێـت "ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێـت کـە نەرویـج بۆ ئـەو گرووپە تیرۆریسـتییانە جێگـەی بایەخـە. هاوکات گرووپـە نێودەوڵەتییەکـەی مەلا کرێکار لە کاتی جەنگی عێراقیشدا کاریگەری هەبوو".

لارس گولـێ کـە پسـپۆڕێکی دیکـەی بواری گرووپـە توندڕەوەکانە، پێیوایە داعش لە پشـت ئەو هەڕەشـانەیە.

گولـێ دەڵێـت: "ئەگەرچـی داعـش جـارێ هەڵمەتەکانـی خـۆی لـە سـووریا و عێراقدا چڕکردووەتـەوە، بەڵام ئەوان خاوەنـی ئایدیۆلۆژیایەکـی نێونەتەوەییـن و ئامـادەن لە هەموو شـوێنێک شەڕ بکەن".

ئـەو لـەو باوەڕەدایە کـە نەرویـج بەهـۆی یارمەتیدانـی ئەمەریکاوە لە شـەڕی ئەفغانسـتان بووەتە جێی بایەخی ئەو گرووپە جیهادییانە.

گولـێ هەروەها دەڵێـت، بڵاوکردنەوەی ئـەو کاریکاتێرانـەی لەسـەر پەیامبـەری موسـڵمانان دروسـتکرابوون و لە دانیمارک چاپکـران، کاریگـەری بەسـەر هەوڵـی هێرشـی جیهادییـەکان بـۆ سـەر وڵاتانی سـکاندیناڤییەوە هەیە "ئەوانـە هەموویان وایانکردووە کـە نەرویج بکەوێتە بەر دیدی جیهادیزمی نێودەوڵەتی".

هـاوکات بەپێی هەواڵێکی ئەی بی سـی نیوزی ئەمەریکا، کاربەدەستانی هەواڵگریی ئەمەریـکا دەڵێـن هەڕەشـەکان بـۆ سـەر نەرویج جێگەی باوەڕن.

لارس ئەندرسـەن، کـە لێکۆڵەرێکـی دانیمارکییـە، لـەو باوەڕەدایە کە سـێیەم سـاڵوەگەڕی هێرشـە تیرۆریستییەکەی نەرویـج توانیویەتـی دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکدا بنێتەوە.

ئەندرسەن دەڵێت "نەرویجییەکان زیاتر نیگەرانن چونکە پێشـتریش لـە 2011دا تیرۆریـان ئەزمـوون کردووە، لـە دورگەی یۆتئیا و لە ئۆسـلۆی پایتەخت کـە تێیدا 77 کەس بوونە قوربانیی ڕەشەکوژیی پیاوێکی ڕاستڕۆی توندڕەو".

ئەو دەڵێـت "پۆلیـس بەهۆی ئـەو هێرشـەی 2011ەوە بـەر ڕەخنەیەکـی زۆر کـەوت. بۆیـە ئەمجارە نایانەوێت هیچ ریسکێک بکەن".

لـە سـاڵی 2006ەوە، مـەلا کرێـکار لەنـاو لیسـتی تیـرۆری نەتـەوە یەکگرتووەکاندایە. لە 2012دا مەلا کرێکار بـە 5 سـاڵ زیندان حوکمـدرا، بەهۆی ئەو هەڕەشانەی لە سیاسەتمەدارێکی نەرویجی کردبووی.

عێراق داوای گەڕاندنەوەی مەلا کرێکاری کـردووە، بەڵام یاسـای نەرویج ڕێگە نادات تۆمەتبـار بۆ وڵاتێـک بگەڕێندرێتـەوە کە هەڕەشەی کوشتن یان ئەشکەنجەی لەسەر بێت.

کرێکار هەروەها تۆمەتبارە بە دامەزراندنی گرووپێکـی تیرۆریسـتی لـە ئەڵمانیـا. لە مانگی ئاداری ئەمسـاڵدا پۆلیسی ئەڵمانی لێکۆڵینـەوەی لەوبارەوە لەگەڵدا کرد و 10 کەس بەوهۆیەوە تۆمەتبار کراون.





# ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ لەژێر هەڕەشەدایە

**تێسا مانوێلۆ**
**ڕووداو- مۆنتریال**

ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـەی عێـراق کـە تێیـدا کـورد و سـوننە ڕووبـەری قەڵەمڕەوی خۆیان فراوانتر کرد، سـنوورە دەسـتکردەکانی ئەو وڵاتەیان خستووەتە ژێـر پرسـیارەوە، ئـەو سـنوورانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، نزیکەی سەدەیەک بەر لە ئێستا لەلایەن زلهێزەکانەوە کێشران.

زۆر لـە توێژەرانـی سیاسـی پێیانوایە دوای ئـەوەی دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شـام لە سەرەتای حوزەیرانی ئەمساڵەوە هێرشەکانی بۆ موسڵ دەستپێکرد، شتێک بە ناوی عێراقی یەکگرتوو نەما.

سوننە جیهادییەکان جاڕی "خەلافەتی" خۆیانیـان داوە و ڕووبـەری دەسـەڵاتی خۆشـیان لە حەلەبی سـووریاوە تا دیالە لە باشووری بەغدا دیاری کردووە. هاوکات سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، مەسعود بارزانـی بڕیـاری داوە کـە کـورد بەرەو سـەربەخۆیی هەنـگاو دەنێـت و لـە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردسـتانیش ناکشێتەوە. عێراق بەرهەمی ڕێککە وتننا مـە ی سایکس و بیکۆیە کە لە 1916 لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە بـۆ ڕاگرتنـی دەسـەڵاتی خۆیان واژۆکرا.

خالید ساڵح، سەرۆکی زانکۆی کوردستان لە هەولێر دەڵێت "لەڕاستیدا، بێ ئەوەی بارودۆخی ناوچەیـی و مێژوویـی ئـەو شـوێنانە لەبەرچاو بگیرێت، دەوڵەتی تازە و سـنووری تازە لەلایەن پایتەختـە ئەوروپاییەکانەوە بڕیاریان لێدرا. ئەم دۆخە تازەیە سـەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقـای گرتـەوە. لـە ماوەیەکی زۆر کورتـدا خەڵـک بوون بـە هاووڵاتیی قەوارە سیاسییە تازەکان".

مایـکل گەنتـەر شـارەزای بـواری کـورد و مامۆسـتای زانکۆی تێنێسی لە ئەمەریکا دەڵێت "زۆربـەی ئەو سـنوورە دەسـتکردانە نەتەوەی جیاوازیان خسـتە ناو یەک قەوارە یان لەیەکیان جیاکردنـەوە. ئەو حاڵەتە کێشـەی گەورەی لە عێراق و سووریا و لوبناندا دروستکرد".

گەنتـەر دەڵێت "ئێسـتا زۆر گرنگ نییە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو سـنوورانە چۆن دانراون، بەڵکو ئەوەی گرنگـە ئەوەیە خۆمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بگونجێنین کە ئێستا لە عێراق و سووریادا ڕوودەدەن و کورد و سوننە و شیعە لە یەک جیادەکەنەوە".

ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ کە لەڕاستیدا بـۆ ئـەوە بـوو بەرژەوەندییـە بازرگانییەکانـی بەریتانیا و فەرەنسا بپارێزێت، چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەستکردیشـی بـە دوای خۆیدا هێنا کە هەر لە سەرەتاوە بە قەیرانەوە لەدایک بوون. هاوارد ئێیسنسـات، مامۆسـتای زانکـۆی سـانت لۆرێنسی نیویۆرک و شارەزا لە مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانی بـە (ڕووداو)ی گـوت "هیچ شـوێنێک لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا یـەک نەتەوە نییـە. بۆیـە گەورەتریـن کێشـە لەبـەردەم ئـەو وڵاتانـەدا ئەوەیـە کـە ئەگەر نەتەوە بچووکەکان بەشداری دەسەڵات نەبن، مافیان دەخورێت و سەرکوت دەکرێن". کۆنترۆڵی چەکداران بەسـەر چەند ناوچەیەکی سوننەنشین و هەوڵی ئاشـکرای کورد بۆ سەربەخۆیی ڕەنگە گەورەترین هەڕەشە بێت کە لە یەکپارچەیی عێراق و ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ کرابێ.

خالید ساڵح دەڵێت "لەگەڵ داڕمانی سیستەمی سیاسـی لە کۆمەڵێک دەوڵەتی وەک سـووریا و عێراق و لیبیا، دەسـتەواژەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستا کەوتووەتە ژێر گوشارێکی زۆرەوە. ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە کە لە ژێر پاڵەپەسـتۆی ناوخۆ یان گوشاری گرووپە چەکدارەکاندا ئەو دەوڵەتانە فۆرمی دیکە وەربگرن".

بەغدا ئێستا لەنێوان کورد و داعشدا ماوەتەوە کـە هیچیـان یەکپارچەیـی عێراقیـان ناوێـت. سـەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسـعود بارزانی بـەرەو دەوڵەتـی سـەربەخۆ هەنـگاوی نـاوە و پێناچێت بەغدا هیچ گۆڕانێکی ڕاسـتینە بەسەر سیاسـەتی خۆی لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بهێنێت، لە کاتێکدا کە پرسی نەوت هێشتا هەر ماوە و بودجەی هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا هەر بڕاوە.

پرۆفیسۆر گەنتەر دەڵێت "تاوەکو ئەم دواییە دەوڵەتی کوردستان لە دەرەوەی چاوەڕوانی بوو، چونکـە وەک هەڕەشـە بۆ دەوڵەتانـی ناوچەکە دەخوێندرایەوە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کاتی ئەوە هەبووە کە دەسەڵاتداربوونی کورد ئەزموون بکرێـت، بە تایبـەت کە عێراق و سـووریا وەک دەوڵەتی پێشوو نەماون".

مانگی ڕابردوو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسـایەکی دەرکرد بۆ دامەزراندنی کۆمسـیۆنی هەڵبـژاردن کـە چاودێریـی ریفرانـدۆم لەمـەڕ سەربەخۆبوونی کورد دەکات.

بـەڵام گەنتەر دەڵێـت "ئەگەر داعـش بەرەو میانڕۆیی نەچێت، دەبێت بە هەڕەشـە بۆ سـەر کۆی دەوڵەتانی ناوچەکە، بە تایبەت ئیسـرائیل و کوردستان، چونکە ئەو دووانە عەرەب نین".

گەنتـەر هەروەهـا دەڵێـت "ئەگەرچـی دارشتنەوەی سنوورەکانی ئێستا لە بەرژەوەندیی کـورد و سـوننەدایە و چاوەڕوانکـراوە، بـەڵام گۆڕانکاری زۆر و خێرا دەتوانێت دۆخێکی ناجێگیر دروست بکات".



## لە نەمسا کچێکی کورد خنکا



**ڕووداو- نەمسا**

کچێکی کوردی دانیشتووی نەمسا لە مەلەوانگەیەکدا دەخنکێت. ئەو کچە کە ناوی سوهایە و تەمەنی 12 ساڵە، لەگەڵ 20 قوتابی خوێندنگەکەی لە شاری ئینسبروسک گەشتیان کردبوو بۆ مەلەوانگە. دوای ئەوەی لەلایەن کارمەندانی مەلەوانگەکە دەبینرێت کە بێهۆش بووە، یەکسەر دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ گیان لەدەستدەدات. بەپێی زانیاری کارمەندانی مەلەوانگەکە، سوها لەبەشی فێربوونی مەلەوانیدا مەلەی کردووە و بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک ئاگادار بکاتەوە، چووەتە نێو ئاوە قووڵەکە و لەوێ خنکاوە.

# بۆ سێ هەڵبژاردنەکەی سوێد 28 کورد بەربژێرن


جەبار ئەمین


ئیسماعیل کامیل


ئامینە کاکە


گولان ئاڤچی


ئەڤین ئینجەر


کوردۆ باکسی

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو پرۆسەی دەنگدان بۆ سێ هەڵبژاردنەکەی سوێد (پەرلەمان، شارەوانی و ئەنجوومەنی پارێزگا) دەستی پێکرد و 28 پاڵێوراوی کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتەش چاویان لە دەنگی ئەو هەزاران کوردەیە کە لەو وڵاتە نیشتەجێن.

پرۆسەی دەنگدانی پێشوەخت لە 31ی تەممووزی ڕابردووەوە دەستپێکردووە بۆ ئەو سوێدیانەی لە دەرەوەن. بەپێی ڕێنماییەکانی دەزگای هەڵبژاردن، سوێدییەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن لە ڕێگەی کونسوڵخانەکان و باڵیۆزخانەکانی سوێد لە وڵاتان دەنگ بدەن، بۆ ئەو وڵاتانەی کە باڵیۆزخانەی سوێدی لێ نییە، دەتوانن لە ڕێگەی بریکار، یان لەڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە دەنگ بدەن. پرۆسە سەرەکییەکەش لە 2014/9/14 بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ لە سوێد بەڕێوەدەچێت.

ئەمساڵ بۆ سوید ساڵێکی تایبەتە، چونکە 4 پرۆسەی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدرا، یەکەمیان دەنگدان بۆ پەرلەمانی ئەورووپا کە لە 2014/5/25 بەڕێوەچوو، ئەوانی دیکەش، هەریەک لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەوانییەکانی سوێدن.

بۆ کوردی ئەم وڵاتە کە ژمارەیان 150 هەزار کەسە و 1%ی دانیشتووانی سوێد پێکدێنن، دەبێتە 5 پرۆسە، چونکە ئەوان لەپاڵ ئەم پرۆسانەی هەڵبژاردن، دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش دا.

### باڵی چەپ دەسەڵات دەگرێتەوە دەست؟

ئێستا دوو پارتی سەرەکی ڕابەرایەتی باڵەکان دەکەن، باڵی ڕاست، پارتی مۆدیراتی فەرمانڕەوا ڕابەرایەتی دەکات، باڵی چەپیش لەلایەن پارتی سۆسیالدیموکراتی ئۆپۆزیسیۆنەوە ڕابەرایەتی دەکرێت.

باڵی ڕاستی فەرمانڕەوا پێکهاتوون لە: پارتی مۆدیرات، پارتی گەلی لیبراڵ، پارتی دیموکراتی مەسیحی و پارتی سەنتەر.

بەڵام باڵی چەپی ئۆپۆزیسۆن لە پارتی کاری سۆسیال دیموکرات، پارتی ژینگە – سەوز، پارتی چەپ پێکدێت. لە دەرەوەی هەردوو باڵەکەش، پارتی دیموکراتە سوێدییەکان (پارتی ڕەگەزپەرستی سوێد)ی ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

ئەنجامی کۆتایی دەنگی پارتەکانی سوێد لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپادا، هێمای گۆڕانکاری نەخشەی کارگێڕیی وڵات نیشان دەدات، بەوەی لەلایەک باڵی چەپ هاتەوە پێش بە زیادبوونی دەنگەکانی، لەلایەکی دیکەش زیادبوونی دەنگی پارتە ڕەگەزپەرستەکانە، لەوانەش پارتی سوێدییە دیموکراتەکان. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەگەری زۆری هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و دوانەکەی دیکەی مانگی 9 جارێکی دیکە پارتە چەپەکان بگەنەوە دەسەڵات.

### 350 کورد لەنێو دامەزراوەکانی سوێدن

بۆ کورد هەڵبژاردنەکانی سوید بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەم هۆکارانە: لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا لە سادەترینیان تا باڵاترینیان نزیکەی 350 کورد هەن و لە باڵاترین دامەزراوەکاندا کە پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، 6 ئەندامی کورد هەن، ئەوانیش ئیسماعیل کامیل و گوڵان ئاڤچی لە پارتی گەلی لیبراڵ، جەبار ئەمین و ڕێبوار حەسەن لە پارتی ژینگە. ئامینە کاکە باوە لە پارتی چەپ و شادیە حەیدەری لە پارتی کاری سۆسیال دیموکرات.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا کە لە 2014/5/25 بەڕێوەچوو، 6 بەربژێری کورد هەبوون و لە کۆی ئەو بیست کورسییەی سوید لە پەرلەمانی ئەورووپی هەیبوو، هیچ یەکێک لە کوردەکان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بەڵام هەردوو بەربژێری کورد کوردۆ باکسی و ئەڤین ئینجەر توانییان ببنە ئەندامی یەدەگی پەرلەمانی ئەورووپا.

لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا کە وەک دەنگدانی پێشوەختە لە 2014/7/31 دەستی پێکردووە و دەنگدانە سەرەکییەکە لە 2014/9/14 بەڕێوەدەچێت، دەنگ بۆ 349 کورسی پەرلەمانی وڵات دەدرێت.

لە پرۆسەکەدا 29 پارت بەشدارن و بەربژێریان بۆ هەریەک لە پەرلەمان و پارێزگا و کۆمۆنەکان هەیە.

### 28 کورد بەربژێرن

لەکۆی ئەو 29 پارتە، بۆ هەرسێ پرۆسەکە 28 کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە بەربژێرن و زیاتر بەسەر 8 پارتە سەرەکییەکەدا دابەش بوون. بۆ هەرسێ پرۆسەکەش چوار کورد سەرۆک لیستن.

ئیسماعیل کامیل، کە کوردی ڕۆژئاوایە و ئێستا ئەندامی پەرلەمانی سویدە، سەرۆکایەتی لیستی پارتی گەلی لیبراڵ دەکات لە هەرێمی ئۆپسالا.

ئەردەڵان شێخ، سەرۆکایەتی لیستی پارتی کاری سۆسیال دیموکرات دەکات لە ئۆپسالا. هەروەها جەبار ئەمین، سەرۆکایەتی لیستی پارتی ژینگە دەکات لە ئومیە سەر بە هەرێمی ڤینیستربۆینت. تارا تواناش سەرۆکی لیستی پارتی کاری سۆسیال دیموکراتە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا لەسەر ناوچەکانی نۆرماڵم و گەملستان کە دوو ناوچەی سەرەکی ناوجەرگەی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سویدن.

### کاندیدە دیارەکانی کورد

کوردۆ باکسی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئەو وڵاتە و دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵم. بەربژێری پارتی ژینگەی سەوزە و پێشتریش وەک یەدەگ بۆ پەرلەمانی ئەورووپا دەنگی بەدەستهێنا.

شادیە حەیدەری، دانیشتووی شاری یۆتۆبۆری، بەربژێری پارتی کاری سۆسیال دیموکرات.

ئامینە کاکە باوە، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و بەربژێری پارتی چەپە و ئێستا ئەندامی پەرلەمانی سویدە.

ڕێبوار حەسەن و جەبار ئەمین کە هەردووکیان خەڵکی باشووری کوردستانن، بەربژێری پارتی ژینگەن، ئێستاش ئەندامی پەرلەمانی سوێدن.

گولان ئاڤچی کە خەڵکی باکووری کوردستانە، بەربژێری پارتی گەلی لیبراڵە و ئێستا ئەندامی پەرلەمانی سویدە.

### پڕوپاگەندەی کوردی

بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە فەرمانگەی هەڵبژاردن بە زمانی کوردی لە پەیجی فەرمی دامەزراوەکەی بڵاوی کردوونەتەوە، دەبێت پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەهەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی وەک زمانی یەکێک لە نەتەوەکانی سوید بڵاوبکرێتەوە.

هەموو سویدییەکی خاوەن ڕەگەزنامە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات مافی بەشداری هەیە و بۆ ئەوانەی دەرەوە کە سوێدیان جێهێشتووە، مەرجە پێشتر بەشداری دەنگدانی کردبێت، یان ئەبەدەیتی خۆی لە دامەزراوەی باجی ئەو وڵاتە کردبێت.

سێ فۆڕمی جیاواز هەیە بۆ دەنگدانی پەرلەمان و شارەوانی و پارێزگاکان، کە بە ڕەنگەکانی زەرد و شین و سپی لە یەکدی جیاکراونەتەوە.

### کورد دەنگی پێنادەن

جەبار ئەمین، کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی سوێدە لە فراکسیۆنی پارتی سەوز، هاوکات بەربژێری هەمان پارت بوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا کە نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئێستا دووبارە بەربژێرە بۆ پەرلەمانی سوێد و سەرۆکایەتی لیستەکەی دەکات لەسەر هەرێمی ڤێستەربوتین.


جەبار ئەمین دەڵێت "لە هەرێمەکەی ئێمە زۆر بە ئاسانی دەنگ بەدەست دێت و ژمارەیەکی زۆر کوردیش هەیە، بەڵام دڵنیام زۆربەی کورد دەنگم پێ نادەن، چونکە لە لایەنێکی کوردی نزیکن". گوتیشی "بەداخەوە زۆر کەس و لایەن کوردبوون ناخەنە پێش بەرژەوەندییەکان". ئەو دەیبەستێتەوە بە ڕەخنەکانی ڕابردووی لەسەر پارتی و یەکێتی.

بەڵام نوێنەرانی پارتی و گۆڕان پێشتر بە (ڕووداو)یان گوتبوو کە کوردبوون پێش هەموو شتێکە و ئەوان تەنیا خەڵک هاندەدەن بۆئەوەی دەنگ بە بەربژێری کورد بدەن.

هەرچەندە ژمارەی کورد لە سوێد نزیکەی 150 هەزار کەس دەبێت و 75 هەزاریان مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام کوردۆ باکسی کە کاندیدی پارتی ژینگەیە، پێشبینی دەکات تەنیا 25 هەزار هاووڵاتی کورد دەنگ بدەن "ئەو ژمارەیەش بەسە بۆ دەرچوونی بەربژێری کورد، بەڵام بەو مەرجەی دەنگ بدەنە بەربژێری کورد".

کوردۆ باسی چانسی دەرچوونی خۆی دەکات و دەڵێت "من بەهۆی نووسینەکانمەوە زۆر لە سویدییەکان پشتگیریم دەکەن، هەروەها لە نێو PKK، پارتی، یەکێتی و گۆڕان جەماوەرم هەیە".

کوردۆ باکسی ڕەخنەی لە پەرلەمانتاران و بەربژێرەکانی پێشوو گرت و گوتی "بەربژێرەکان و زۆر لە پەرلەمانتارەکانی پێشوو هەڵەیان کردووە کە خۆیان لەلایەنی کوردی باشوور، یان باکوور نزیک خستووەتەوە، دەبێ ئامانجێکی ستراتیژیی کوردی هەبێت".



ڕێژەی دەنگەکانی پارتەکانی سوید لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا لە 2014/5/25

## دەبنە پێشمەرگە

# کوردی سکەندەناڤیا دەگەڕێنەوە


حەمە کەریم جاف

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- دانیمارک**

چەند گەنجێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتانی سکەندەناڤیا دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان، بۆئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان شەڕی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بکەن.

"هەردەم حەز دەکەم شتێک بۆ وڵاتی خۆم بکەم. نامەوێت تەنیا لەدانیمارک دانیشم و لە فەیسبووک لەسەر کوردستان بنووسم، دەمەوێت بە پراکتیکی شتێک بکەم". ئەمە قسەی حەمە کەریم جاف تەمەن 24 ساڵ بوو بۆ (ڕووداو).

ئازاد مەحموود حامید، کوردێکی باشووری کوردستانە و وڵاتینامەی دانیمارکی هەیە، ماوەیەک لە ڕیزی سوپای دانیمارک خزمەتی کردووە، ئێستا دەیەوێت ئەو ئەزموونەی لەوێ وەریگرتووە لە کوردستان بەکاریبهێنێت.

ئازاد، 27 ساڵ، گەڕاوەتەوە جەلەولا و دەڵێت "ئێمە زۆر قوربانیمان بۆ وڵاتەکەمان داوە. ئیدی ناتوانم تەنیا سەیربکەم و داعش بێت و هەموو شتێک وێران بکات".

ئازاد کە چەند خزمێکی لە جەلەولا شەهید بوون، دەڵێت "من لەوڵاتێکی ئارامی وەکو دانیمارک گەورە بووم، بەڵام ساتە هەرە ناخۆشەکانی ژیانی خۆم لەجەلەولا بەسەربرد". گوتیشی کە ئەو بەفەرمی هێشتا لەدانیمارک دەژیت و لەچێشتخانەیەک کار دەکات، بەڵام ئێستا مۆڵەتی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە کوردستان. ئەو دەڵێت لەمردن ناترسێت "ئێمە پێشمەرگەین، ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە. ئێمە ئامادەین بۆ خێزان، گەل و خاکی خۆمان بمرین".

جاف هەمان هەزری ئازادی هەیە. جاف و ئازاد لەخانەقین لەدایکبوون و لەسەرەتای 1990 هاتوونەتە دانیمارک، ئەوان بەهۆی کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال لەدژی کورد ڕایانکردبوو. هەردووکیان خزم و کەسوکاری خۆیان لەدەستداوە. هەردووکیشیان لەم وڵاتە بچووکەی سکەندەناڤیا گەورەبوونە و ئێستا بڕیاریانداوە بگەڕێنەوە کوردستان.

باوکی جاف چەندین ساڵ پێشمەرگە بووە و کاریگەری زۆری لەسەر کوڕەکەی بەجێهێشتووە. جاف دەڵێت "باوکم زۆر باسی پێشمەرگایەتی خۆی بۆ کردووین. داعش هێرشی کردووەتە سەر وڵاتەکەمان و منیش بڕیارمدا کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێمەوە". جاف بەردەوام دەبێت و دەڵێت "باب و باپیرانم چەندین ساڵ بۆ ئەم وڵاتە شەڕیان کردووە. من ڕێ نادەم داعش بە پشتگیری هەندێک عەشیرەتی عەرەب بێن و زوڵم لەئێمە بکەن. کوردستان دایکی ئێمەیە. چۆن پارێزگاری لەدایکم دەکەم، ئەرکی ئێمەیە کە کوردستانیش بپارێزین."

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پلانی خۆیان بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان ئاشکرا کردووە. دوای ئاشکراکردنی ئەم داواکارییەی کورد، چەندین وڵات ئامادەیی خۆیان بۆ دانپێدانان بە کوردستانێکی سەربەخۆ ڕاگەیاند، لەوانەش فەڕەنسا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، تورکیا، ئوردن و کوێت.

دانیمارک و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی حەز دەکەن عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و پشتگیری سەربەخۆیی ناکەن. ئەمە هەڵوێستێکی باش نییە بەبڕوای ئازاد "ئێمە 35 ملیۆنین، بۆچی مافی ئەوەمان نییە دەوڵەت دامەزرێنین؟ کوێت تەنیا 3 ملیۆنە، دەوڵەتیان هەیە".

لەنێو ئەو پێشمەرگانەی کە شەڕی داعشیان دەکرد و ئازادیش لەنێویاندابوو، کوردێکی دیکەش لەوێ بوو کە لە نەرویژەوە هاتبوو. سەرچاوەیەک لەڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لەنەرویژ کە نەیویست ناوی بهێنرێت، بە (ڕووداو)ی گوت کە چەند کوردێکی نەرویژ دەیانەوێت بگەڕێنەوە باشووری کوردستان بۆ شەڕکردن.

هەژار دەشتی پسپۆڕێکی کوردە لەزانکۆی کۆپنهاگن و لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کاریگەریی میدیای کۆمەڵایەتی بەسەر گەنجانی کورد کردووە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە کەمپینەکانی فەیسبووک وەکو "هەموومان پێشمەرگەین" لەنەرویژ و دانیمارک ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەهۆشیارکردنەوەی گەنجان و ئامانجی تەکنۆلۆژیای گۆڕی.

دەشتی دەڵێت "لەکاتی سەرهەڵدانی پێشمەرگەدا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، مۆبایل و ئینتەرنێت نەبوون. ئێستا هەموو کەسێک ئەم وێنە دڕندانەی داعش و پێشمەرگە بریندارەکان دەبینێت. ئەمە بووە هۆکاری تووڕەبوونی گەنجانی کورد لە تاراوگە، بۆیە بڕیاری گەڕانەوە دەدەن".

زۆر لەکوردی ئەڵمانیا و بەشەکانی دیکەی ئەورووپا لەساڵانی 1980 تاوەکو ئەمڕۆ دەچوونە ڕیزی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. بەڵام بەبڕوای دەشتی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەوکات و ئەمڕۆدا هەیە.

دەشتی دەڵێت "جیاوازییەکە لەوەدایە کە PKK لە لیستی تیرۆری وڵاتانی ئەورووپادایە، بەڵام پێشمەرگە وێنەیەکی جوانی لە ڕۆژئاوا هەیە".

دەشتی باسی ئەو ڕستەیە دەکات کە لەفەیسبووک بڵاودەکرایەوە لە کەمپینێکدا و دەڵێت "بەهۆی ئەم ڕستەیە "هەمووامان پێشمەرگەین" هیچ مەترسییەک بۆ کوردی عێراق نییە". دەشتی پێیوایە کوردی ئەورووپا زۆرتر دەبنە پێشمەرگە ئەگەر شەڕەکە گەورەتر ببێت "تاوەکو ئێستا شەڕ لەناوخۆی هەرێمی کوردستان نییە، تەنیا لەناوچە سنوورییەکاندا هەیە. بەڵام ئەگەر شەڕەکە نزیک ببێتەوە لە شارەکانی کوردستان، لەوانەیە زۆر گەنجی دیکەش بگەڕێنەوە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش".

## دەنگی کوردی لە فەرەنسایە



**رووداو- هەولێر**

گرووپی کوردی — فەرەنسی ناسراو بە "دەنگەکان" ئێستا لە فەرەنسان بۆ سازدانی کۆنسێرتێک. گۆرانیبێژانی گرووپی دەنگەکان لە کچێکی کورد و کوڕێکی بەریتانی پێکهاتوون. گرووپەکە پێکهاتووە لە چوار موزیکژەنی کورد و چوار موزیکژەنی بەریتانی و فەرەنسی. لە بنەڕەتدا ئەم گرووپە دوای دەستپێشخەرییەکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا بۆ ئامادەکردنی کۆنسێرتێک بەبۆنەی جەژنی نەورۆز پێکهات. بەهۆی سەرکەوتوویی و دەنگدانەوەی کۆنسێرتەکە گرووپەکە بڕیاری دا بەردەوام بێت لە سازدانی کۆنسێرتی دیکە. وریا ئەحمەد کە لە گرووپەکەدا عود دەژەنێت، رێبەرایەتی ئەو گرووپە دەکات.

گرووپەکە ئێستا لە فەرەنسان بۆ بەشداری فێستیڤاڵی ئینتەر-سێلتیک کە فێستیڤاڵێکی 10 رۆژییە و 700 هەزار کەس ئامادەی دەبن.

# رۆژان بە "ئەفسانەی حەوا" بەرەوڕووی شەڕ دەبێتەوە

**ئاڤا مۆما**
**رووداو- کەنەدا**

رۆژان لە بنەماڵەیەکی بەفەرهەنگ و کراوەدا پێگەیشتووە. هەر بۆیە زۆر لەو ناخۆشیانەی ئەزموون نەکردووە کە ژنان لە ئێران پێیدا تێپەڕیون. بەڵام ئێستا وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ، لەگەڵ مەزنەکانی هونەری کوردیدا گۆرانی دەڵێت و داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکات و هەوڵدەدات وەک سەرمەشقێک بێت بۆ کچە هەوادارەکانی.

بنەماڵەی رۆژان لە شاری سنە وەک نوخبەیەکی هونەری سەیر دەکرێن. رۆژان هەر لە تافی منداڵییەوە لەلایەن باوکییەوە پشتگیری کراوە و هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەستی بە گۆرانی کردووە. دواناوەندیی لە شاری کرماشان تێپەڕاند و هەر لەوێش خێرا گۆرانییەکانی بڵاوبوونەوە و گوێگرێکی زۆری لە رادیۆ بۆ پەیدابوو.

باوکی رۆژان کە لە ناوەندی هونەریدا رێزێکی زۆری لێدەنرا، لەگەڵ رۆژان بۆ ستۆدیۆی تۆمارکردن دەچوو. رۆژان دەڵێت باوکی باش دەیزانی لە وڵاتێکی پیاوسالاردا ژن بە ئاسانی تۆمەتی بۆ هەڵدەبەسترێت و ئەگەر سەرقاڵی هونەر بێت بە سووک سەیری دەکرێت، هەر بۆیە کاتێکی زۆری بۆ دەرچوون لەگەڵ کچەکەی و چاوەڕێبوون لە ستۆدیۆکان تەرخان دەکرد.

ژنانی دەوروبەری رۆژان، هەر لە دایکیەوە تا خوشکەکانی و دواتر، بە ماف و رێزی ئافرەت ئاشنا بوون. بەڵام لە دنیای دەرەوە زۆر ژن مافیان پێشێل دەکرا و بێڕێزییان پێدەکرا، رۆژان ساڵانێک دواتر پەی بەو راستییە برد.

رۆژان دەڵێت "راستییەکەی، کاتێک بۆ یەکەمجار چوومە هەولێر و لە رێکخراوەکانی ژنان نزیکبوومەوە، بۆم دەرکەوت کە سەرباری ئەو ئازادییەی لێرە بۆ ژنان دەستەبەر کراوە، هێشتا زەبروزەنگ لەدژی ژن تاڕادەیەکی زۆر ئامادەیە. لێرە ژن ئازادە چۆن جل لەبەر دەکات و تەنانەت دەبێت بە پێشمەرگەش، بەڵام توندوتیژیش دژی ژن بەربڵاوە".

دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەساڵی 1979، ژن چیدی بۆی نەبوو گۆرانی بڵێت. ئەوکات رۆژان و هاوسەرەکەی بۆ ئیتاليا کۆچیان کرد و لەوێ دیزاینی فاشیۆن یان هونەری پۆشاکی خوێند. کاتێکیش ساڵانێک دواتر گەڕایەوە ئێران، ژنان چیرۆکەکانی خۆیانیان بۆ دەگێڕایەوە.

ئەو دەڵێت "لە وڵاتێکدا کە ئافرەت وەک کەرەستە سەیر دەکرێت و رێزی مرۆڤێکی نییە، بە دڵنیاییەوە ژن بە هەموو شێوەیەک مافی پێشێل دەکرێ، تەنانەت لەنێو بنەماڵە دەوڵەمەندەکانیشدا".

هەروەها دەڵێت "ژن مافی جیابوونەوە و راگرتنی منداڵی نەبووە و ناتوانێت تەنانەت لە پیاوێک کە ناپاکیی لە بەرامبەردا کردووە جیا ببێتەوە. بۆ ئەوەی بە سووک سەیر نەکرێن تەنانەت چاویان لەو پەلامارانە پۆشیوە کە لەلایەن پیاوانی ئاشنا و نائاشناوە بۆ سەریان کراوە".

ساڵانێک دواتر کاتێک رۆژان و خانەوادەکەی بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کرد، ئەو دیسان دەستی بۆ هونەر و مۆسیقا بردەوە و یەکەم ئەلبوومی کە بە فارسی و کوردی بوو، لە ئێران دەنگێکی زۆری دایەوە.



### لەسەر گۆرانی فارسی رەخنەبارانی دەکەن

رۆژان دەنگبێژێکی فۆلکلۆرییە کە ئیلهامێکی زۆری لە مۆسیقای سۆفیگەرییەوە وەرگرتووە. ئەگەرچی ئەو زۆر پێداگری لەسەر ناسنامەی کوردیی خۆی دەکات و بە پۆشاکی کوردییەوە گۆرانی دەچڕێت، بەڵام هێشتاش بەهۆی گۆرانییە فارسییەکانی رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە.

ئەو دەڵێت "من ناتوانم کاریگەریی حافزی شیرازی و جەلالەدینی رۆمی لەسەر خۆم کەم بکەمەوە، لە کاتێکدا کە ئەوانە یارمەتییەکی زۆری هونەرەکەم دەدەن و بۆشایی نێوان فەرهەنگەکان پڕدەکەنەوە".

رۆژان کە ئێستا نیشتەجێی کالیفۆرنیایە، دەڵێت سەرباری ئەو رەخنانەی ئاراستەی دەکرێن، هێشتاش کۆمەڵگەی کوردی و فارسی پاڵپشتیی دەکەن و ئەویش بەردەوام دەبێت لەکاری هونەری.

### ژنێک لە کوێربوون رزگار دەکات

رۆژان بەشێک لە کاتەکانی خۆی بۆ کاری خێرخوازی تەرخانکردووە و یارمەتیی ماددیی ئەو ژنانە دەدات کە پێویستیان بە چاودێریی پزیشکی هەیە.

ئەو دەڵێت "دواجار یارمەتی دوو ژنم دا کە خۆیان سووتاندبوو و پێویستیان بە نەشتەرگەریی جوانکاریی هەبوو تاوەکو رووخساریان وەک خۆی لێبێتەوە. کاتێکیش کچێک بینایی بەهۆی دەرمانەوە لەدەست دابوو، من لێرە پێوەندیم بە دکتۆرەکانەوە کرد و ئاگاداری بارودۆخی بووم و کەمپینێکی گەورەمان لێرە بۆ رێکخست و داوامان لە ئێران کرد تاوەکو بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. چەند رۆژێک بەر لە ئێستا ئاگادار کرامەوە کە کچەکە بینایی بۆ گەڕاوەتەوە".

رۆژان لەڕێگەی کوڕەکەیەوە کە پارێزەرە، یارمەتی پێشکەشی ژنان دەکات و گوێ بۆ هەوادارانیشی دەگرێت. لەڕاستیدا، ئەو ئەگەرچی ژیانێکی زۆر ئەمریکاییانەی هەیە، هێشتاش پێڕادەگات وەک دایکێک یارمەتی ئەوانە بدات کە رووی لێدەنێن، یان هەر نەبێت گوێ لە خەمەکانیان بگرێت.

ئەو دەڵێت "دایکەکان دەتوانن دنیا بگۆڕن. هەر لەوکاتەوە کە لای لایە بۆ کوڕەکانیان دەکەن، تا دەگاتە شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بووکەکانیان، دایکان پەیامی ئەوە دەنێرن کە چۆن پێویستە رێز لە ژن بگیرێت. دایکێک کە بکوژی منداڵەکەی دەبەخشێت بۆ ئەوەی هێڵی تۆڵەسەندنەوە نەهێڵێت، لەڕاستیدا هیچی کەمتر نییە لە قارەمانێکی زۆر گەورە.

بەڵام سەرباری ئەو سەرکەوتنەی لە بواری مۆسیقا هەیبووە، رۆژان پاڵپشتییەکی کەمی لە ئەلبوومەکانییەوە پێدەگات، بۆیە تا ئێستاش بە سینگڵ گۆرانی دەداتە دەرەوە.



### ئەلبوومی دژە شەڕ

یەکێک لە خەونە هەرە گەورەکانی ئەوەیە کە لەگەڵ کۆمەڵێک گۆرانیبێژی ژن لە نەتەوەی جیاواز ئەلبوومێکی دژەشەڕ تۆمار بکات.

دایکایەتی بابەتی دوا گۆرانیی رۆژانە. گۆرانییەکە کە ناوی ئەفسانەی حەوایە و دژ بە شەڕ هۆنراوەتەوە و لەبارەی ئەو ژنانەوەیە کە لە دۆخی نالەباری عێراق و سووریا و فەلەستیندا ژیان بەسەر دەبەن.

بە گوێرەی ئەفسانەکان، حەوا دوو کوڕی هەبوو: هابیل و قابیل، یەکیان باش و ئەوەی دیکەیان خراپ. کاتێک خراپەکە باشەکەی کوشت، ئەوە حەوا بوو کە زیاتر لە هەر کەسێک ئازاری پێگەیشت. رۆژان دەڵێت "دایکان زۆرترین ئازار دەبینن".

# مریەمخانێکی دیکە پەیدابوو



**سالّح کەڤرپری**
**رووداو- ئامەد**

ژنە هونەرمەندی باکووری کوردستان "رۆژدا" دوای چەند ساڵێک لە دەرکردنی ئەلبوومی "سەبرێ"، ئەمجارەش بە ئەلبوومی "کەزی" هەوڵدەدات جێی خۆی لە دڵی هەوادارانی ئاواز و گۆرانی کوردیدا بەهێزتر بکات. رۆژدا گۆرانییەکی مەریەمخانی گوتووەتەوە کە زۆرکەس پێیانوایە ئەو مریەمخانی ئەم سەردەمەیە.

### "ژن سروشتی هونەری کوردییە"

رۆژدا پێیوایە کە ژن سروشتی هونەری کوردییە. بۆیە بەمشێوەیە باسی ئامانج لە دروستکردنی ئەو بەرهەمە دەکات کە بەشێکی زۆری بۆ ژن تەرخانکردووە و لەوبارەیەوە دەڵێت "ئێمەی هونەرمەندی کورد، لە دایکەکانمان، لەو ژنانەی کە بینیومانن فێری شێوازی ژیان بووین. ئەم ژنانە سروشتی هونەری ئێمەن".

هەروەها دەڵێت "ئێمە بە گۆرانی ئازارەکانمان، سەرهەڵدانەکانمان، خۆشییەکانمان دەگێڕینەوە. ئەم گۆرانیانە شایەتحاڵی مێژوون و باس لەژنی کورد دەکەن".

رۆژدا باس لەو ئازارانە دەکات کە گۆرانیبێژی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا دووچاری دەبێتەوە، ئەو دەڵێت "ئێمەی هونەرمەند و گۆرانیبێژی ژن زۆر بەربەست و ئازارمان چەشتووە. ئێمە لەپێناو دروستکردنی ژیانی هاوبەش بە کەللەرەقی گۆرانیمان گوتووە، هەندێکجار پێدەکەنین، جاریش هەبووە تووڕە دەبووین. بەڵام هەمیشە هەستی خۆمان بە ناسکی و نەرمی دەربڕیوە."

رۆژدا رۆڵەی خێزانێکە پڕ منداڵە. لە خێزانێکدا گەورە بووە کە لە 10 خوشک و برا (8 کوڕ و 2 کچ) پێکدێت.. باب و باپیرانیان لە جزیرەی بۆتانەوە هاتوون و لە مسرجی دەشتی خەرزان جێگیربوون. رۆژدا منداڵی بچووکی ئەو خێزانەیە.

رۆژدا باسی بنەماڵەکەی دەکات و دەڵێت "باپیرم ناوی مەلا عوسمان بوو کە مرۆڤێکی پایەبەرز و زانایەکی ئاینی بووە. باوکم ناوی ئەمین عوسمانە، کاتێک ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنێت تەمەنی 20 ساڵ بووە و دایکم 13 ساڵ بووە. خێزانەکەمان لە ناوچەی مسرج و دەوروبەری بە خانەوادەی "مەلا ئۆسمان" دەناسرێن.

### کاسێتی کوردی واتە گرتووخانە

دیارە لە تەمەنی منداڵی رۆژدادا ئەوکات گوتنی گۆرانی کوردی قەدەغەبووە، بۆیە لە قوتابخانەدا هەموو کاتێک گۆرانی تورکی گوتووە. رۆژدا باسی سەردەمی منداڵی خۆی و چۆنیەتی تێکەڵبوونی بە هونەری گۆرانی باس دەکات و دەڵێت "کاسێتێکی کوردیت لەدەست بگیرایە دەچوویە گرتووخانە، بەڵام دوای ساڵانی 90 کاتێک ئەو قەدەغەیە لەسەر زمانی کوردی هەڵگیرا، ئاوازی کوردیم ناسی، ئەوکات گرووپی شێروان هەبوو کە تازە دەرکەوتبوو. من گۆرانی (بەهار خۆشە و چاخێ گولان)م لەبەر کردبوو هەموو کاتێک دەمگوتنەوە، لە قوتابخانەش تەنیا من گۆرانیم دەگوت. مامۆستاکەم هەر دەیگوت بڵێ کچەکەم و منیش دەمگوت. بەڵام چونکە کوردی لە قوتابخانە قەدەغەبوو، بە زمانی تورکیم دەگوتن، هەرچەندە حەزم دەکرد هەر بە کوردی گۆرانی بڵێم".

### ناوەکەی بە دڵ نەبووە

ناوی رۆژدا (قەدریە شانسسن)ە. بەڵام دەڵێت ئەوە چەند ساڵێکە لەڕێی دادگاوە ناوی خۆی گۆڕیوە و کردوویەتی بە "رۆژدا". ئەو یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی گرووپی "گولێن خەرزان". چەند ساڵێک لەگەڵ "چیا"ی برای لەنێو ئەو گرووپەدا کاریان کردووە.


سەبارەت بە گۆڕینی ناوەکەی، رۆژدا دەڵێت "سەرەتا کە هاتمە نێو خەڵک داوام لێکرا ناوێکی هونەری بۆ خۆم دابنێم، منیش لەنێوان ناوی (گوڵستان) و (رۆژدا) ناوی (رۆژدا)م هەڵبژارد".

لەو رۆژەوە رۆژدا بە دەنگ و گۆرانییە خۆشەکانی میوانی ماڵەکانی ئێمەی کوردە. گۆرانی و میوزیک، بۆ رۆژدا هەموو شتێکە. رۆژدا وەها پێناسەی هونەر دەکات و دەڵێت "ژیانی من لەسەر ئەوە بنیاتنراوەو ناتوانم دەست لەم ژیانە کوردەوارییە هەڵبگرم".

ئێستا رۆژدا نوێترین ئەلبوومی بەناوی کەزی ئامادەیە، ئەو زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ئەلبوومەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "کەزی بەشێوازێکی نوێ تۆمار کراوە. گۆرانییەکانیش بریتین لە: وەرە لێ، ئەما نەمان، ساڵحۆ و نووریێ، سوارۆ، سێ ژن، خالێ جەمیل، سێڤا حەجی، ئاڤا گوندێم، پار ڤی چاخی، جەمبەلی، ئەحمەدێ مالا مووسا، ئەز گولم و رەشید پاشا".

ئەو گۆرانیانە کە سەرجەمیان فۆلکلۆرن، پێشتر لەلایەن گۆرانیبێژانی کوردی وەکو شاکرۆ، حوسەینێ ئۆمەری، حوسەینێ فارێ، مریەمخان، فادلێ کوفراگی، مەحموود قزل و سەعید ئاغای جزیری گوتراون.

ڕووداو
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4





## ژنێک دەخنکێت

**رووداو- کەلار**

پاش نیوەڕۆی رۆژی 2014/8/1 لە ناحیەی قۆرەتوو لە سنووری گەرمیان، ئافرەتێکی تەمەن 26، بە ناوی سارا ئەحمەد حوسێن، کە دایکی چوار منداڵ بوو لە ئاوی قۆرەتوو خنکا. بەپێی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، ئەو ژنە لەگەڵ کەسوکاری چووبوونە دەرەوە، بەهۆی مەلەکردن لە ئاوی قۆرەتوو خنکاوە، دواتر تەرمەکەی دەرهێنراوە و رەوانەی پزیشکی دادوەری کەلار کراوە. ئەو ژنە مەلەی نەزانیوە و کەسوکارەکەشی فریای نەکەوتوون رزگاری بکەن.

# کچەکەی بە گومانی سکپڕی بە چەقۆ دەکوژێت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

شارۆچکەی رانیە جەژنێکی پڕ لە رووداوی بەرێکرد و پریشکی رووداوەکان بەر ژنانیش کەوت. دوو رۆژ بەر لە جەژن، کچێکی تەمەن 16 ساڵان خۆی کوشت، لە دووەم رۆژی جەژنیشدا کچێک تەنیا لەسەر بنەمای "گومان" لەلایەن باوکە بەساڵاچووەکەیەوە درایە بەر چەقۆ و کوژرا.

(رووناک، ع) تەمەنی 48 ساڵ بوو، هێشتا تینوێتی و برسێتی مانگی رەمەزانی لەبیر نەچووبووەوە کە لەلایەن باوکە پیرەکەیەوە خەڵتانی خوێن کرا.

(رووناک) بەو تەمەنە 2 جار شووی کردبوو، بەڵام لە هیچ کامیان تاوەکو سەر نەبوو، مێردی یەکەمیان لە رووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەستداوە و مێردی دووەمیشی بەر تەقینەوە کەوتووە لە کەرکووک، بۆیە رووناک بە ناچاری روو لە ماڵی باوکی دەکاتەوە و دەیەوێت دوا ساتەکانی ژیانی لەگەڵ باوکە بەساڵاچووەکەی بەسەر ببات.

وەک دەگوترێت رووناک لە دووەم رۆژی جەژندا سەرقاڵی ئامادەکردنی نانی بەیانی بووە، بەڵام لە ناکاو باوکی بە چەقۆیەکی گەورە بەربووەتە گیانی و کوشتوویەتی.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، باوکی گومانی لەوە هەبووە کە کچەکەی سکپڕبووبێت، بۆیە یەکسەر پەلاماری داوە و کوشتوویەتی. بەڵام کەسێکی نزیک لەو خێزانە رەتیکردەوە رووناک لەسەر بنەمای ئەو گومانە کوژرابێت و گوتی "باوکی رووناک تەمەنی 81 ساڵە و چەند نەخۆشییەکی وەک شەکرە و فشاری خوێنی هەیە، هەستدەکرێت باری دەروونیی باش نەبووە، بۆیە چەند چەقۆیەکی لە کچەکەی داوە".

ئەو کەسە دەڵێت، ئەو گومانە بۆیە راست نییە "چونکە رووناک دووجار شووی کردبوو، هیچ منداڵی نەبوو، هەردوو مێردەکەشی مردوون، بۆیە رووناک بڕیاری دابوو شوونەکاتەوە، تاوەکو لە ژیاندا ماوە خزمەتی باوکی بکات".

بەپێی ئامارێکی پۆلیسی راپەڕین، لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لە سنووری ئیدارەی راپەڕین 283 حاڵەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان تۆمارکراوە، لەوانەش چوار ژن کوژراون یان خۆیان کوشتووە.

رائید مستەفا محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت "رووناک بە چەقۆ کوژراوە و چەقۆکان بەر مل و سنگ و پشتی کەوتوون. باوکی کچەکە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە، لە بەردەم پۆلیس دانی بە تاوانەکەیدا ناوە، بەڵام ئێستا ناتوانین هۆکاری تاوانەکە ئاشکرا بکەین تا ئەوکاتەی لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە تەواو دەبێت".



### کچێکی دەزگیراندار خۆی دەکوژێت

لەکاتێکدا خەڵک سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی جەژنی رەمەزان بوون و دەزگیرانەکەی مەرزیەش چرکە بە چرکەی دەژمارد تاوەکو بگاتە ئەو رۆژەی کە دەزگیرانەکەی دەگوازێتەوە، بەڵام مەرزیە خەون و خۆشییەکانی بە بادا و بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

رۆژی 2014/7/26 کچێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی مەرزیە حەسەن رەسوڵ، گوللەیەکی کلاشینکۆفی لە سەری خۆی داو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. مەرزیە و دەزگیرانەکەی بڕیاریان دابوو دوای جەژن بچنە مانگی هەنگوینی.

سەلاح ئەحمەد، خاڵی مەرزیە بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا بۆ ئێمەش روون نەبووەتەوە کە مەرزیە بۆچی خۆی کوشتووە، ئێمە هەموومان تاساوین بەو رووداوە".

خاڵی مەرزیە رەتیکردەوە کە مەرزیە بە زۆر بەشوو درابێت و گوتی "مەرزیە بە داخوازییەکەی رازی بوو، دوای مارەکردنیشی لەگەڵ دەزگیرانەکەی ناوماڵیان کرپبوو، بڕیاربوو دوای جەژن مەراسیمی هاوسەرگیری ساز بکەن".

ئەحمەد حەمەد ئیبراهیم، باوکی دەزگیرانی مەرزیە گوتی "کوڕەکەم لەگەڵ مەرزیە بە خواستی خۆیان هاوسەرگیرییان کردووە، شەو لە ماڵیان بووین و دیاریمان بۆ بردن و تا درەنگی شەو خزمەتیان کردین، لەگەڵ کوڕەکەم ئەوەندە یەکدییان خۆشدەویست، زۆرجار تاوەکو کوڕەکەم شیرینی بۆ نەبردبایە مەرزیە رۆژووەکەی نەدەشکاند، خۆمان و نزیکەکانیشی ئیرەییمان بەنێوانی ئەوان دەبرد".

سەبارەت بە بارودۆخی کوڕەکەشی، ئەحمەد حەمەد گوتی "کوڕەکەم لە خەفەتان خەریکە شێت دەبێت، بەردەوام بەدوایدا رادەکەین و لەسەر گۆڕی مەرزیە دەیهێنینەوە، نازانێت چی بکات، خواردن و خەوی نەماوە، بەڵێنی داوە دوای مەرزیە ژن نەهێنێت و بە تەنیا بژیت".

مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان مەرزیە بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشتووە، بەڵام نازانرێت بۆچی خۆی کوشتووە، کەسوکاری کچەکەش سکاڵایان لەسەر کەس نییە".

# کچانی ئێران ئازادی کوردستان بە جوانی تاران ناگۆڕنەوە

## "تا لێرەین، وەک کچانی ئێرە هەوا هەڵدەمژین"



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هەر چەند مەترێک لەملای ئەو خاڵە سنوورییەی کە سەربازە ئێرانییەکان لە دامێنی وێنەیەکی گەورەی ئایەتوڵڵا خومەینی، رێبەری کۆچکردووی ئێران و ئاڵا گەورەکەیانەوە بە وردی چاودێری هەموو شتێک دەکەن، ژیانێکی دیکە بۆ ئەو ژنانە دەستپێدەکات کە بەرەو بینایەکی دیکە دەڕۆن تاوەکو بەڵگەنامە و ناسنامەی خۆیان نیشانی کارمەندە کوردەکانی ئەو دەوازەیە بدەن.

مەبەست لە هاتنی ئەم گەشتیارانە جیاوازە کە زۆربەیان ماکیاژێکی تۆخ بە روخساریانەوە دیارە "هەموو ئەو ژنانەی من دەیانناسم، حەز دەکەن بێنە هەرێمی کوردستان و تاوەکو پارەیان پێیە لێرە بمێننەوە، لێرە کەس فەرمانت پێناکات کە سەرت داپۆشی و فلان جلوبەرگ لەبەر نەکەی". نەخشین محەممەدی وایگوت.

نەخشین، کە قژە زەردەکەی بەسەر شانیدا بەرداوەتەوە، بە پێکەنینەوە دەڵێ "ئەو 20 رۆژەی لە کوردستان دەبین، وەک کچانی ئێرە هەوا هەڵدەمژین، بەڵام رۆژی گەڕانەوەمان ناخۆشە".

زۆربەی ئەوانەی لەدیوی ئێرانەوە دێنە باشووری کوردستان، بەهەمان زمانی ئەو پۆلیسانە قسە دەکەن کە ئاڵایەکی کوردستان لەسەر قۆڵی راستیانە، بەڵام دەبێت مۆڵەتی فەرمی هاتنە ژوورەوەیان پێبدرێ، لەنێو ئەم گەشتیارانەدا کە گەشت ستایلێکی دیکەیان پێدەبەخشێ، خەڵکێکیش هەن کە فارسن.

لەیلا، زۆر قسەی نەکرد چونکە دەیگوت "بۆ کاتی گەڕانەوەم باش نییە". ئەو لە تارانەوە هاتووە و پێیوایە "ئەورووپای نزیک و هەرزانی ئێرانییەکان ئێستا هەرێمی کوردستانە". ئەوە سێیەمجارە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەو دەڵێ "خۆدەزانم تاران لە کوردستان خۆشتر و سەرنجڕاکێشترە، بەڵام لەوێ ئازادی نییە، ناتوانی ئەو لەچکەت لاببەیت، یان جلوبەرگێک لەبەربکەی کە خۆت حەزت لێیە".

بەقسەی لەیلا، ئەگەر لەبەر گرانیی نرخ نەبووایە، زۆرکەس حەزیان دەکرد لە پشووی هاویندا روو لە باشووری کوردستان بکەن "کاتێک کە ژن دەیەوێ سەرپۆش لەسەر نەکات، یان جۆرێکی دیکە جلوبەرگ لەبەربکات، مەسەلەکە بەرەڵایی یان دوورکەوتنەوە لە رەوشت نییە، بەڵام تۆ بڕوانە لە تاران هەموو جلەکانی ژن لەیەک دەچن". ئەو باسی ئەو پۆلیس و چاودێرانەی دەوڵەت دەکات کە لە وڵاتەکەی لەنێو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا دانراون "کاتێک کچێک دەبینن چەند تاڵێک لە قژی بەدەرەوەیە، بانگی دەکەن و فەرمانی پێدەکەن کە بە تەواوی سەری داپۆشێ، یان بە دەستەسڕێک ماکیاژەکە لە دەموچاوی دەکەنەوە".

راڕەوی هاتن و چوون لەنێوان سنوورپارێزە ئێرانی و کوردەکاندا وەک جاران جمەی نایەت، تانکەرە نەوتەکان رێگەی پەڕینەوەیان لێگیراوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانیش کەوتووەتە دەست بڕیاری سیاسییەکان و خاوبووەتەوە، لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، هێشتا گەشتیاران دێن و دەچن.

رۆستەم مەحموود، بەڕێوەبەری مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ دەڵێ هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ دراوسێی ناوچەی شەڕە لە عێراقدا و کاریگەرییە ئابوورییەکانی بەسەریەوە دەرکەوتوون، بەڵام ئەوە ئێرانییەکانی سارد نەکردووەتەوە و بەردەوام دێن و دەچن، ئەو رەتیکردەوە هەموو ئەوانەی هاتوچۆ دەکەن گەشتیار بن "بەشێکی زۆریان بۆ کار دێن و ئەوانەش کە لێرەوە دەچن، بەشێکی زۆریان بۆ چارەسەری پزیشکی دەڕۆن".

بەپێی ئەو ئامارەی لە بەڕێوەبەرایەتی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە دراوەتە (تۆڕی میدیایی رووداو)، لەماوەی 6 هەفتەی رابردوودا، 71 هەزار و 461 گەشتیار لەو سنوورەوە هاتوون و 71 هەزار و 520 گەشتیاریش لە باشووری کوردستانەوە چوونەتە ئێران.

دیمەنی پێچەوانەش هەیە بۆ ئەوانەی کە دەڕۆنە ئەودیوی سنوور، چونکە تەنیا بەڵگەنامە و نووسراوی رێگەپێدان بەس نین بۆ پەڕینەوەی کچان و ژنانی باشووری کوردستان.

تاڤگە عەلی، دەیەوێ بچێتە تاران بۆ ئەوەی پزیشکێکی باش ببینێ، بەڵام سەرپۆشێکی داوە بەسەریدا و روخساری لەژێر سەرپۆشەکەدا شاردووەتەوە بۆ ئەوەی رێگای پێبدرێ تێپەڕێ "ئاساییە بەلامەوە، چونکە تەنیا چەند رۆژێکم پێدەچێ و دەگەڕێمەوە".

سەرپۆش لە ئێران بووەتە سیمبولێک بۆ ئەوانەی لایەنگری مانەوەی ئەو سیستەمە ئیسلامییەن و ئەوانەی خوازیاری گۆڕانین. تەنانەت لەجۆری بەستنی سەرپۆش و رەنگی و روخساری ژنانی ئەو وڵاتەوە دەتوانی ئەوە دەستنیشان بکەی کە لایەنگر و نەیارانی رژێمی دەسەڵاتدار کامانەن. تەنانەت ئینتیمای سیاسی پیاوانیش لەو وڵاتە لە ستایلی جلوبەرگیانەوە دیارە. سەرپۆش بووەتە ناسنامەی ژنان لەو وڵاتە، هەرچەندە ئەو ناسنامەیە بە بۆچوونێکی ئاینی، پشتیوانی توند و بێ ئەملاولای لێدەکرێت لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەت و یاسادارێژەرانیەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە ژنانی ئەو وڵاتە هیواخوازن دەوڵەت هێندە چاوی لەسەر پرچ و روخساریان نەبێت.

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4



## سەرمایەدارێک بە چەقۆ بریندار دەکرێت

**ڕووداو- دۆکان**

ڕۆژی 2014/8/3 لە قەزای دۆکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، خاوەنی کۆمپانیایەک لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و بریندار دەکرێت. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو، ئەو کەسە بە سەختی بریندار کراوە و ئێستا لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی لە ژێر چاودێری چڕی پزیشک دایە. برای قوربانییەکە بە پۆلیسی ناوچەکەی گوتوە برایەکەی سولفەی لە بانک وەرگرتووە و دواتر چووەتە مزگەوتێک، دوای هاتنە دەرەوەی لە مزگەوت دراوەتە بەرچەقۆ.

# مەبەست خۆی خنکاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا دیواری مزگەوت و سەرە کۆڵانەکانی ڕانیە بە لافیتەی ڕەش پڕبوون، چونکە 13 پرسە لە مزگەوتەکانی ڕانیەدا هەبوون. بەڵام لە هەموویان زیاتر باسی خۆخنکاندنی مێردمنداڵێک دەکرا.

ئەو مێردمنداڵە تەمەن 17 ساڵانە کە ناوی مەبەست ئەبوبەکر بوو، ڕۆژی 2014/7/27 لە دووری ماڵەکەیان لە نێو زەوییەکی کشتوکاڵیدا خۆی خنکاند.

عومەر گوڵاوی، مامی مەبەست بە (ڕووداو)ی گوت "برازاکەم بە دارێکی هەنجیرەوە هەڵواسرابوو، بەڵام نازانین چۆن خۆی خنکاندووە، چونکە لەو کاتەدا کەسی لەلا نەبووە". گوتیشی "داوامان تۆمار نەکردووە، چونکە ناخۆشیمان لەگەڵ کەس نییە، هیچ شتێکی نامۆش بە دەستیەوە نەبینراوە کە جێی گومان بێت".

مەرگ زوو زوو یەخەی ئەو خێزانە دەگرێت، دوو مانگ پێشتر برایەکی مەبەست بە پەتی جۆلانە خنکا. پێشتریش دوو کچیان بەهۆی سووتانەوە مردوون. عومەر دەڵێت "لەنێو خێزانەکەمان 10 کەس بە ڕووداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەست داوە، دوو خوشکی مەبەست خۆیان سووتاندووە، 2 مانگ لەمەوبەر برایەکی بە پەتی جۆلانە خنکاوە، پێنج کەسی دیکە لە ماڵی برایەکەم بەر بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس کەوتوون، یەکێکیشیان لە حەمامدا خنکاوە".

بەبڕوای مامی مەبەست، زۆربەی کێشەکانی ئەو خێزانە بۆ خراپیی باری ئابوورییان دەگەڕێتەوە "براکەم سێ ژنی هێناوە و منداڵی زۆرن، مووچەکەی تەنیا 500 هەزار دینارە کە بەس بەشی کرێی خانوو دەکات". گوتیشی "مەبەست گەنج بوو، بەهۆی خراپیی باری ئابووری، نەیدەتوانی وەکو هاوتەمەنەکانی گرنگی بە خۆی بدات و گەنجایەتی بکات، تەنانەت لەبەر هەژاری وازی لە خوێندن هێنا".

عومەر سەری سووڕماوە لە خۆخنکاندنی برازاکەی، چونکە وەک ئەو دەڵێت "مەبەست کەسێکی زۆر دیندار بوو، بەردەوام بە دەم ڕێگاوە دوعای دەکرد و قورئانی دەخوێند، بەردەوام دەستنوێژی هەبوو، کوڕێکی خزمدۆست بوو". هەروەها دەڵێت "مەبەست خۆی بۆ جەژن ئامادەکردبوو، زۆر لۆمەی ئەو کەسانەی دەکرد کە خۆیان ئازار دەدەن".



ڕائید مستەفا محەممەد باپیر، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی ئەو ڕووداوە گوتی "ئیفادەی کەسوکاری مەبەست وەرگیراوە، دەرکەوتووە کە بە وایەرێکی کارەبا لە کێڵگە کشتوکاڵییەکەی خۆیاندا خۆی خنکاندووە، دۆسیە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوەو لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە". وتەبێژی پۆلیسی ڕانیە گوتیشی "45 ڕۆژ بەر لە ڕووداوی خۆخنکاندنی مەبەست، برایەکی بچووکی بە خنکاوی دۆزرایەوە".

بەپێی ئاماری پۆلیسی ڕانیە، لە ماوەی 7 مانگی ڕابردوودا 4 کەس لە سنووری قەزای ڕانیە بە پەت خنکاون یان خۆیان خنکاندووە.

### پاسەوانی بەرپرسێک خۆی دەکوژێت

لەلایەکی دیکەوە وەک پۆلیسی ڕانیە ڕایگەیاند، بەرەبەیانی 2014/7/24 لە گەڕەکی نەورۆزی قەزای ڕانیە، پاسەوانی بەرپرسێکی سەربازی بە ناوی ئیسماعیل غەفور، 30 ساڵ، بە کلاشینکۆفەکەی یەک فیشەکی لە خۆی داوەو دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. ئەو پاسەوانە خێزاندار بووە و دانیشتووی قەزای ڕواندز بوو.

هەروەها ڕۆژی 2014/7/27 لە گەڕەکی کێوەڕەشی ڕانیە گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی فوئاد ساڵح حەکیم، لە ماڵەکەی خۆیدا بە چەکی جۆری تاپڕ خۆی دەکوژێت، دەگوترێت ئەو گەنجە باری دەروونیی تێکچووە.

# عەسابەکانی بەغدا گەنجێکی کورد سەردەبڕن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە نزیک شارۆچکەی عەربەت، هەر ئەوەندەی ئۆتۆمبیلەکان گەیشتن، هەموو ئەوانەی لە چاوەڕوانیدا وەستابوون کەوتنە لەخۆدان و لاواندنەوەی تەرمەکەی نێو تابووتەکە. شیوەنی شەڕە تایفییەکەی بەغدا، لە ئێوارەیەکی درەنگوەختی دوایین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا گەیشتە سلێمانی.

بەڵام شیوەن و هاواری یەکێک لە ژنەکان سەرنجراکێشتر بوو "بۆ باوەشتان بۆ بکوژی کوڕەکەی ئێمە کردووەتەوە و دەریاناکەن". ڕێزان خوارەحم فرمێسکە گەرمەکانی بۆ محەممەدی برازای و گلەییەکانیشی بۆ حکومەتەکەی خۆی بوو لە باشووری کوردستان، کە داڵدەی هەزاران خێزانی عەرەبی داوە "ئەوان کوڕەکەی ئێمەیان برد و سەریان بڕی و سووکایەتییان پێکرد، ئێوەش پەنایان دەدەن و خزمەتیان دەکەن".

کەسوکاری محەممەد کامەران، ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی دوای زیاتر لە 34 ساڵ ژیان لە بەغدا، بەڵام قوربانی زۆریشیان دا بەو شەڕەی کە بەشێک نەبوون لێی، چونکە وەک خۆیان باسیدەکەن، هەرکاتێک سوننە کەوتبێتە کوشتنی شیعە، ئەوانیش قوربانییان داوە. محەممەد دواهەمین قوربانی ئەوان بوو.

خێزانەکەی محەممەد، لە (حەی قاهیرە) دەژیان لە بەغدا، جەمال ساڵح، ئامۆزای باوکی محەممەد، باسی ساڵی 2006 دەکات کاتێک شەڕی سوننە و شیعە لە دوای تەقاندنەوەی مەزارەکانی سامەڕا دەستی پێکردووە، شیعەکان چوونەتە سەریان و هەڕەشەیان لێکردوون و گوتوویانە "دەبێ ئێرە چۆڵ بکەن، چونکە سوننە لەم گەڕەکە جێگای نابێتەوە و تەنیا بۆ شیعەکانە". ئیدی ناچاربوون بەدوای گەڕەکێکی سوننەنشیندا بگەڕێن، بۆیە بەناچاری گەڕەکی غەزالییەیان هەڵبژاردووە.

جەمال، کە هێشتا ماندوێتی گەڕان بە دوای چارەنووسی محەممەد بەرۆکی بەرنەدابوو، پێیوایە ئیدی "بەغدا بۆ کورد دەستنادات".

ڕۆژی 2014/7/27، محەممەد کامەران 20 ساڵ و دوو هاوڕێی دیکەی عەرەبی سوننە مەزهەبی، لەبازاڕەوە بەرەو ماڵ دەڕۆنەوە، بەڵام بەر لەوەی بگەنەوە ونبوون. ئەو جۆرە ونبوونە کتوپڕە وەک جەمال باسیدەکات، ئێستا بووەتە هەواڵی چاوەڕوانکراو لای عێراقییەکان، بەتایبەتی سوننەکان "دراوسێکان گوتیان بەچاوی خۆیان بینیویانە جەماعەتی عەسائیبی ئەهلی حەق، ئەوانیان بردوون".

شیوەنگێڕانی قەراخ شەقامەکە، لە 5 خێزانی هەڵاتوو لەبەغدا پێکهاتبوون، لەگەڵ ژمارەیەک لە خزمە دوور و نزیکەکانیان لە سلێمانی.

بە درێژایی 2 ڕۆژ، جەمال ساڵح و کامەران خوارەحم، هەموو بەغدایان تەی کردووە بەدوای محەممەددا. دوای ڕۆژێک بە تەلەفۆنی محەممەد، پەیوندییان پێوەکردوون "داوای 20 دەفتەر دۆلاریان لێدەکردین"، بەڵام ڕۆژی دواتر تەرمەکەیان لە گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان لە (حەی قاهیرە) بە فڕێدراوی دۆزیوەتەوە لە قەراخ شەقامەکە "زۆر ئەشکەنجە درابوو، نێو دەمیان پڕکردبوو لە لۆکە و لەزگەیان لێدابوو، تورکەیان کردبوو بەسەریدا و بە ئارەزووی خۆیان چەقۆیان بە ملیدا هێنابوو، بەڵام دوو هاوڕێکەی چاویشیان دەرهێنرابوو". جەمال ساڵح وایگوت.

دوای ناشتنی محەممەد، خێزانەکەی پرسەیان بۆ دانا، کامەران خوارەحم، باوکی محەممەد لە ژێر خێمەکەدا بە قوڕگی پڕگریانەوە بەخێرهاتنی ئەوانە دەکات کە بۆ دڵنەوایی هاتوون. کامەران نەیتوانی هیچ لەبارەی کوڕەکەیەوە بڵێ.

ئاکۆ خوارەحم، مامی محەممەد، وەک ئەوەی هێشتا محەممەد لە بەردەمی بێت و ئامۆژگاری بکات، قسەی دەکرد "زۆرمان پێگوت ڕۆژانی هەینی مەڕۆ دەرەوە، چونکە ڕۆژانی هەینی ئەم شارە بەتەواوی حکومەتی تێدا نامێنێ و دەکەوێتە دەست میلیشیا شیعەکان و بە ئارەزووی خۆیان لەسەر جادەکان سەیتەرە دادەنێن، بەس بۆ ڕاوکردنی خەڵکی سوننە و کورد، تەقینەوە چەند کەسی لێبکوشتنایە ئەوان ئەوەندەیان لە سوننە و کورد دەدایە پێش خۆیان و دەیانکوشتن".

محەممەد کامەران خوارەحم، خوێندکاری قۆناخی دووەمی کۆلێژی زانست بوو لە زانکۆی موستەنسەرییە. 3 ساڵ لەمەوبەر، ئامۆزایەکی دیکەی هەر لە شەڕی شیعە و سوننەدا کوژرا، بەڵام ئەو سوننەکان کوشتیان. ئەوان دەڵێن لە عێراقدا شیعە و سوننە هەرکامیان باڵادەست بن، وەک یەک سەیری کورد دەکەن.

ئەو ڕۆژانەی جەمال ساڵح و باوکی محەممەد سەرقاڵی گەڕان بوون بە دوای کوڕەکەیاندا، لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس ئەفسەرەکە زۆر بە ساردی وەڵامی داونەتەوە "پێیگوتین باشە ئێوە چیدەکەن لەبەغدا؟ بۆ ناگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆتان لە کوردستان". ئاکۆ خوارەحم دەڵێ بڕیاریانداوە هەرگیز نەگەڕێنەوە بەغدا "ئەو گەڕەکەی ئێمەی لێبووین، 8 کەسی تێدا ڕفێنرابوو، ئایا ئەوە وڵات و حکومەتە؟".





**ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر** *

## سمێڵی لەسەر دانا

ئافرەتێک هاتە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، گوتی سکاڵام لەسەر مێردەکەم و خوشکی مێردم هەیە، ڕاپۆرتی پزیشکیشم هەیە کە لێیان داوم، بەڵام هیچیان بۆ ڕۆژێکیش نەگیران و بەکەفالەت ئازاد کران. دواتریش خوشکی مێردم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی تازە دەبێت هەر تەڵاق بدرێی، مادام داوات لەسەرمان تۆمار کردووە. بۆیە پاش هەفتەیەک پسوولەی ئاگادارکردنەوە (ورقە تبلیغ)م بۆ هات لە لایەن دادگای باری کەسی کە مێردەکەم لە دەرەوەی دادگا تەڵاقی داوم، بەبێ ئەوەی ئاگادارم بکاتەوە.

مێردەکەم پارێزەری گرتبوو، هەموو کارەکانی بە پارێزەرەکەی تەواوکردبوو، منیش لەبەر ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی داراییم نەبوو، نەمتوانی پارێزەر بگرم، ماڵی باوکیشم باری داراییان باش نییە.


ئێمەش وەکو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان پێمانڕاگەیاند سەبارەت بە داواکەت کە تۆمارت کردووە لە دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانی، دەبووایە تانەت لە بڕیاری ئازادکردنی ئەو دووانە دابایە، چونکە بۆت هەبوو لە ڕۆژی دوای بڕیارەکە تاوەکو مانگێک داوای تەمیزکردنەوەی بڕیارەکەت کردبایە لە دادگای تاوان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم داوایە بە کۆتا نەهاتووەو لەگەڵ تەواوبوونی هەموو ڕێڕەوەکانی لێکۆڵینەوە داواکەت ڕەوانەی دادگای (کەتن) دەکرێت بۆ دادگاییکردنی مێردەکەت و خوشکەکەی. بەپێی مادده (7) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، ئەگەر تۆمەتەکە لەسەریان ساخ ببێتەوە حوکمەکەیان غەرامەکردنە یان حەپسکردنە هەروەکو لە مادده (7)ی یاساکەدا هاتووە کە دەڵێت "سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، هەروەها بە بژاردن (غەرامە) کە کەمتر نەبێت لە یەک ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە).

سەبارەت بە تەبلیغی تەڵاقدانەکەت پێویستە لە ڕۆژی دیاریکراو سەردانی دادگای باری کەسی بکەی، پاش وەرگرتنی بڕیاری تەڵاقدانەکەت بەشێوەیەکی قەتعی، بۆت هەیە داوایەکی نوێ لە هەمان دادگا تۆماربکەی بۆ وەرگرتنی مافەکانت لە مارەیی و بژێوی و قەرەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکای پارێزەران هەیە بۆ دابینکردنی پارێزەر بۆ ئافرەتانی کەمدەرامەت بۆ وەرگرتنی مافەکانتان. بەمشێوەیە ئەم ئافرەتە نووسراوی بۆ کرا بۆ پرۆژەی هاوکاریی یاسایی بۆ دابینکردنی پارێزەری خۆبەخش و وەرگرتنی مافەکانی.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

ڕووداو
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4

# منداڵانی کورد لەژێر بۆردومانی حەماسدا چارەسەر دەکرێن



**لازار بێرمان**
**ڕووداو- ئۆرشەلیم**

جەنگ لە ئیسرائیل و غەززە بەردەوامە. هاوشێوەی خەڵکی سڤیلی غەززە و ئیسرائیل کە هەوڵدەدەن خۆیان لە کارەساتەکانی ئەو جەنگە بپارێزن، چەند خێزانێکی کوردیش بەهۆی بۆردومانەوە لە دۆخێکی خراپدان.

خەیری کە خەڵکی شنگالە، لەگەڵ ویسامی کوڕە یەک ساڵانەکەی لە ئۆرشەلیمە. ویسام نەخۆشیی دڵی هەیە و باوکی بۆ چارەسەرکردنی لەڕێی ڕێکخراوی شەڤەت ئاخیم هێناویێتییە نەخۆشخانەیەکی ئیسرائیل. بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە ئۆرشەلیمە و گرنگی بەو منداڵانە دەدات کە نەخۆشیی مەترسیداریان هەیە. ڕێکخراوەکە ئەو منداڵانە دەهێنێتە نەخۆشخانەکانی ئیسرائیل بۆ چارەسەرکردن. هەروەها ئاگاداری منداڵەکان و خێزانەکانیان دەبێت لەو ماوەیەدا کە لەوێ دەمێننەوە.

خەیری کە جار جارە ناچار دەبێت لەترسی مووشەکەکانی حەماس خۆی حەشار بدات، دەڵێ "سوپاس بۆ خوا مووشەکەکان دوور لە ئێمە کەوتنە خوارەوە". بەڵام ئەو بە دەنگی تەقینەوەی مووشەکەکان شپرزە نابێت. ئەو دەڵێت "ئەمە بەراورد بەوەی لە عێراق هەیە هیچ نییە، چەندین جار بۆمببارانم بینیوە".

خەیری کوردێکی ئێزدییە و لە ناوچەکەی خۆی پۆلیسە. دەزانێ کە ڕەنگە بەهۆی سەردانیکردنی ئیسرائیلەوە کارەکەی لەدەستبدات، بەڵام نەیویستووە ئەو هەلە لەدەستبدات کە بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکەی ڕەخساوە. ئەو دەڵێت "کوڕەکەم زۆر گرنگترە لە کارەکەم". ئێستاش کە ئیسرائیلی بینیوە، پەشیمان نییە لە هاتنەکەی "لە نەخۆشخانە، خەڵک هەرچۆنێک ڕەفتار بکەن، هەڵگری هەر ئاینێک بن گرنگ نییە. لێرە خەڵک ئازادە، جولەکە ئازادیی فەراهەم کردووە". خەیری باسی ئەوەشی کرد کە حەزدەکات بە ماڵ و منداڵەوە بێتە ئۆرشەلیم.

باڵەخانەی ڕێکخراوی شەڤەت ئاخیم خاوەنی پەناگەی دژە بۆمب نییە، بەڵام وەک بینایەکی کۆن و لەبەرد دروستکراو، پێدەچێ بەرگەی مووشەکەکانی قەسام بگرێت کە لە غەززەوە هەڵدەدرێن.

لەگەڵ هاتنی دەنگی مووشەکەکان، ستافی شەڤەت بەخێرایی خێزانەکان دەبەنە سەر پلیکانەکانی باڵەخانەکە، چونکە لەوێ هیچ پەنجەرەیەکی لێ نییە کە بەهۆی تەقینەوەکانەوە بشکێت. دایکەکان تەنیا 90 چرکەیان هەیە بۆئەوەی لەسەر جێگاکانیان هەستن و منداڵەکانیان خەبەر بکەنەوە و بەپەلە خۆیان بگەیەننە سەر پلیکانەکان بەر لە کەوتنەخوارەی مووشەکەکان.

پیاوێکی خەڵکی دهۆک لەگەڵ کوڕە 12 ساڵانەکەی لە ئۆرشەلیمە کە نێوی داوە. ئەویش کێشەی دڵی هەیە و لە چوار مانگی ڕابردوودا زنجیرەیەک نەشتەرگەری بۆ کراوە.

ئەویش وەکو خەیری لە دەنگی مووشەکەکان ناترسێت. دەڵێت "هەرچی خوا ویستی لەسەر بێت ڕوودەدات. لە وڵاتی خۆشمان شەڕە". ئەو هێندە بێخەمە کە لەکاتی هاتنی مووشەکان ناچێتە پەناگەش، بەڵام کوڕەکەی دەچێت. ئەو دەڵێت "متمانەم بە خوا هەیە".

سرووەش لە چەمچەماڵەوە هاتووە. مانگێک لەمەوبەر لەگەڵ ئارامی کوڕە 3 ساڵەکەی گەیشتوونەتە ئیسرائیل. بەپێچەوانەی ئەوانی دیکەوە دەنگی مووشەک دەیترسێنێ. سروە گوتی "هەمیشە یەکەم کەس دەچمە خوارەوە، بەڵام کە هەموومان پێکەوە بین، ناترسێم".

یەکێک لە ئەندامانی ستافی فەلەستینی ڕێکخراوی شەڤەت پیاوێکی مەسیحییە و داوایکرد ناوی نەهێنین، سەرەڕای بەردەوامیی شەڕ، کار بۆ هێنانی منداڵە نەخۆشەکانی غەززە بۆ ئیسرائیل دەکات. ئەو دەڵێت بەچاوی خۆی بینیویەتی کە حەماس بۆماوەی سێ کاژێر نەخۆشەکانی ڕاگرتووە لەخاڵی پەڕینەوە، لەکاتێکدا لەبەشی ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل تەنیا بە 10 خولەک تێپەڕیون. لەکاتی هاتنی مووشەکەکانیش ناچاربووە خێزانە غەزەییەکان بگەیەنێتە نەخۆشخانەکانی ئیسرائیل، لەوانە نەخۆشخانەی وڵفسن لە هۆلۆن. ئەگەر دەنگی مووشەک بێت، ڕێنماییەکە بەو جۆرەیە کە دەبێ دەستبەجێ ئۆتۆمبێل بوەستێنی و دابەزیت، لەسەر سک درێژبیت و بەدەستت سەر و ملت بپارێزیت.

جۆش مایلس، کارمەندێکی شەڤەتە و کوڕی دامەزرێنەرەکەیەتی، بەرپرسیارە بەرامبەر گەیاندنی خێزانەکان بە شوێنی سەلامەت لەکاتی هاتنی مووشەکەکان. جۆش دەڵێت "دایکەکان تەواو ئارامن، هەندێک لە ئەندامانی ستافەکە زۆرتر لەوان شڵەژابوون. ئێستا هێنانی خەڵک لە غەززەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئیسرائیل سەختتر بووە. دوو خێزانی غەززەیی زۆر دەترسان لە تێپەڕین بە بەشی باکووری کەرتی غەززەدا کە سەختترین شەڕی بەخۆوە بینیوە، بۆ ئەوەی لەوێوە بگەنە خاڵی پەڕینەوە بۆ ئیسرائیل. دوو خێزانی دیکەش لەلایەن حەماسەوە ڕێگرییان لێکراوە خۆیان بگەیەننە ئیسرائیل. لە بەشی باشوور شەڕ چڕتر دەبێت، بەڵام لە ئۆرشەلیم و هەموو نەخۆشخانەکانی ئیسرائیل، خێزانە کوردەکان خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان باشترین چارەسەری پزیشکی وەربگرن.

مامۆستایانی زانکۆی تکریت و پۆلیسی فەللوجە لە سلێمانی مووچە وەردەگرن

# مووچەی فەرمانبەرانی عێراق حەواڵەی کوردستان دەکرێت



**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی شارەکانی ناوەڕاستی عێراق و ئاوارەبوونی هەزاران عەرەب بۆ کوردستان، بازاڕی حەواڵەکردنی دراو لە کوردستان گەرم بووە. بازرگانانی دراو دەڵێن مووچەی هەندێک فەرمانبەری عێراق لە ڕێگەی ئەوانەوە حەواڵەی کوردستان دەکرێت.

ژمارەی ئاوارە عەرەبەکان لە کوردستان لە ملیۆنێک نزیک بووەتەوە و 9 هەزار خێزانیان تەنیا لە پارێزگای سلێمانین. ئەوەش وایکردووە کە ئێستا سلێمانی بە چڕی بە حەواڵەوە خەریک بێت "لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە پارە دەنێرن بۆ سلێمانی، بەهۆی شەڕەوە". خاوەنی یەکێک لە نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو وادەڵێ.

خاوەنی ئەو نووسینگەیە کە ڕۆژانە بڕێکی زۆری پارەی حەواڵەکراوی بۆ دێت، گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی پارەیان لە بەغداوە بۆ دێت بۆ سلێمانی مووچەخۆرن". هەژار عەلی، خاوەنی کۆمپانیایەکی ڕێگەپێدراوی دراو، دەڵێت ئێستا زۆرترین قازانجی ئاڵوگۆڕی دراو لەو حەواڵەیە کە لە نێوان سلێمانی و بەغدا دروستبووە "ڕۆژانە زیاتر لە هەزار حەواڵە لە بەغداوە دێتە بازاڕی سلێمانی، هەروەها ئەم حەواڵەکردنە لە 100 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات و بەپێی ڕۆژیش بەرزترین حەواڵە گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ یەک ملیۆن دینار حەواڵەکردن 10 بۆ 20 هەزار دینار وەردەگیرێت".

بەشێک لەو ئاوارانەی لەسلێمانی جێی خۆیان کردووەتەوە، مووچەخۆری حکومی بوون و ئەمڕۆ هەرچەندە لە ئاوارەییدان، بەڵام مووچەکانیان نەبڕاوە، مانگانە لەلایەن کەسوکاریانەوە پارەکانیان بۆ وەردەگیرێت و حەواڵەی سلێمانی دەکرێت.

هەژار دەڵێ جۆری حەواڵەکردن جیاوازە، کەسی واهەیە تەنیا 100 هەزار دیناری بۆ دێت، ئەویش زیاتر لەو کاتانەدایە کە پارەیان لێدەبڕێت، بەڵام زۆربەی کات "مووچەی بەکۆمەڵ لەبەغداوە دێت بۆ فەرمانبەران و لە سلێمانی دابەشی دەکەن". گوتیشی "سەرەتای مانگی ڕابردوو 700 ملیۆن دینار مووچەی پۆلیسی فەللوجە لەڕێگەی ئێمەوە گەیشتە سلێمانی، تاوەکو لێرە دابەشی بکەن بەسەر فەرمانبەرانیاندا". هەروەها گوتی "مووچەی مامۆستایانی زانکۆی تکریت حەواڵەکراوە بۆ سلێمانی".

لە شاری سلێمانی 124 کۆمپانیا مۆڵەتی ئاڵوگۆڕ و حەواڵەی دراویان هەیە، بەشی زۆریان زیاتر کاری ئاڵوگۆڕی دراو دەکەن لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هاوکات کاری حەواڵەکردنی دراو لەنێوان سەرجەم وڵاتانی جیهاندا دەکرێت بە سیستمی بانکی و سیقەی نێوان بازرگانان.

بەپێچەوانەی هەژار عەلی، عوسمان ڕەحیم، بە دڵخۆشییەوە باس لە گەرمبوونی بازاڕی حەواڵە ناکات و دەڵێ کەم کەس پارەی خۆی دەخاتە مامەڵەی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە، هەرچەندە ناوبراو لانیکەم ڕۆژانە 15 بۆ 20 حەواڵەی بۆ دێت لەشاری بەغداوە، بەڵام ئەو مامەڵەچییە لەهەموو مامەڵەیەک لەگەڵ بەغدا دەترسێت "حەواڵە زۆر وەرناگرم، چونکە دەترسێین پارەکەمان بفەوتێ".

سەرکان جومعە، باسی زۆربوونی حەواڵەکردن دەکات و وا مەزەندەی دەکات کە ڕۆژانە 60 بۆ 90 حەواڵەیان لە بەغداوە بۆ بێت "بەشی زۆری حەواڵەکانی ئێمە پەیوەندی بەکاری بازرگانییەوەیە، بازرگانان بۆ دڵنیابوون لە سەرمایەکانیان، پارەکانیان بەڕێگەی حەواڵە دەگوازنەوە".

بەپێی ئەو داتایانەی لە بازاڕی دراوی سلێمانی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتووە، ڕۆژانە لانیکەم 15 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە سلێمانی، بەڵام لە کاتی بازاڕگەرمیدا ئاڵوگۆڕی زۆر بەرز دەکرێت، هاوکات ئێستا بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو بۆ دەرەوەی عێراق لە سلێمانییەوە بەڕێژەی 30% دابەزیوە، لە بەرامبەردا ڕێژەی ئاڵوگۆڕی دراو لەگەڵ بەغدا بەڕێژەی 50% زیادی کردووە.

فەرەیدون عەلی، تەنیا مامەڵەی ئاڵوگۆڕی دراو لەگەڵ دەرەوەی عێراقدا دەکات، ڕۆژانەش بەلانیکەمەوە 500 هەزار دۆلار دەنێرێتە دەرەوە "جیاواز لەساڵانی ڕابردوو کە زیاتر پارە لە ئەوروپاوە دەهات بۆ کوردستان، ئێستا زیاتر پارە لێرەوە دەڕوات بۆ ئەوروپا". هەروەها گوتیشی "زۆربەی پارەکان دەچێتە تورکیا".

نرخی عمولەی حەواڵە بۆ دوبەی، بۆ هەر 10 هەزار دۆلاری ئەمریکی 60 دۆلارە، بەڵام بۆ تورکیا تەنیا ئاڵوگۆڕی دراو بوو کە لە بازاڕی دراوەکەدا بەو جۆرە مامەڵەیە دەگوترێت "سەربەسەر". وەک فەرەیدون باسیکرد، 80%ی ئەو پارەیەی دەچێتە دەرەوەی عێراق بۆ کاری بازرگانییە، 20%ی بۆ کڕینی یەکەی نیشتەجێبوونە لە ئەوروپا و تورکیا "چونکە ئێستا یەکەی نیشتەجێبوون لە دەرەوە هەرزانە".

داعش مەزارگەکەی لە موسڵ دەتەقێنێتەوە

# لە زێدی شێخ ڕەشیدی لۆلان پەرستگایەکی کۆن دۆزرێتەوە

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**ڕووداو- هەولێر**

لەکاتێکدا مێژووی شارستانیەتی کۆن لەلایەن توندڕەوە ئاینی و شەڕخوازەکانەوە لە عێراقدا هەڵدەتەکێنرێن، لە هەرێمی کوردستان شوێنەوارناسان دۆزینەوەیەکی شوێنەواری تەواو سەرنجڕاکێش ئاشکرا دەکەن. شوێنەوارناسان پاشماوەی پەرستگای شانشینی ئورارتوو دەدۆزنەوە. مێژووی پەرستگاکە بۆ سەدەی نۆیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە.

شوێنەوارناسی کورد، دڵشاد مارف زاموا کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ستوونەکان و دۆزراوەکانی شوێنەوارەکە کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت کە پارچەکانی ئەم پەرستگایە لەلایەن گوندشینانەوە و لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا دۆزراونەتەوە. ئەو دۆزینەوانە لە کاتێکدا ڕوویانداوە کە گوندنشینان بە کاری ڕۆژانەی خۆیانەوە، لەوانە کێڵان و دروستکردنی خانووەوە سەرقاڵبوون.

بەڵام بەم دواییە و پاش ئەوەی کە پەیکەری قەبارە گەورەی مرۆڤ و ستوونی درێژ دۆزرانەوە، زاموا هەستی بەوە کرد کە ئەوەی گوندنشینەکان دۆزیویانەتەوە پەرستگای هاڵدیە. هاڵدی گرنگترین خوداوەندی پاشانشینی ئورارتوو بووە. ئەم پاشایە لە سەردەمی چاخی ئاسنین لە نزیک دەریاچەی وان و لە بەرزاییەکانی ئەرمینیادا حوکمی کردووە.

پەرستگاکە لەسنووری شارۆچکەی سیدەکان کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوە.

زاموا کە خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی لیدن لە هۆڵەندا و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینە لە هەولێر، دەڵێت "ئەو پەرستگایە لە نووسینی ئاشووری و ئوراریەکاندا زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێکراوە".

"یەکێک لە پارچەکان ئاماژە بە تاڵانکردنی پەرستگایەک دەکات لەلایەن پاشای ئاشوورییەکان، سەرگۆنی دووەم لە ساڵی 714ی پێش زایین". زاموا کە 7 ساڵ لێکۆڵینەوەی لەسەر شوێنەوارەکە کردووە، وا دەڵێت.

بەپێی بەڵگە مێژوویەکان و شوێنەوارە تازە دۆزراوەکان بێت، شاری کۆنی موساسیر کەوتووەتە ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ شوێنەوارەکانی لێ دۆزراوەتەوە. ئەو شارە پەرستگای هاڵدی لێ بووە .ئەو شارە کۆنە کە بە موساسیر ناسرابوو لەلایەن ئاشوورییەکیانەوە، لای ئوراریەکان بە ئاردینی ناسرابوو. ئەو شارە لە نێوان هەردوو پاشانشینی ئورارتوو و ئاشووردا بووە و ئەو دوو شانشینەی لە یەکدی جیا کردووەتەوە.

زاموا هەروەها لێکۆڵینەوەی لەسەر 11 پەیکەری مرۆڤ کردووە کە لەهەمان ناوچەدا دۆزراونەتەوە. زاموا پێیوایە ئەو پەیکەرانە هی سەردەمی دەوڵەتی سکایین کە لە سەدەی حەوتەم و شەشەمی پێش زایین حوکمی کردووە. پەیکەرەکان لە کاتی خۆیاندا لەسەر گۆڕی پاشا و جەنگاوەرەکان دانراون.

"زۆربەی ئەو پەیکەرانە هەمان ستایلی سەردەمی سکایی-یان هەیە" زاموا وا دەڵێت. ئەو هەروەها دەربارەی پەیکەرەکان دەڵێت لە شێوازی ژیانی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمە دروستکراون. هەندێکیان پەرداخیان لە دەستدایە، یان خەنجەرێکیان لەدەست گرتووە، یان تەوریان بەدەستەوەیە. تەور خوازراوترین چەک بووە لای سکاییەکان .زاموا دەڵێت "گرنگیی لێکۆڵینەوەکەی من ئەوەیە کە بۆ یەکەمجارە لەسەر بنەمای شوێنەوارناسی و داتای نووسراو بوونی سکاییەکان لە کوردستان دەسەلمێنین کە لە سەدەکانی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایندا لە کوردستان بوون".

ئەو شوێنەوارە نوێیەی سیدەکان لە توندوتیژیەکانی ئەم دواییەی عێراقەوە دوورە کە نزیکەی 2 مانگ بەر لە ئێستا و بە ڕاپەڕینی سوننەکان دەستیپێکرد.

داعش لە موسڵ مەزارگەی شێخ ڕەشیدی لۆلانی تەقاندەوە کە گەورەی عەشیرەتی برادۆست بوو لە ناوچەی سیدەکان، ئێستاش زۆربەی موریدەکانی ئەو شێخە لە ناوچەی سیدەکانن. بەڵام هێشتا کاری شوێنەوارناسی لە کوردستان ئاسان نییە، زاموا دەڵێت "بەتایبەتی بەهۆی ئەو هەزارەها مینەوە کە لە کاتی جەنگی عێراق- ئێراندا چێنراون".

وەکو شوێنەوارناسێک، زاموا ترسی لە کاریگەرییەکانی جەنگ و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام هەیە. چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە کاتی سەرکەوتنەکانیاندا شوێنەوارە دێرینەکان وێران دەکەن، بە تایبەتی مەزارگەکان و گۆڕی پیاوچاکان و پێغەمبەران.

"لەم دۆخەدا ڕەنگە پارچە دێرینەکان تاڵان بکرێن و لە بازاڕی ڕەشی نێودەوڵەتیدا بیانفرۆشنەوە بۆ ئەوەی سەرچاوەی دارایی گرووپەکەیان زامن بکەن". زاموا بە نیگەرانییەوە وا دەڵێت.

ئەو دەڵێت لەم ڕووەوە کوردستان زۆر بەرپرسانە هەڵسوکەوت دەکات "کوردستان سنوورەکانی زۆر بە باشی دەپارێزێت و هەروەها بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار زۆر بە وریاییەوە چاودێریی ناوچە شوێنەوارییەکان دەکات".



ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4


## خاوەنی فەیسبوک 31.5 ملیار دۆلاری هەیە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

سامانەکەی خاوەن و دامەزرێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەسبووک گەیشتە 31.5 ملیار دۆلار، بەوجۆرەش بووە یەکێک لە سێ گەنجە ملیاردێرەکەی جیهان. مارک زوکەربێرگ، تەمەن 30 ساڵ، توانی بە کۆکردنەوەی داهات و فرۆشتنی ریکلام، ببێتە خاوەنی 31.5 ملیار دۆلار. بەپێی ئامارێکی فەرمیی فەیسبووک، بەشداربووانی ئەو تۆڕە گەیشتووەتە 1.32 ملیار کەس، بەو پێیەش داهاتەکانی ئەم تۆڕە بەڕێژەی 61% بەرزبووەتەوە کە ساڵانە دەگاتە زیاتر لە 1.4 ملیار دۆلار.

## هەولێر تەنیا پەیکەری مردوو دادەنێ



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری راگەیاندنی پارێزگای هەولێر دەڵێت بڕیاریان داوە تەنیا پەیکەری ئەو کەسایەتیانە لە شەقام و گۆڕەپانەکانی پایتەخت دابنێن کە لە ژیاندا نەماون.

قسەکانی هەمزە حامد لە وەڵامی ئەو دەنگۆیانەدا هات کە گوایە دەسەڵاتدارانی پارێزگای هەولێر رێگە نادەن پەیکەری هونەرمەند مەزهەری خالقی لە هەولێر دابنرێت.

پەیکەرتاش سامان هیدایەت کە پەیکەرەکەی مەزهەری خالقی دروستکردووە، هەڕەشەی ئەوە دەکات کە پەیکەرەکەی دەشکێنێ ئەگەر رێگەی نەدەن لە هەولێر داینێ.

سامان هیدایەت کە دەیەوێ ئەو پەیکەرە لە یەکێک لە پارکەکانی هەولێر دابنێ، بە (ڕووداو)ی گوت "ماوەیەکی دیکەش چاوەڕێ دەکەم، ئەگەر هەر نەیانهێشت، ئەوا لەبەرچاوی کامێرای دەزگاکانی راگەیاندن پەیکەرەکە دەشکێنم".

## بەشار دەترسێت



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی گەنج، بەشار، خەریکی یەکەمین کاری هونەری خۆیەتی کە دووبارەکردنەوەی گۆرانی جانێ جانێی شڤان پەروەرە، بەڵام بە ستایلێکی نوێ.

بەشار دەربارەی ئەو کلیپە بە (ڕووداو)ی گوت "بەشێوازێکی رۆژهەڵاتی کلیپیم بۆ گۆرانی جانێ جانێ کردووە و بەمزووانە بڵاو دەکرێتەوە، هەرچەندە من ترسێکی زۆرم هەیە و دوودڵم لەوەی ئاخۆ خەڵکی چۆن پێشوازی لە یەکەمین بەرهەمی من دەکەن".

هەروەها گوتی "کلیپەکەم بەستافێکی پرۆفیشناڵ جێبەجێ کردووە، بەشێکی زۆری جلوبەرگی من لە ئەوروپا تایبەت بۆ ئەم کلیپە دروستکراوە کە لەسەر شێوازی جلەکانی مایکڵ جاکسن دووراون، لەگەڵ ئەوەشدا چەند داهێنانێکم لە دیزاینی جلوبەرگدا کردووە، لەوانەش بە جەمەدانی بۆینباغم دروستکردووە و لەگەڵ قات و کڵاشی کوردی گونجاندوومە".

## ئیشەکەی لەشکری سووک بووە



**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کلیپ یوسف لەشکری، بەهۆی ئەوەی دەڵێت هەندێک خەڵک ئیشەکەیان سووک کردووە، بڕیاری دا چیدی کاری کلیپ نەکات.

یوسف لەشکری بە (ڕووداو)ی گوت "بەشێک لە بەناو دەرهێنەرەکان کامێرایەکیان بە قیست کڕیوەو بە پارەیەکی کەم کلیپ دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی ناویان بکەوێتە سەر شاشە بێ ئەوەی بیر لە کوالێتی و داهێنان بکەنەوە، بەمەش کارەکەیان سووک کردووە، بۆیە بڕیارمداوە هیچی دیکە کاری کلیپ بۆ کەس نەکەم".

یوسف لەشکری تاکو ئێستا زیاتر لە 100 کلیپی بۆ هونەرمەندانی کوردستان کردووە، لەگەڵ 3 کورتە فیلم و درامایەکی تەلەفزیۆنی.

## دڵی دۆتمیر بریندارە



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیار بوو ئەلبوومێکی گۆرانی کچە گۆرانیبێژی دهۆکی دۆتمیر نازێ بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی کوردستان دوایخستووە.

لەمبارەیەوە دۆتمیر بە (ڕووداو)ی راگەیاند "وەک رێزێک بۆ ئەو قوربانیانەی لەبەرەکانی شەڕدا شەهیدکراون، بڕیارمدا هەموو کارە هونەرییەکانم رابگرم بەتایبەت ئەلبوومەکەم، کە بەنیاز بووم لەم رۆژانە بڵاوی بکەمەوە، بۆیە ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە گۆرانییەک بۆ پێشمەرگە و نیشتمانەکەم بڵێم".

دۆتمیر دەڵێت "هەرچوار پارچەی کوردستان بریندارە، کەواتە دڵی منیش بریندار و خەمبارە، چۆن دەکرێت هەڵپەڕین و گۆرانی شادی بچڕین، لەبەر ئەوە پێویستە بەشداری خەم و خەفەتی گەلەکەمان بین".





## جلەکانی میریام بایی نیو ملیۆن دۆلارە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەر و گۆرانیبێژی لوبنانی میریام فارس لە دوایین کارە هونەرییەکانی کە بەشداری درامایەکی میسری کردبوو، تەنیا بۆ جلوبەرگی تایبەتی خۆی نیو ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە.

درامای "اتهام" کە لە مانگی رەمەزاندا لە کەناڵە عەرەبییەکان بڵاوکرایەوەو میریام فارس رۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕا، تەواوی جلوبەرگەکانی میریام تایبەت بوون و لە ئەوروپاوە هێنرابوون.

بۆ یەکەمجارە میریام فارس بەشداری درامایەکی میسری دەکات کە بەشێکی زۆری رەخنەگرانی میسری و عەرەبی بە سەرکەوتوویان ناوبرد.

## سەنی دەبێتە حۆری داعش

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

سەنی لییۆن، کچە ئەکتەری بەنێوبانگی ئەمریکی - هیندی کە یەکێکە لە ئەستێرەکانی فیلمی پۆرنۆ (فیلمی رووت)، لەبارەی هێرشەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کاردانەوەی هەبووە و رایگەیاندووە کە ئامادەیە لەشی خۆی پێشکەشی چەکدارانی داعش بکات.

سەنی لییۆن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ فۆکس تیڤی رەخنەی لە هێرشەکانی داعش گرت بۆ سەر ئافرەتان و گوتی "من پێشنیازێکم بۆ تیرۆریستانی داعش هەیە، لەجیاتی ئەوەی بۆ چوونە بەهەشت و گەیشتن بە حۆری خۆیان لە نێو خەڵک بتەقێننەوە، من لەشی خۆمیان پێشکەش دەکەم بۆ ئەوەی هەم خۆیان زیندوو بمێننەوە و هەم کەمتر خەڵک بکوژرێت".

ئەو کچە ئەکتەرە کە تا ئێستا بەشداری لە 130 فیلمی پۆرن و 12 فیلمی هیندی و 14 فیلمی ئەمریکی کردووە، دەڵێت "پێویست ناکات هێرش بکەنە سەر ئافرەتان و دەستدرێژیان بکەنەسەر، من خۆم رازیم و لەشی خۆمیان پێشکەش دەکەم".

## بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی**
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
گرفتەکانی سەر رێگات رۆیشتن و ئێستا دەتوانی دوور لەترس و راڕایی هەنگاو بنێی. هەرچەندە پێویستت بەسۆزداری هەیە، بەڵام ناتوانی دڵنیابیتەوە. دەتوانن بڕیارێکی گرنگ بدەن بۆ چاککردنی دۆخە ئاڵۆزەکان.

**گا**
بەراورد بە سەختیی هەنگاوەکان ئەنجامێکی باشت بەدەست هێناوە. سەرەتای هاتنی بەختەوەری دەرکەوتووە، بەڵام کەمێکیش کاتی دەوێت هەتا بەتەواوەتی دێتە ژیانتەوە. چێژێکی زۆر لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ئەم ماوەیە وەردەگرن.

**جمک**
هەستکردنت بە ئاسوودەیی بەهۆی ئەوەیە لەم دۆخە ئاڵۆزەدا نەکەوتنە ژێر گوشاری دارایی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پلانە باشانەی لەماوەی رابردوو کارت بۆ کردبوون، هەمان پلان بۆ داهاتوو باشتر دەبێت.

**قرژاڵ**
هەموو هەواڵەکان خۆشن، بەڵام ناتوانی دەستبەرداری خەمەکانت بیت، هەمیشە پەلە دەکەیت و دڵنیاییت دەوێت، تەنها بەرنامەڕێژییەکی باش بکە، سەرکەوتن لە کۆتاییدا چاوەڕوانت دەکات.

**شێر**
بەهۆی هاتنی تیشکی هەتاو بۆ بورجەکەت هەست بەنوێبوونەوە دەکەیت، دەتوانی لاپەڕەیەکی نوێ لەژیانت هەڵدەیتەوە، بەڵام پێویستە بیر لەڕێگەیەکی نوێ بکەیتەوە تا بەئامانجت بگەیەنێت.

**گوڵەگەنم**
هەست دەکەیت خێرا ماندوو دەبیت و لایەنەکانی یارمەتیدەریش بۆ ماوەیەکی کاتی دەوەستن. سۆزداری بەشێکی زۆر لە بیرکردنەوەتان داگیر دەکات. لەگەڵ چواردەورەکەتان بەشێوەیەکی باشتر خۆتان بگونجێنن.

**تەرازوو**
هیچ شتێک نییە رێگری لەکارەکانت بکات، لەهەمانکات هیچ یارمەتیدەرێکیش نییە، باشترین بڕیار ئەوەیە هێز و توانای خۆت بۆ بەگەڕخستنی کارەکان بەکاربهێنیت. بەرپرسیاریەکانتان زیاد دەکات.

**دووپشک**
ئەو کارانەی زۆر ماندووت دەکەن لە کۆتاییدا ئاسوودەییەکی زۆرت پێدەدەن، چاوەڕوانی ناخۆشە، بەڵام هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن دەبەیت. دەست بە ئەنجامدانی کارێکی نوێ دەکەن، یان بڕیارێکی گرنگ دەدەن.

**کەوان**
گوێ بەقسەی خەڵکانی چواردەورت مەدە کاتێک دەیانەوێت لە بڕیارێک پاشگەزت بکەنەوە. دەتوانن ئەو کارانە تەواو بکەن کە چەند هەنگاوێکتان بۆ ناون. هەوڵەکانتان زیادبکەن کاتی دەسکەوتە.

**کارژۆڵە**
ماوەی پێشوو لەدەستدانی فرسەتێک خەمباری کردیت، هەمان فرسەت بەشێوەیەکی دیکە دێتەوە ژیانت، هەڵبژاردن یان بڕیار دەکەوێتەوە دەستی خۆت. رەنگە بتوانی چەند هەنگاوێک بنێیت لەو پرۆژەیەی لەسەرەتاوە بەقورسی هێناوتە.

**سەتڵ**
درەنگ گەیشتن بە ئاواتێک ناخۆشە، بەڵام رەشبینی بەرەو ئاراستەیەکی نادیارت دەبات، دیداری هاوڕێ نوێیەکان پرۆژەی نوێی لێدەکەوێتەوە. رەنگە لەگەڵ بەرامبەرەکانتان بگەنە تێگەیشتنی تەواو.

**نەهەنگ**
جێبەجێکردنی پلانە کۆنەکان هیچ ئەنجامێکی تازە بەدەستەوە نادات، بەشێک لە ئامانجەکەت بگۆڕە و بیرکردنەوەیەکی نوێ لە کارەکانت بهێنە ئاراوە. بەربەستت بۆ دروست نابێت ئەگەر خۆت دروستی نەکەیت.

# ژمارە پڕ لە چەواشەکارییەکانی یەدەگی نەوتی جیهان



**د.هاوڕێ مەنسور بەگ**

زۆرجار دەگوترێت راستیی ژمارەکانی یەدەگی نەوت و گاز لە ولاتان دەمێنێتەوە سەر ئەو مەرامەی لە پشت ژماردنەکە بووە. زۆر لە ژمارەو هەلسەنگاندنەکان کە یەدەگی ولاتان نیشان دەدەن، لە بنچینەدا مەرامی سیاسیی شاراوەیان لە پشتەوەیە. ژمارەکان رەنگدانەوەی خواست و ویستی چەند لۆبییەکی سیاسی دەستڕۆیشتوون کە بە نهێنی پلان و ئەجێندایەکی کورتبین جێبەجێ دەکەن. هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ولاتێکی زەبەلاحی نەوتی دونیا بوو، وەکو ئێستای سعودیە بڕبڕەی پشتی وزەی جیهان بوو. دوای پەنجاکان، ئەمریکا لە ولاتێکی بەرهەمهێنی نەوتفرۆشی جیهانییەوە بووە ولاتێکی زەبەلاحی نەوتکڕ، بگرە بەشێکی زۆر لە نەوت و گازی جیهان هەلدەمژێت و لە پێناو زامنکردنی دەستگەیشتن بە وزەی پێویست شەڕو شۆڕو پێکدادانی سەربازی و سیاسیی گەورەش هەلدەگیرسێنێت.

لە بنچینەدا پیشەسازیی نەوت پیشەسازییەکی ئەمریکییە و جیهان لە ئەمریکاوە فێری مامەلەکردن بوون لەگەل ئەم کالا ستراتیجییەی کە ماوەی دوو سەدەیە یاری بە چارەنووسی مرۆڤ دەکات. هەر لە زووەوە کەلتووری هەلسەنگاندنی یەدەگی نەوت و ژماردنی قەبارەی نەوتی ژێرزەوی کە چاوەڕوانی دەرهێنان دەکەن، بوو بە رۆتینێکی پیشەسازیی نەوت و بووە بەشێک لە پلانی ستراتیجیی ئیدارە یەک لە دوای یەکەکانی کۆشکی سپی.

کاتێک زەویناسی کۆمپانیای شێلی هۆلەندی Marion King Hubbert سالی 1956 بیردۆزەکەی خستەڕوو کە باس لە کۆتاییهاتنی یەدەگی ئەمریکا و جیهان دەکات، لەلایەن هاوکارەکان و کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو لۆبیە جۆراوجۆرەکانی کۆشکی سپی و کۆنگریسەوە دووچاری گالتەجاڕی و ریسواکردن بووەوە. ئەگەرچی ژمارەکانی کە Hubbert خستنیەڕوو بواری دەستکاری و راستکردنەوەیان تێدایە، ئەو زەویناسە زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ هەموو جیهان لێدا کە یەدەگی جیهان دەریایەکی بێ بن نییە و کێرڤی بەرهەمهێنانی هەر ولاتیک پێچێکی تێدایە بەرەو خوارو رۆژێک دەگاتە بنبەست.

پێشبینییەکانی Hubbert راست دەرچوون و ئەمریکا لە سەرەتای حەفتاکاندا، ئاستی بەرهەمهێنانی رووی لە داکشان کرد.

دوو چەمکی ئابووری هەن زۆر بەهەلە لەلایەن هاوولاتیانەوە بەکاردێن. هەموومان باسی "کۆتاییهاتن"ی نەوت دەکەین، بەلام کەی ئەو رۆژە دێت؟ بێگومان رۆژی تەواوبوونی نەوت زۆر دوورەو پێویست ناکات سەری خۆمانی پێوە بهێشێنین و لە بنەڕەتدا پرسیارەکە هەلەیە، چونکە سەدان سالی دیکەی دەوێت تا ئەو رۆژە دێت کە دوا بەرمیلی نەوت لە ولاتێک دێتە بەرهەم. پرسیارە راستەکە ئەوەیە کەی نەوت کورت دەهێنێت؟ واتە کەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان ناگاتە ئاستی هەلمژینی نەوت لەلایەن ولاتانی بەکارهێنەرەوە؟ ناوەندە ئابوورییەکانی جیهان سەرقالی وەلامدانەوەی پرسیاری دووەمن و ناتوانن خۆیان لە بەرامبەری بدزنەوە. زۆرێک لە دەزگا هەوالگرییەکانی جیهانیش بەوەوە سەرقالن کە کەی نەوتی جیهان لە کورتی دەدات و دەرهاویشتەکان چین و چۆن هاوکێشە جیهانییەکان دەگۆڕدرێن؟

زۆر لە شرۆڤەکارە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی جیهان، ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بۆ جەنگی عێراقیش پشتی بەم چەمکە بەست. چەمکی کورتهێنانی بەرهەمهێنانی نەوت و ئاکامە مەترسیدارەکانی وای لە ئەمریکا کرد بۆ پاراستنی کانەکانی نەوتی عێراق رژێمی سەدام بڕوخێنێ کە سەرجەم کارەکانی پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت و گازی پێشکەش بە رووسیا و چین کردبوو و ئەمریکاو کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمریکییەکانی تینووی وزەی لێ بێبەش کردبوون.

دوای بەسەرچوونی بەهاری یەدەگی نەوتی ئەمریکی لە سەرەتای پەنجاکان، زۆربەی زۆری یەدەگی نەوت و گازی جیهان ئێستا لە هەندێک ولاتی نادیموکراتی و نادامەزراوەیی کۆبوونەتەوە. لە نیوەی رۆژئاوای گۆی زەوی، نزیکەی 90%ی یەدەگی مسۆگەر لە ڤەنزوێللایە. لە نیوەکەی دیکەی رۆژهەلاتی گۆی زەوی، بەشی شێری یەدەگ لە سعودیە و عێراق و ئێران و رووسیا و ولاتانی کۆنی یەکێتی سۆڤیەتە. ناوەندە ئەکادیمییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی جیهانی و پێوەرەکانی دیموکراتیبوون پێشانی دەدەن کە ئەم ولاتانە لە ریزی خواری خوارەوەی لیستەکانی شەفافیەت و دامەزراوەییدان. هەروەها ئابوورییەکانیان لە پێناو مەرامی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی رژێمە دەسەلاتدارەکان و زۆر جار داپلۆسێنەرەکان بەکاردێن. ئۆپێک کە گەورەترین رێکخراوی کارتێلی* جیهانە، دەیەوێت رێژەی بەرهەم کۆنترۆل بکات لە پێناو سەقامگیری و بەرز راگرتنی نرخی نەوت لە جیهان، رێژەی بەرهەمهێنانی رۆژانەی ولاتانی ئەندامانی لەسەر راپۆرتی سالانەی یەدەگی مسۆگەر دەستنیشان دەکات. هەربۆیە، ولاتانی ئەندامی ئۆپێک هەمیشە لە پێشبڕکێی ماراسۆنیدان بۆ راگەیاندنی یەدەگی نوێ بۆ ئەوەی ئۆپێک رێژەی بەرهەمهێنانیان کە بە "کۆتا" ناسراوە، زیاد بکات و دراوی بیانی بە لێشاو بخزێتە نێو بانکەکانیان و زۆرجاریش راستەوخۆ بۆ گیرفانی سەرکردەکان و سوپاو حاشیەکانیان.

سالی 1982، کوەیت یەدەگی مسۆگەری نەوتی 67 بلیۆن بەرمیل بوو، کەچی لە سالی 1988دا، 27 بلیۆنی دیکەی بۆ یەدەگەکەی خۆی زیاد کرد و بووە 100 بلیۆن. بە هەمان شێوە، سعودیە لە 165 بلیۆنەوە خۆی کرد بە 254 بلیۆن، ڤێنزوێللا لە 24 بلیۆنەوە خۆی گەیاندە 58 بلیۆن. ئێرانیش هاوشێوەی دەستەخوشکەکانی دیکەی ئەندامانی ئۆپێک لە 56 بلیۆنەوە خۆی هەلکشاند بۆ 92 بلیۆن. هەموو ئەم گۆڕانکاریانە لە ژمارەی یەدەگی نەوت لە ماوەی شەش سالدا، بۆ هەندێک ولات ئەم زیادکردنە بووە مایەی سەرسوڕمان کە سالانە سەدان ملیۆن بەرمیل بەرهەم دێنن و یەدەگ دەبێت روو لە کەمی بکات، کەچی یەدەگ بە شێوەیەکی ئێکسپۆنێنشیالی زیاد دەکات. لەبەر ئەوەی زۆربەی پیشەسازیی نەوت و گازی ئەم ولاتانە کۆمپانیا نیشتیمانیەکانی سەر بە دەولەت کۆنترۆلی دەکەن، زۆرێک لە داتاکانی پشکنین و دۆزینەوەی کێلگەی نوێ و زیادکردنی یەدەگ، خۆمالیانە رادەگەیەندرێت و دەزگا جیهانییەکانی پەیوەندیدار دەرفەتی ئەوەیان نییە لە راستی و دروستیی ئەم ژمارانە بکۆلنەوە. تا ئەمڕۆش، یەدەگی ئەم ولاتانە بەردەوام لە هەلکشاندایە و بەوپێیەش، "کۆتا"یەکی زەبەلاحیان لەلایەن ئۆپێکەوە مسۆگەر کردووە کە ولاتێکی وەکو عێراق بگرە ناتوانێت، هێندەی ئەو کۆتایەی بۆشی دانراوە بەرهەم بێنێت.

نووسەری ناوداری ئەمریکی Matthew Simmons، کە دەگوترێت هیچ کەس هێندەی ئەو کاریگەریی نەبووە لەسەر ئاگادارکردنەوەی کۆشکی سپی لەمەڕ کۆتاییهاتنی نەوتی جیهان، لە کتێبی Twilight in the Desert کە سالی 2005 بلاوبووەوە، باسێکی سەیری نەوتی سعودیە دەکات. Simmons دەلێت هەموو جیهان تووشی شۆک دەبێت کاتێک حەقیقەتی یەدەگی نەوتی سعودیە دەزانن. Simmons پشت بە 200 توێژینەوەی شیکاری دەبەستێت بۆ لێکدانەوەکانی و بە بڕوای ئەو، سعودیە زۆر زیادەڕۆیی کردووە لەو ژمارانەی بۆ یەدەگی نەوت پێشانی جیهانی داوە. هەروەها نووسەر دەلێت کێلگەکانی نەوتی سعودیە هێندە نەوتیان بەرهەم هێناوە شەکەت و ماندوو بوون، لە سەرووی هەموو کێلگەکانیش کە لەسەروبەندی خۆرئاوابووندان کێلگەی زەبەلاحی "غەوار"ە کە گەورەترین کێلگەی زەبەلاحی جیهانە و بڕبڕەی پشتی ئابووریی سعودیەیە. مەرامیش لە گەمەکردن بە ژمارەی یەدەگی سعودی ئەوەیە کە بتوانێت لە پشت سەری ئۆپێکەوە زیاترین رێژەی نەوت بفرۆشێت و حکومەت و کورسی شاهانەی ئێستای پێ بەهێزتر بکرێت، بێ گوێدانە ئەوەی کە چەندین ولاتی جیهان، لە سەرووی هەمووشیان ئەمریکا، پلانی درێژخایەنی ستراتیجی گەشەی ئابووریی خۆیان لەسەر نەوتی "بە حیساب زەبەلاحی" سعودیە هەلچنیوە. نووسەر پێداگری دەکات و دەلێت کارێکی مەترسیداری گەورەیە کە جیهان پشت بە یەدەگی ناڕوونی سعودیەو ولاتانی دیکەی ئەندام لە ئۆپێک ببەستێت کە یەدەگیان زۆر کەمترە لەوەی رایدەگەیەنن.

لە کوردستان، پێویستە حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەک سامانە سروشتییەکان و ئابووری و پلاندانان، بەوپەڕی کراوەیی و پیشەگەرییانە مامەلە لەگەل یەدەگی راگەیەندراو بکەن، دوور لە سۆز و دەمارگیریی نەتەوەیی. سالانە بە پشتبەستن بە داتا راست و دروستەکان رێژەی یەدەگی نەوت و گاز رابگەیەنین. فەرمانگەی زەویناسیی کوردستان کارا بکرێت و مەشق بە زەویناس و ئەندازیارەکانمان بکەین لە بواری خەملاندنی یەدەگ کار بکەن. بە هاوکاری دامەزراوە باوەڕپێکراوە جیهانیەکان و زانکۆ خۆمالیەکان و نێودەولەتیەکان لە پێناو ئەنجامدانی توێژینەوەی ورد لەسەر یەدەگی کوردستان و خستنە بەردەستی داتای ئەو کۆمپانیایانەی کە لە کوردستان سەرقالی پشکنین و دەرهێنانی نەوت و گازن. پێویستە متمانەیەکی بەهێز بۆ ئەو ولاتانە دروست بکەین کە لە پلانیاندایە ئایندەی ئاسایشی وزەی خۆیان لەسەر یەدەگی نەوت و گازی کوردستان دابڕێژن. بوونی تەمومژ لەسەر داتاو یەدەگی نەوت و گازی کوردستان دوودلی و بێ متمانەیی دەداتە هاوبەشە ستراتیجیەکانمان. ماوەیەک پێش ئێستا، سەرۆکی کۆمپانیای تۆتالی فەرەنسی گوتی، جارێ زووە بزانین کە دەتوانین هیواو ئاوات لەسەر نەوتی کوردستان بنیات بنێین یان نا!. کوردستان دەبێت وەلامی ئەو پرسیارانە بە کردار بداتەوە، بە زمانێک و بە پێوەرێک کە کۆمپانیاکان و هاوبەشەکانمان باش تێیدەگەن، زمانی پیشەگەریی، پرۆفێشنالیی، دامەزراوەیی و شەفافیەت.

***کارتێل: کاتێک کۆمپانیاکان دەست تێکەل دەکەن لە پێناو کۆنترۆلکردنی نرخی کالا لە بازاڕ. لە زۆر لە ولاتانی بازاڕی ئازاد، کارتێلکردن قەدەغەیە.**

# 300 ملیۆن دۆلاری نەوتەکەی کوردستان چی بەسەردێت؟

**فازل هۆرامی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو، کاتێک چوارەم کەشتی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرەو ئاوەکانی کەنداوی مەکسیک لە باشووری ئەمریکا بەڕێکەوتبوو، پێشبینی دەکرا گۆڕانکارییەکی جددی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان روویدابێت، بەلام چارەنووسی کەشتی یونایتد کالاڤرڤتا کە زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردستانی بارکردووە، تاوەکو ئێستا باشتر نەبووە لە چارەنووسی دوو کەشتییەکەی دیکەی نەوتی کوردستان کە لەنێو دەریاکاندا ماونەتەوە. کەشتی یونایتد لیدێرشیپ لە دەرەوەی ئاوەکانی بەندەری محەممەدییەی مەغریب لەنگەری گرتووە، کەشتی یونایتد ئیمبلێمیش لە مالیزیا ماوەتەوە، تەنیا یەک کەشتی نەوتی کوردستان فرۆشراوە، ئەویش بە پالاوگەیەک لە ئیسرائیل.

ئەو پارێزەرانەی کە لە ویلایەتی تەکساس نوێنەرایەتی بەغدا دەکەن، توانییان قەناعەت بە دادوەرێکی دادگا بهێنن لە بەندەری گالڤستۆنی ویلایەتی تەکساس تا یەکلابوونەوەی چارەنووسی ئەو نەوتە، دەستبەسەر باری ئەو کەشتییەدا بگیرێت. ئەگەرچی لەبەرئەوەی ئەو کەشتییە لە دەرەوەی ئاوەکانی ئەمریکایە، ئەو حوکمە جێبەجێ نەکراوە. ئێستاش پارێزەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەلامی داواکەی بەغدایان داوەتەوە و پێشبینی دەکرێت تا چەند هەفتەیەکی دیکە چارەنووسی ئەو نەوتە یەکلایی بکرێتەوە.

تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێنج کەشتی نەوتی لە بەندەری جەیهان بارکردووە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆڕییە سەربەخۆیەی لە کۆتایی سالی رابردوو تەواوکرا و بەپێی خەملاندنێکی ئاژانسی رۆیتەرز نزیکەی 200 ملیۆن دۆلاری تێچووە. تەنیا یەکێک لەو کەشتیانە رادەستی کڕیارەکە کراوە و ئەویش لە ئیسرائیل بووە.



لە 2012ەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە لە هەناردەکردنی نەوت لە رێگەی تانکەر بۆ بەندەری دۆرتیۆل و مێرسین لە تورکیا و ئەو نەوتە بە چەندین ولات لە ئەورووپا و تەنانەت ئیسرائیل و ئەمریکاش فرۆشراوە.

ئاژانسی رۆیتەرز 30ی مانگی رابردوو بلاویکردەوە کە لە مانگی پێنجی ئەمسالدا دوو بارە نەوتی کێلگەی شێخان (266 هەزار بەرمیل و 267 هەزار بەرمیل نەوتی خاو) گەیشتوونەتە پالاوگەیەک لە شاری هیوستن کە ئەویش وەک بەندەری گالڤستۆن لە ویلایەتی تەکساسە، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی یاساییان بۆ دروست بێت. ئەو پالاوگەیەی کە ئەو دوو بارە نەوتەی وەرگرت، هی کۆمپانیای لیۆندێلبازێلی ئەمریکییە کە خاوەنەکەی کەسێکی بەرەگەز ئۆکراینییە.

ئەو سێ کەشتییە کە لەناو ئاوە نێودەولەتییەکانن، هی کۆمپانیایەکی یۆنانین بەناوی "مەرین مەنجمێنت سیرویسس" و لە جۆری "سوێزماکس"، بەو مانایە کە ئەو کەشتیانە دەتوانن لە کەنالی سوێسی میسر تێپەڕن. بە وتەی رۆیتەرز، ئەو سێ کەشتییە رۆژانە زیاتر لە 75 هەزار دۆلار خەرجی هەلدەگرن بۆ خاوەنی ئەو نەوتە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەلێت فرۆشتوویەتی. تاوەکو ئێستا خەرجیی ئەو سێ تانکەرەی کە نەوتی هەرێمی کوردستانیان پێیە گەیشتووەتە 5 ملیۆن دۆلار و ئەو پارەیە خەریکە بەرزدەبێتەوە.

بە وتەی شارەزایانی وزە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل بەغدا رێکنەکەوێت، ئەگەری فرۆشتنی ئەو نەوتە بە سەربەخۆیی کەمە. بێن نۆولێز لە کۆمپانیای پارێزەری کلاید & کۆ کە کۆمپانیایەکی نێودەولەتییە و لە زۆر ولاتی جیهان نووسینگەی هەیە، بە رۆیتەرزی گوتووە "کەم کەس هەن حەز بکەن ئەو نەوتە بکڕن لە باروودۆخێکدا کە گرفت هەیە لەسەر خاوەندارێتی. تا کاتێک کە ئەو کێشەیە بەردەوامە زۆر قورس دەبێت کەسێک بتوانێت ئەو نەوتە بکڕێت، لەبەرئەوەی تووشی گرفت دەبن".

کۆمپانیای لیۆندێل بازێل لە شاری هیوستن گوتوویەتی کە چیدی نەوتی هەرێمی کوردستان لەبەر کێشە زۆرەکانی ناکڕێت، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە هەفتەی رابردوو ئاشکرابوو ئەو کۆمپانیایە نەوتی هەرێمی کوردستانی لە مانگی ئایاری رابردوو کڕیوە.

یەکێک لەو سێ کەشتییە بە ناوی یونایتد ئیملبلێم توانیویەتی لەسەر دەریا بەشێک لە بارەکەی لە نزیکی مالیزیا بەتال بکاتە ناو کەشتییەکی دیکە. ئەمە رێگایەکی زیرەکانەیە کە ئێران و چەند ولاتێکی دیکە بەکاریدێنن بۆ ئەوەی سەرچاوەی نەوتەکە ون بێت و کێشەی یاسایی بۆ دروست نەبێت.

ریچارد مەلیسۆن شارەزای کۆمپانیای "ئێنرجی ئەسپێکت" لە لەندەن دەلێت "کورد ئەگەر بەمشێوەیە نەوتەکە بفرۆشن، پارەیەکی کەمتریان دەست دەکەوێت. فرۆشتنی نەوت قورستر بووە لەوەی ئەوان بیریان لێدەکردەوە، چونکە بەغدا چەند ئالیەتێکی بەکارهێناوە: لەوانە فشاری دیپلۆماتی و هەڕەشەی یاسایی لەوانەی دەیانەوێت نەوتەکە بکڕن".

پێشتریش چەند کەشتییەکی نەوتی لەسەر دەریا راگیراون لەبەر کێشەی ئەو ولاتانەی کە پەیوەندییان بەو نەوتەوە هەبووە. سەرەتای سالی 2012، سوودان ویستی دوو کەشتی نەوت بەبێ رەزامەندی باشووری سوودان کە مانگی 7ی 2011 سەربەخۆیی لە سوودان وەرگرت، بفرۆشێت، ئەمەش بووە هۆی سەرهەلدانی گرفتێکی 7 مانگی لە نێوان هەردوولا. یەکێک لە کەشتییەکان بۆ ماوەی زیاتر لە 200 رۆژ لەسەر دەریا مایەوە.

دوای جیابوونەوەی، باشووری سوودان 75%ی نەوتی سوودانی بەرکەوت کە لە 2012 بڕی 470 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بوو. لە کۆتاییدا هەردوولا رێککەوتن و سوودان رازیبوو کە پارەی ئەو دوو کەشتییە نەوتییە بداتە باشووری سوودان.

برێت مەکگۆرگ، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق، لەبەردەم کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسدا 23ی مانگی رابردوو رایگەیاند "ئێمە خەریکی راوێژین لەگەل کوردەکان لە باکوور و حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی چارەسەرییەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە و لە رێگەی پێکهێنانی حکومەتەوە ئەگەرێکی راستەقینە هەیە کە ئەو کارە بکەین".

کێشەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا کێشەیەکی زۆرتر سیاسییە تاوەکو یاسایی و تەنانەت دادوەری دادگای گالڤستۆن کە بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی نەوتەکەی هەرێمی کوردستانی دا، دەلێت چارەسەری کێشەکە لە بەغدایە.

پسپۆڕانی دەروونی:

# پەروەردەی دەروونیی منداڵ دەبێ تا 18 ساڵی بەردەوام بێت

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

پزیشکانی پسپۆڕی دەروونی دەڵێن پاراستنی دەروونی منداڵ هەر لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە هێشتا لە سکی دایکیدایە. ئەو کارەش دەبێت تا 18 ساڵی بەردەوام بێت، تاوەکو قۆناغی مێرمنداڵی بەجێدەهێڵێت و دەبێتە کەسێکی پێگەیشتووی خاوەن کەسایەتی جێگیر. پێشیانوایە دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسیی کوردستان کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ و مێرمندالان هەیە.

پزیشکان دەڵێن پرۆسەی منداڵ خستنەوەش پێویستی بە ئامادەسازیی دەروونی و جەستەیی هەیە، تاوەکو منداڵێکی دەروون دروست گەورە بکرێت.

دکتۆرە نەشمیل ڕەسوڵ، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و شارەزا لە چارەسەری دەروونیی مندالان دەڵێت "دەبێ بەر لە دروستکردنی منداڵ، دایک دووربکەوێتەوە لە کافایین و کحول و نیکۆتین، نەرم و نیان بێت و خۆی لە فشاری دەروونی بپارێزێت".

بە تەنیا ڕۆڵی دایک بەس نییە لە پەروەردەکردنی دەروونیی منداڵدا، بەشداریی باوکیش لە پرۆسەی پێگەیاندنی منداڵدا دەبێت بە گرنگ تەماشا بکرێت.

دکتۆر عەبدولباقی مایی، پزیشکی ڕاوێژکار لە نەخۆشییەکانی منداڵان لە سوێد، بە (ڕووداو)ی گوت "لە سوێد دایک و باوک پێکەوە دەچنە لای پزیشکی منداڵبوون و دەڵێن منداڵمان لە سکدایە، نەک وەک لای خۆمان کە دایک بە تەنیا بەرپرسە لە سکەکە و بە تەنیا بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکە دەکات".



## پزیشکێک: نابێ ماوەی نێوان خستنەوەی منداڵ لە سێ ساڵ کەمتر بێت

ئەگەر دایک و باوکەکە پلانی دروستکردنی منداڵی دووەمیان هەبوو، دەبێت نێوانی هەردوو سکەکە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت "پرۆسەی پەیوەستیی منداڵ بە دایکەوە سێ ساڵی دەوێت، ئەگەر لە کەمتر لە سێ ساڵدا منداڵێکی دیکە دروست بکەن، ئەوا پەیوەستیی منداڵی یەکەم تەواو نەبووە، بۆیە هاتنی منداڵی داهاتوو بە لەمپەر دەزانێ لەنێوان خۆی و دایکیدا و غیرەی لێدەکات".

### منداڵ بخەینە دایەنگە؟

دکتۆرە نەشمیل دەڵێت ئەوەی گرنگە، کواڵێتی ئەو خزمەتەیە کە پێشکەشی منداڵ دەکرێت لەو شوێنەی لێیدەژی "دەبێت ئەو کەسەی ئەرکی چاودێریی منداڵی لەسەرە، دایک، کەسی نزیکی منداڵ یان دایەنگە، دەروون دروست بێت و سەرنج بداتە هزر و هەست و ڕەفتاری منداڵەکە".

وەک توێژینەوە زانستییەکان دەڵێن، ئەگەر کەسی شارەزا لەلایەنی دەروونیی منداڵ، چاودێریی منداڵەکان بکەن لە دایەنگەدا، ئەوا هەم توانای زیرەکییان زیاتر دەبێت و هەم توانای پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و هەستی هاوبەشێتی مرۆییان بەهێزتر دەبێت.

دکتۆر عەبدولباقی دەڵێت، نابێ تەنیا لە ناچاریدا منداڵ بنێرینە دایەنگە، بەڵکو دەبێت خەمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و هزری منداڵەکانیشمان بێت، بۆ ئەمەش دەبێت لە دایەنگای دروست و بە خزمەت بگەڕێین.

### سنوور بۆ منداڵەکانمان دابنێین؟

دکتۆر عەبدولباقی هەروەها دەڵێت کە دەبێ بوار بە منداڵەکانمان بدەین تەعبیر لە خۆیان بکەن، بەڵام لەگەڵ پێگەیشتندا منداڵ بەدوای سنووردا دەگەڕێت، دەبێت بە وریاییەوە سنوورەکانیان تێبگەیەنین، نەک بە لێدان و هاوار بەسەردا کردن. زۆرکات منداڵ دەیەوێت سەرکێشی بکات و ئاستی مەترسیداریی سنوورەکان تاقیبکاتەوە، بۆیە گرنگە بە تێگەیاندن سنوورەکان بۆ منداڵ دیاری بکەین.

بەبڕوای دکتۆرە نەشمیل، هاندان بەشێکی گرنگی پرۆسەی دیاریکردنی سنوورە "بۆ نموونە پێدانی پاداشتێک لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکدا، یان بڕینی پاداشت کاتێک لە ڕێنماییەکە لادەدات".

تەمەنی منداڵی قۆناغێکە کە ئەرکی بەرپرسیارێتی تێدا نییە، قۆناغی پێگەیشتووش قۆناغی وەرگرتنی بەرپرسیارێتییە. قۆناغی مێرمنداڵی قۆناغێکی زۆر هەستیارە کە تێیدا دەبێت بە لەسەرخۆیی پرۆسەی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و هەمانکات چاودێریش هەبن.

د.عەبدولباقی دەڵێت، کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی ورد مامەڵە لەگەڵ مێرمنداڵ ناکەن "لە قۆناغێکدا کەسەکە منداڵە و بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێت، دوای ماوەیەک وەک پێگەیشتوو هەژمار دەکرێت و هەموو بەرپرسیارێتییەکی بەسەردا دەسەپێنرێت. لەو نێوەندەدا قۆناغی گواستنەوە نییە".

### منداڵانی کوردستان قایمن

د.عەبدولباقی دوای کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی 1991ی کوردستان، توێژینەوەیەکی کردووە لەسەر ئەو منداڵانەی لە کۆڕەوەکەدا بوون. ئەو بۆی دەرکەوتووە 20%ی منداڵەکان نیشانەکانی نەخۆشیی دەروونی "زەبری دەروونیی دوای کارەسات-PTSD" یان تێدابووە.

ئەو دەڵێت ئەگەر ئەو کارەساتە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا ڕوویدابا، ڕێژەکە لەوانەیە گەیشتبایە 80% "نهێنیی ئەو سەلامەتییە دەروونییەی منداڵانی کورد، بەهێزیی چوارچێوەی خێزان و دەربڕینی پشتیوانی و هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییە".

# بە کەمەرتدا بزانە تووشی شەکرە دەبیت

**ڕووداو- BBC**

پسپۆڕانی بەریتانی دەڵێن ئەو پیاوەی کەمەری لە 102 سانتیمەتر زیاتر بێت، پێنج هێندەی کەسانی دی زیاتر لەبەردەم مەترسی تووشبووندایە بە شەکرە، ئەو ژنانەش کە کەمەریان 88 سانتیمەتر و زیاتر بێت، ئەگەری تووشبوونیان بە شەکرە سێ هێندەی ئەوانەیە کە کەمەریان ڕێکە.

شەکرە ڕێخۆشکەرێکی گرنگە بۆ تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و دەماخ، هۆکاری سەرەکی کوێربوونی چاوە، بۆڕی خوێن و هەستە دەمارەکان خراپ دەکات و هۆکارێکی سەرەکی بڕینەوەی قاچە.

ئەو کەسەی لە تەمەنی پەنجا ساڵیدایە و شەکرەی هەیە، شەش ساڵ زووتر دەمرێت لە کەسێکی هاوتەمەنی کە شەکرەی نییە.

### بۆچی لۆمەی قەڵەوی دەکەین؟

هیچ هۆکارێک هێندەی قەڵەوی ڕێخۆشکەر نییە بۆ تووشبوون بە شەکرە. ئەو پیاوانەی کەمەریان دەگاتە 94 سانتیمەتر ئەگەری تووشبوونیان بە شەکرە زیاترە، بەڵام کە بووە 102 سانتیمەتر ئەگەری تووشبوونیان بە شەکرە پێنج بەرابەری کەسانی ئاسایی زیاد دەکات.

ژنانیش ئەگەر کەمەریان 80 سانتیمەتر بێت لە مەترسییەکی زۆرتری تووشبووندان بە شەکرە، بەڵام کە گەیشتە 88 سانتیمەتر، ئەگەری تووشبوونیان سێ هێندەی کەسانی ئاساییە.

د.ئالیسۆن تێدستۆن، پزیشکی پسپۆڕی خۆراک لە بەریتانیا دەڵێت "هیچ شتێک هێندەی کێش دابەزاندن ڕێگر نییە لە تووشبوون بە شەکرە".

مانگی ڕابردوو ئەنستتیوتی تەندروستی نیشتیمانیی بەریتانی هانی تووشبووانی شەکرەی جۆری دووی دا کە نەشتەرگەریی دابەزاندنی کێش بکەن.

### خەڵک نازانن کەمەریان بپێون

پزیشکە بەریتانییەکان دەڵێن خەڵکی وادەزانن کەمەر یەکسانە بە کەمەری پانتۆڵ، بەمجۆرە زۆر لە پیاوان دەڵێن چەندین ساڵە هەمان سایزی پانتۆڵ بەکاردێنن و کەمەریان زیادی نەکردووە. ئەوان نازانن پانتۆڵ لە خوار کەمەرەوە دەبەسترێت و دەبێت پێوانی کەمەر لە ئاستی ناوکدا بێت، نەک شوێنی بەستنی قایشی پانتۆڵەکەیان.

### شەکرەی جۆری یەک جیاوازە

زیاتر لە 90%ی تووشبووانی شەکرە، جۆری دووەمیان هەیە کە بەهۆی قەڵەوی و جوڵەی کەم و ستایلی ناتەندروستی خۆراکەوە ڕوودەدات.

بەڵام ژمارەیەکی کەمی تووشبووان، بەتایبەت منداڵان، شەکرەی جۆری یەکیان هەیە. ئەم جۆرەیان پەیوەندی بە ستایلی ژیانەوە نییە، بەڵکو کۆئەندامی بەرگریی کەسەکە بە هەڵە ئەو بەشەی پەنکریاس لەناودەبات کە ماددەی ئینسۆلینی ڕێکخەری شەکری خوێن دەردەدات. بەمجۆرە کەسەکە دەبێت بۆ هەتاهەتایە دەرزیی ئەنسۆلین بەکاربهێنێت، بۆ جێگرتنەوەی ئینسۆلینی سروشتی لەدەستچوو.



# پلەی گەرما و مەترسییەکانی



**د.ژانیار نوری عوسمان***

ئاشکرایە کە مرۆڤ لە دوو سەرچاوەوە "کارلێک" لەگەڵ گەرما و سەرما دەکات، یەکێکیان پلەی گەرمای ناوەوەی لەشی مرۆڤە کە لە ئەنجامی جۆرەها پرۆسێسەوە دروستدەبێت. ئەوەی دیکەشیان پلەی گەرمای دەوروبەرە کە ئێمە باسی دووەمیان دەکەین.

### کارلێکەکە:

مرۆڤ پلەی گەرمیی لەشی لە نێوان 36.5 تاوەکو 37.5 پلەی سەدی ڕادەگرێ کە ئەمە گرنگە بۆ پاراستنی کارکردنی لەش. ئەگەر پلەی گەرمیی دەرەوە نزم بێت، ئەوا دەست دەکەین بە کرژبوونی ماسولکە و دەمارەکانی خوێن کە لە پێستماندا دەردەکەوێت و دواتر بە لەرز. ئەگەر پلەی گەرمای دەرەوە ببێتە 35.7 پلە یان وەرزش بکەین، ئەوا دەست دەکەین بە ئارەقکردنەوە. ئەگەر لەمە زیاتر بوو ئەوا تێکچوونی تەندروستیمان دەستپێدەکات.

### نەخۆشییەکان:

1 - ڕەقیتەی گەرما (heat cramps): ئەمە ڕەقبوونی ماسولکەکانە، کاتێک دروست دەبێت کە لە گەرمادا وەرزشێک دەکەین، زیاتر لە یاریزانەکاندا دەردەکەوێت بە تایبەتی کە تینوێتییان بە ئاوی سادە دەشکێنن، نەک بەو خوێاوەی لە یاریگاکاندا بەکاردێت. چارەسەری ڕەقیتە پشوودان و خوێاو خواردنەوەیە.

2- لەخۆچوون لە گەرما: بوورانەوەیەکی کەمخایەنە، کاتێک ڕوودەدات کە پلەی دەوروبەر گەرم بێت. چارەسەی ناوێت جگە لە پشوودان.

3- ماندووبوون لە گەرما: ئەمەیان پلەی لەشی مرۆڤ دەگەیەنێتە نێوان 37- 40 پلە. کەسەکە تووشی سەرئێشە و ئارەقکردنەوەی زۆر دەبێت. کاتێک ڕوودەدات کە کارێکی قورسی وەکو کرێکاری بکەین لە کەشێکی گەرمدا. ئەمەیان پێویستی بە چارەسەرە لە نەخۆشخانە. زۆربەی کات نەخۆشەکە بەخێرایی چاک دەبێتەوە.

4 - لێدانی گەرما: مەترسیدارە، کاتێک ڕوودەدات کەسێک لە کاری قورس بەردەوام بێت پاش ئەوەی بووە جۆری سێیەم. پلەی لەشی ئەو کەسە دەبێتە سەرووی 40 پلە. ئەوەی سەیرە لێرەدا ئارەقکردنەوە نامێنێت! ئەمەش دەبێت لە نەخۆشخانە چارەسەر بکرێت و درێژەش دەکێشێت.

### کێن زیاتر تووشدەبن:

1- منداڵی تازە لەدایکبوو تاوەکو یەک ساڵان.
2- پیری پەککەوتە.
3- ئەوانەی چارەسەی میزپێکردن بەکاردێنن (حەبی مین) کە بۆ نەخۆشیی بەرزە پەستانی خوێن و پەککەوتنی دڵە.

***هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی هەناو**

# کوردستان لەبەردەم گەورەبوونی قەیرانی داراییدایە

عەلی حەمە ساڵح*

بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2014 بە 164 ترلیۆن و 523 ملیار و 383 ملیۆن دینار خەمڵێنراوە، پشکی هەرێمی کوردستان لەم بودجەیەدا پاش دەرهێنانی خەرجیی سیادی و حاکیمە 17%ە کە دەکاتە 16 ترلیۆن و 452 ملیار و 383 ملیۆن دینار، بە بەراورد بە پارساڵ کە 14 ترلیۆن و 406 ملیار و 735 ملیۆن دینارە بووە، 2 ترلیۆن و 46 ملیار دینار زیادی کردووە.

ئەم 16 ترلیۆن و 452 ملیار دینارەی هەرێمی کوردستان، بەسەر دوو خانەی سەرەکیدا دابەشکراوە.

یەکەم: پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق 15 ترلیۆن و 518 ملیار دینارە

دووەم: پشکی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان 933 ملیارە.

ئەم خشتەیە پشکی هەرێمی کوردستان پاش دەرهێنانی خەرجی سیادی و حاکیمە دەردەخات.

**1 بەملیۆن دینار**

| بودجەی گشتیی عێراق | پشکی هەرێمی کوردستان |
|---|---|
| 164.523.383 | 16.452.383 |
| 100% | 9.9% |

## لایەنی ئابووری لە بودجەی عێراقدا

ئەگەر لە فۆرمە گشتییەکەیدا بڕوانین، پارەی تەرخانکراو لە بودجەی گشتیی عێراق بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان 59 ترلیۆن و 234 ملیار و 704 ملیۆن دینارە کە 36%ی بودجەی گشتیی عێراق دەکات، ئەم بڕەش هەمووی وەک خۆی و بە شێوەیەکی دروست خەرج ناکرێت، لە کاتێکدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێت بودجەی وەبەرهێنان لە نێوان 65% بۆ 70% بێت، کەمیی پشکی وەبەرهێنان لەبودجەی گشتی کاریگەرییەکی نەرێنی دەبێت لەسەر پێشکەوتنی خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری.

بە وردبوونەوە لە بودجەی گشتیی عێراق، دەردەکەوێت بیرێکی ئابوورییانە لە پشتی ئەم بودجەیەوە نییە کە بایەخ بە زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆی عێراق و کەمکردنەوەی ئاستی هاوردەکردن و زیادکردنی دەرفەتی کارو بەزربوونەوەی داهاتی تاک بدات، بەڵکو ئەم بودجەیە زیاتر سیمایەکی ئەمنی و سەربازی و سیاسی هەیەو باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە زیادبوونی نائاسایی خەرجیە سیادییەکان و خەرجییەکانی ئاسایش و بەرگرییەو تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی کەمە بۆ خەرجییەکانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی. بۆ نموونە:

ئەگەر خەرجییەکانی ئاسایش و بەرگری وەربگرین، 23 ترلیۆن و 204 ملیارو 931 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە و بەم شێوەیە دابەشکراوە کە لە خشتەکەدا بە ملیۆن دینار ڕوونەبێتەوە (دەبوو هەرێمی کوردستان لە زۆربەی ئەم پارەیە سوودمەند بێت بەڕێژەی 17%، بەوپێیەی بەشێکن لە خەرجییەکانی سیادی و کوردیش 17%ی ئەم خەرجییانە دابین دەکات).

لە بودجەی عێراقدا بۆ کەرتی کشتوکاڵ 3 ترلیۆن و 83 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، واتە ئەو پارەیەی بۆ کەرتی بەرگری و ئەمنی تەرخانکراوە حەوت ئەوەندەی ئەو پارەیەیە کە بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخانکراوە. هەروەها بۆ کەرتی پیشەسازی یەک ترلیۆن و 415 ملیار دینار تەرخانکراوە، واتە ئەو پارەیەی کە بۆ کەرتی ئەمنی و بەرگری تەرخانکراوە چواردە ئەوەندەی ئەو پارەیەیە کە بۆ کەرتی پیشەسازی تەرخانکراوە.

**2**

| | |
|---|---|
| مجلس الامن الوطنی | 300.358 |
| مکتب القائد العام للقوات المسلحه | 70.471 |
| جهاز المخابرات الوطنی العراقی مع مکتب مفتش العام | 330.798 |
| وزاره الدفاع | 5.874.599 |
| التسلیح وزاره الدفاع | 5.145.326 |
| وزاره الداخلیه | 10.452.324 |
| تسلیح وزاره الداخلیه | 525.000 |
| مدیریه نزع السلاح و دمج الملیشیات | 506.053 |

## گرفتەکانی پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا

گرفتەکانی پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا بەسەر دوو خاڵی سەرەکیدا دابەش دەبێت:

**یەکەم: زیادبوونی خەرجییەکانی سیادی و حاکیمە**

پشکی 17%ی هەرێمی کوردستان پاش دەرهێنانی خەرجیيە سیادی و حاکیمەکان دیاری دەکرێت، واتە: لە هەموو زیادبوونێکی خەرجییە سیادی و حاکیمەکاندا پشکی هەرێمی کوردستان کەمدەبێتەوە، هەرچەندە دواتر لە خەرجییەکانی حاکیمەدا پشکی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت و لە بەشێک لە خەرجییە سیادییەکانیش سوودمەندە.

خەرجییە سیادییەکان: لەساڵی 2014دا 47 ترلیۆن و 429 ملیار و 889 ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی سیادی تەرخانکراوە، واتە: لەو 164 ترلیۆن دینارەی بودجەی عێراق 47 ترلیۆن و 429 ملیار دینار بۆ خەرجییەکانی سیادی تەرخان دەکرێت، ئینجا 17% دیاری دەکرێت وەک پشکی کورد، بە دیوێکی دیکەدا: کورد 17%ی خەرجییە سیادییەکان دابین دەکات، بەڵام لە بەشێکی زۆری ئەم خەرجییانە سوودمەند نابێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی خەرجییە سیادییەکانەوە بڕوانە خشتەی ژمارە 2

هەرچەندە هەرێمی کوردستان 17%ی خەرجییە سیادییەکان دەدات، بەڵام لە زۆرینەی ئەم خەرجییانە سوودمەند نییە کە دەبوو ببێت. لەوانە خەرجییەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق و دەستەی مافی مرۆڤ و پرۆژەکانی ئەنجومەنی وەزیران و خەرجییەکانی وەزارەتی دەرەوە، ئەمیش لە ڕێگای کردنەوەی نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا، پرۆژەکانی بەنداو و پرۆژەکانی کەشناسی و هێڵی ئاسنین و ...هتد.

بەگەڕانەوە بۆ خشتەی ژمارە 2 کە لیستی سەرجەم خەرجییە سیادییەکانی تێدایە، دەردەکەوێت هەرێمی کوردستان چەندە زیانی پێگەیشتووە.

خەرجییەکانی حاکیمە: ساڵ بەساڵ خەرجییەکانی حاکیمەش ڕوو لە زیادبوون دەکەن، هەرچەندە بەپێی یاسای بودجەی عێراقی 17%ی خەرجییە حاکیمەکان بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، بەڵام بەشێک لەم خەرجییانە لە ڕابردوودا نەگەیشتوونەتە کوردستان، بەتایبەت ئەو بڕە پارەیەی کە پەیوەندی بە هێنانی وزەی کارەبا و سووتەمەنییەوە بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و دەستەی حەج و عەمرەوە هەیە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی 2012دا 289 ملیار دیناری پشکی هەرێمی کوردستان کە تایبەت بووە بە هێنانی وزەی کارەبا و سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە نەدراوەتە کوردستان، لە ساڵی 2013 دا خەرجی هێنانی وزەی کارەباو سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای کوردستان 302 ملیار دینار بووە، بەڵام نەدراوەتە هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی 2014دا بۆ خەرجییەکانی حاکیمە 12 ترلیۆن و 558 ملیار و 528 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، لەو بڕەش 2 ترلیۆن و 134 ملیار و 949 ملیۆن دینار بۆ هەرێمی کوردستانە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە ئەم پارەیە ناگاتە هەرێمی کوردستان.

ئەم خشتەیەی خوارەوە وردەکاری خەرجییەکانی حاکیمە لە عێراق و کوردستان دەخاتەڕوو:

لەماوەی ڕابردوودا بەشێکی زۆری ئەم خەرجیانە وەک خۆی نەگەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان و بەشێکیشی بەهیچ شێوەیەک نەگەیشتووە، لەوانە خەرجییەکانی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و خەرجییەکانی هێنانی تەزووی کارەبا، بەمەش هەرێمی کوردستان زیانی پێگەیشتووە.

بۆیە باشتر وایە ڕاستەوخۆ هەرێمی کوردستان پارەکە لە وەزارەتی داراییەوە وەربگرێت یان وەزارەتی پەیوەندیدار نەک وەزارەتە جیاوازەکانی حکومەتی ناوەندی یان بەدواداچوونی ورد بکرێت بۆ گەیشتنی پارە و کاڵای پەیوەندیدار.

**4 بەملیۆن دینار**

| ناونیشان | دیاریکراو بۆ ساڵی 2014 | پشکی هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|
| فۆرمی خۆراک (ڕێسای دابەشکردنی گشتی) | 5.416.7500 | 920.847 |
| خەرجییەکانی هەڵبژاردن | 284.413 | 48.350 |
| خەرجییەکانی هێنانی وزەی کارەبا | 1.138.500 | 193.545 |
| خەرجییەکانی ساکاڵانامەی موڵکداری | 1.000.000 | 170.000 |
| خەرجیی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا | 680.400 | 115.668 |
| دەرمان | 1.533.465 | 260.689 |
| کڕینی گەنم و چەڵتوکی جوتیاران | 2.376.000 | 403.920 |
| دەستەی حەج و عەمرە | 29.000 | 4.930 |
| کۆی گشتی | 12.558.528 | 2.134497 |

دووەم: سەرنج لەسەر چەند ماددەیەکی پرۆژە یاسای بودجە

چەند ماددەیەکی پرۆژە یاسای بودجە هەیە کە پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە هەیەو بەشێک لەو ماددانە بە جێبەجێبوونیان زیانیان دەبێت بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

### یەکەم:

ماددەی دەیەمی یاسای بودجەی عێراق تایبەتە بەداهاتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان.

لە خاڵی یەکەم – بڕگەی ئەلفدا هاتووە "دیوانی چاودێری دارایی عێراق بەڕێککەوتن لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، هەڵدەستێن بە ئەژمارکردن و دیاریکردنی ئەو داهاتە فیدراڵییەی کە لە هەرێمی کوردستان بەدەستدێن و وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان مانگانە ڕەوانەی وەزارەتی دارایی عێراقی دەکات.

لەماددەی 10دا خاڵی دووەم- بڕگەی (ب)دا هاتووە: کە پاش وردبینی لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی عێراق بەهەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان، داهاتەکانی ناوخۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی تەسویە دەکرێت لە ساڵی (2004 تاوەکو 2013) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە نەگاتە 2014/10/15 .

لە خاڵی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە: ئەگەر هەرێمی کوردستان داهاتە فیدراڵییەکان کە لە هەرێمی کوردستان وەدەستهاتوون نەگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی گشتیی فیدراڵی، ئەوا حکومەتی فیدراڵی بە ئەندازەی ئەو بڕە پارەیە کە وەدەستهاتووە، لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت.

هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەم ماددەیە بەشێوەی جیاواز هاتووە، بەڵام ئەگەر ئەمساڵیش ئەم مادەیە جێبەجێ نەکرێت، لە ساڵانی ئایندەدا لە یاسای بودجەدا جێگای دەکرێتەوەو لە هەموو ساتێکدا قابیلی جێبەجێکردنە، بۆیە دەبێت ئەم دۆسیەیە یەکلا بکرێتەوەو یەکلابوونەوەکەش بەزیان بۆ خەڵکی کوردستان نەشکێتەوە، لە ساڵانی پێشووتریشدا بەبڕی جیاواز داهاتی هەرێمی کورستان گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵام حکومەتی ناوەندی پێیوایە ئەمە داهاتی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان نییە.

ناکرێت داهاتی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان نەخرابێتە ناو بودجەی گشتییەوە و بۆ هەر مەبەستێک بەکارهاتبێت، دواتر لە حکومەتی ناوەندییەوە لە بودجەی گشتی کوردستان ببڕدرێت و خەڵکی کوردستان بکرێنە قوربانی.

### دووەم:

لە ماددەی دەیەم، خاڵی سێیەمدا هاتووە: هەر کاتێک حکومەتی هەرێم یان پارێزگایەک ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بەهۆکاری ڕێگریکردنی لە بەکارهێنانی فەزا (ئاسمان)، یان ڕازینەبوون بە ڕاکێشانی کێبڵی زەمینی بۆ خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و گەیاندنی فیدراڵی و جیهانیی ڕێگەپێدراو لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانی تەلیفۆنی مۆبایل و خزمتگوزاریی ئینتەرنێت، بەبڕی ئەو زیانانەی کە دەدرێت، پارە لە پشکی هەرێم یان پارێزگا کەم دەکرێتەوە.

وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیە دەبڕێت دوای ئەوەی وەزارەتی پەیوەندییەکانی عێراق بڕی ئەو زەرەرە دیاری دەکات و دەیخاتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو. لەکاتی بوونی ناڕەزایی لەلایەن حکومەتی هەرێم یان پارێزگا لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، ئەو پرسە ڕەوانەی دادگای فیدراڵی دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی.

ئەم هەنگاوە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە زیان بە بودجەی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت، چونکە ئێستا زۆرینەی هەرە زۆری خزمەتگوزارییەکانی ئەم کەرتە لەدەست کۆمپانیا حیزبییەکانی کوردستان یان نزیک لە حیزبییەکاندان، چونکە ئەگەر ئەم داهاتانە نەگەڕێنەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، ناکرێت لە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێت یان ئەگەر ڕێگرییەک بکرێت لە پێناو بەرژەوەندی کۆمپانیایەکی حیزبی، ناکرێت خەڵکی کوردستان باجەکەی بدات.

بۆیە پێویستە کۆمپانیاکە بدرێتە دادگا و کۆمپانیا سزا بدرێت نەک لە بودجەی کوردستان ببڕدرێت.

### سێیەم:

هەرچەندە لەماددەی یەکەم بڕگەی (ب)دا، تەنیا ئەوە هاتووە کە عێراق ڕۆژانە 3 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و لەوبڕەش 400 هەزار بەرمیلی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت و هەناردە دەکرێت، لەم بڕگەیەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان لە ئەگەری نەناردنی ئەو بڕەدا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت و سزای دارایی بدرێت، بەڵام لە ماددەی 10 بڕگەی چوارەمدا هاتووە: وەزارەتی دارایی عێراق بڕی ئەو زیانانە دیاری دەکات کە هۆکارەکەی هەرێم یان پارێزگاکانن لە دابینەکردنی ئەو نەوت و غازەی بۆیان دیاریکراوە و وەزارەتی نەوتی عێراقی بڕی زیانەکە دیاری دەکات و لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەیخاتەڕوو، بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت و ئەگەر حکومەتی هەرێم یان پارێزگاکە ناڕەزاییان هەبوو لەسەری، پرسەکە دەگوازرێتەوە بۆ دادگای فیدراڵی بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی.

لە خوێندنەوەمان بۆ ئەم ماددەیە، لەوە تێدەگەین، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر گرفتێکی هەبوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، یان هەر کێشەیەک لە ناوخۆدا دروستبوو یان گرفت لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی نەوتدا هەبوو، ئەم گرفتانەش بوون بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان نەتوانێت ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگای حکومەتی ناوەندییەوە هەناردەی دەرەوە بکات، ئەوا لە بودجەی گشتی کوردستان دەبڕدرێت.

هەرێمی کوردستان، ئەگەر ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت دابین بکات و نرخی بەرمیلێک نەوت بە 100 دۆلار بخەمڵێنین، واتە: هەرێمی کوردستان 14 ملیار و 600 ملیۆن دۆلار (17 ترلیۆن و 520 ملیار دینار) بۆ بودجەی عێراق دابین دەکات، لەکاتێکدا پارەی تەرخانکراو وەک پشکی هەرێمی کوردستان 16 ترلیۆن و 452 ملیار دینارە.

بەمەش ئەگەر هەرێمی کوردستان بەهۆی هەر ناکۆکییەکەوە بێت، ئەو 400 هەزار بەرمیل نەوتە بەشێوەی ڕۆژانە دابین نەکات، حکومەتی ناوەندی



دەتوانێت کۆی بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت.

### چوارەم:

لە ماددەی نۆیەم، بڕەگەی پێنجەمدا هاتووە کە بەڕێککەوتنێک لەنێوان ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، خەرجیی هێزەکانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان (پێشمەرگە) لە دابینکردنی مووچە و چەک و پێداویستییەکانی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە خەرج دەکرێت، بەمەرجێک لەگەڵ دەستووری عێراقدا بگونجێت.

لە ساڵی 2007ەوە ئەم بابەتە بەشێوازی جیاواز لە یاسای بودجەدا هاتووە و جێبەجێ نەکراوە، بەپێی خەمڵاندنەکانیش حکومەتی ناوەندی تاوەکو ئێستا زیاتر لە 10 ترلیۆن دینار خەرجیی هێزی پێشمەرگەی نەداوە.

### کۆمەڵێک هەنگاو گرنگن بۆ جێبەجێبوونی ئەم ماددەیە:

یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە لە هێزێکی حیزبییەوە بکاتە هێزێکی نیشتیمانی و ژمارەی دروستی پێشمەرگە دیاریکراو بێت و پێدانی پلە و پۆست لەسەر بنەمای لێهاتوویی بێت، لادانە نائاسایی و نایاساییەکان نەهێڵدرێت، بەداخەوە تاوەکو ئەم ساتە ئیرادەیەکی جددی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەم بابەتە نابینرێت، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە خانەنشینکردنی کادیرە حیزبییەکانە بە پلەی سەربازی.

دووەم: ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کردە هێزێکی ڕێکخراوی نیشتیمانی و ژمارەیان دیاریکراو بوو، کارە نائاسایی و نایاساییەکان نەهێڵدران، کار بکرێت بۆ ئەو مافانەی دیکەی هێزی پێشمەرگە کە لە ساڵانی ڕابردوودا لای حکومەتی ناوەندی بووەو نەیداوەتە هەرێمی کوردستان.

## گرفت لە ژمارەی فەرمانبەراندا

کۆی گشتی ژمارەی فەرمانبەرانی عێراق 3 ملیۆن و 4 هەزار و 369 فەرمانبەرەو لەم ژمارەیەش، فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان 679 هەزار و 939 فەرمانبەرن، بەمەش ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان 22.6%ی هەموو فەرمانبەرانی عێراق پێکدێنێ.

لەکاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق 9.9%یە چۆن بەو ڕێژەیە دەتوانرێت پێداویستی 22.6%ی فەرمانبەرانی عێراق دابین بکرێت.

ئەمساڵ عێراق بەنیازی بڕیاردانە لەسەر زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی، بەڵام تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەوە نەکردووە کە ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەم ڕێژەیە و بەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەر مووچەی فەرمانبەرانی زیاد بکات یان نا. ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری مووچەخۆر هەن لە کوردستاندا کە فەرمانبەر نین و کۆی گشتی ئەوانەی مووچە وەردەگرن لە کوردستاندا بەفەرمانبەریشەوە نزیکەی یەک ملیۆن و 400 هەزار کەسن، بەشێکی زۆری ئەوانە خانەنشینکراون و بەشێکی زۆری ئەم خانەنشینکردنەش بە نایاسایی بووە، عێراق بڕیاری داوە کە بۆ ئەمساڵ مووچەی خانەنشینی زیاد بکات و بەپێی یاساش دەبێت هەرێمی کوردستان پەیوەست بێت پێیەوە. ئەمەش قەبارەی گرفتەکە گەورەتر دەکات.

بۆیە هەموو لایەک ئاگادار دەکەمەوە ئەگەر لە ئێستاوە پلانێکی تۆکمە دانەنرێت و ئەم پلانەش لە بودجەی 2014ی هەرێمی کوردستاندا بەرجەستە نەبێت، قەبارەی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا زۆر گەورەتر دەبێت.

***پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**

**3 خەرجییە سیادییەکان و پشکی کوردستان تێیدا**

| یەکەکان | گوژمە / ملیۆن دینار |
|---|---|
| خەرجی سیادی | |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 281.674 |
| کۆمیسۆنی باڵای مافی مرۆڤ | 27.298 |
| دەستەی نەزاهە | 86.345 |
| سەرۆکایەتی کۆمار | 92.443 |
| ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیران | 111.891 |
| سەرۆکایەتی وەزیران بۆ 9600 پرۆژەی سیادی | 508.683 |
| نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە | 5.146 |
| نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئابووری | 9.731 |
| نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری خزمەتگوزاری | 14.686 |
| ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی | 300.358 |
| دەستەی عێراق بۆ سەرچاوە تیشکدارەکان | 4.159 |
| نووسینگەی سەرکردەی گشتی | 70.471 |
| دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی لەگەڵ پشکێنەری گشتی | 330.798 |
| وەزارەتی دەرەوە | 581.703 |
| ناسنامە و سنوور و 79 ملیار دیناری پرۆژەی سیادی و دەرماڵەی پاسەوانی پەرلەمانتاران | 1.533.156 |
| وەزارەتی بەرگری | 11.019.925 |
| زیادەی قەرزی بانکی نێودەوڵەتی | 8.106 |
| زیادەی قەرزی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی | 7971 |
| زیادەی قەرزی بیانی | 17.939 |
| زیادەی سەنەدات لەسەر کوژاندنەوەی قەرزی بیانی لەسەر کەرتی تایبەت | 188.892 |
| زیادەی سەنەداتی حەواڵاتی گەنجینە | 252.500 |
| زیادەی کەوتووە سەر دووبارەکردنەوەی هەیکەلی قەرزی بیانی بە گوێرەی ڕێککەوتنی وڵاتانی یانەی پاریس و وڵاتانی دەرەوەی یانەی پاریس | 874.500 |

| یەکەکان | گوژمە / ملیۆن دینار |
|---|---|
| دانوستاندن و داواکاری یاسایی بۆ قەرزە بیانییەکان | 11664 |
| وردبینی و بەدواداچوون و گەڕان بەدوای قەرز لە دەرەوە | 6368 |
| لێژنەی شارەزایانی دارایی | 5.113 |
| بەشداریکردن لە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو، جگە لە هەرێمی کوردستان | 2.353.500 |
| کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگای تورکیا | 270.000 |
| بەشداریکردنی عەرەبی و جیهانی جگە لە ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەران و وەزارەتی دەرەوە و بەرگری | 175.944 |
| قەرەبووی جەنگی کوەیت | 6.511.527 |
| تەسویەی نەختینەیی بۆ قەرزە بیانییەکان | 816.200 |
| ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان لەگەڵ وڵاتانی یانەی پاریس و وڵاتانی دەرەوەی یانەی پاریس | 1.399.200 |
| خەرجی تەمویلکردنی هاوبەش | 50.000 |
| دانەوەی دەرکردنی حەواڵاتی گەنجینەی کۆن | 400.000 |
| تەسویەی دراوی بۆ قەرزە بچوکەکانی کەرتی تایبەت لە دەرەوە | 40.810 |
| موستەحەقاتی سندوقی عەرەبی تایبەت بە ڕێککەوتنی دووبارەکردنەوەی هیکەلی قەرزەکانی لە عێراق | 466.640 |
| قستی قەرزی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی | 986.442 |
| قستی قەرزی بانکی نیودەوڵەتی | 13.876 |
| پرۆژەکانی هێڵی ئاسنی | 483.215 |
| پرۆژەکانی بەندەرەکان | 433.499 |
| پرۆژەکانی کەشناسی | 1.350 |
| پرۆژەکانی بەنداو و سوودی گشتی | 175.000 |
| پرۆژەکانی کۆمپانیاکانی نەوتی بیانی/ وەزارەتی نەوتی فیدراڵ | 16.000.000 |
| تیچووی کۆمپانیای نەوتی بیانی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان | 900.000 |
| کۆی خەرجیی سیادی | 47.429.889 |

ڕووداو
ژمارە (320) دووشەممە 2014/8/4



کامەران ئیسحاق پەری

## لە موسڵەوە بۆ بەغدا..

# یەک وێنە و یەک چارەنووس

لەپاش رووخانی سەدام حوسێن لەساڵی 2003، نەهامەتی مەسیحییەکان چووە قۆناغێکی دژوارتر، وەک ئەوەی مەینەتی و سەرگەردانی بووبێتە بەشێک لە ژیان و مێژوویان. ئەوان کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا 2.89%ی پێکهاتەی گەلانی عێراقیان پێکدەهێنا، لە ساڵی 2008 ئەو رێژەیە دادەبەزێت بۆ کەمتر لە 0.94%. ئامارەکان وا دەردەخەن تەنیا لەساڵی 2003دا پتر لە هەزار مەسیحی کوژراون، لەو مێژووەش بەدواوە نزیکەی 100 شوێنەوار و کڵێسایان خاپوور کراوە یان تەقێنراونەتەوە.

ئەوەی کە ئەمرۆ رووبەڕووی مەسیحییەکان بووەتەوە، درێژەپێدانی هەمان ئەو پرۆسە دراماتیکیەیە کە لە 2003وە لەسەردەستی عێراقی فیدراڵی هەنگاوی بۆ نراوە. رەنگە تەنها جیاوازیی نێوان ئەمرۆ و دوێنێی نزیک لەوەدا خۆی ببینێتەوە کە ئەمجارە بەئاشکرا و بەفەرمی و سیستماتیک شارەکانی عێراق لەپێش هەمووشیانەوە موسڵ بە 30 کڵێسا و دێرەوە لە مەسیحییەکان چۆڵ دەکرێت.

ئەوان کەمینەیەکن لەماوەی ئەو 10 ساڵەی رابردوودا بەئاشکرا بوونەتە قوربانیی ململانێ ناوخۆییەکان و پێکەوە نەگونجانی پێکهاتە بەزۆر پێکەوە لکێنراوەکانی عێراق. تەنیا لەساڵی 2008دا نزیکەی چوار هەزار خێزانی مەسیحی موسڵیان جێهێشتووە. لە 9ی حوزەیرانی ئەمساڵیشەوە لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی موسڵ لەلایەن هێزە چەکدارەکانی داعشەوە، پتر لە 1500 خێزان بەزۆرەملێ موسڵیان بەجێهێشتووە. ئێستاش لەپاش سووتاندنی کۆنترین کڵێسای موسڵ کە تەمەنی 1862 ساڵ بوو، دواتریش کڵێسای مار ئەفرام کە خاچی مەسیحییەکانی لێ دادەبەزێنرێت و دەکرێتە مزگەوت، هێشتا بەپێی چەند سەرچاوەیەک 20 خێزانی مەسیحی لەناو موسڵ چارەنووسیان نادیارە.

31ی ئۆکتۆبەری 2010، تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەناو کڵێسای (سیده النجات) لەگەڕەکی کەڕادەی شاری بەغدا و لەکاتی نوێژی مەسیحییەکاندا سەدان بریندار و کوژراوی لێکەوتەوە، دەکرێت ئەم کردەوە تیرۆریستییە ئاماژەیەک بێت بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی دارێژراو کە تێیدا قبوڵنەکردنی بوونی مەسیحی لە عێراق بکاتە ئامانج. پێش ئەم کاتەش لە ئایاری 2007، کڵێسای یۆحەنای مەعمدان لە دۆرە بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن هێزێکی چەکداری نەناسراو، دەرگاکانی خۆی داخست.

حاڵی حازر لەسەر ئاستی شاری بەغدا وەک یەکەمین شاری عێراق لەڕووی زۆریی ژمارەی مەسیحی و شوێنەواری ئاینی کە خۆی لە 73 کەنیسە و کاتدرائی و دەیردا دەبینێتەوە، لەژێر مەترسی و هەڕەشەی خراپبوونی رەوشی شارەکە و ئەگەری پێکدادانی سوننە و شیعە، مەسیحییەکان لەنێوان بژاردەی چۆڵکردنی بەغدا یان چۆڵنەکردن و دانبەخۆداگرتندا دەستەوستان ماونەتەوە.

### بەغدا گرێکوێرەی مەسیحییەکان

بەغدا بۆ شوێنکەوتووانی ئاینی مەسیحی گرنگی و بەهایەکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەوێ گەورەترین مەرجەعیەتی کلدانییەکانی جیهانی لێیە کە راستەوخۆ پابەندی مەرجەعیەتی ڤاتیکان و بڕیارەکانیەتی. دەستهەڵگرتن لە بەغدا لەلایەن مەسیحییەکانەوە بۆ هەندێک، مانای وازهێنانە لە تەواوی مێژووی مەسیحیەت لە عێراق. بۆیە پیاوانی ئاینیی مەسیحی و هەندێک لە رەوتە نەتەوەییە مەسیحییەکان لەگەڵ ئەوەدان کە هەرگیز و بە هەر نرخێک بێت پارێزگاری لە مانەوەی مەسیحییەکان بکرێت لە بەغدا. ئەم هەڵوێستەی کڵێسا لەکاتێکدایە کە دووەم شاری عێراق لەڕووی ژمارەی مەسیحییەکانەوە کە موسڵە لە مەسیحییەکان راماڵراوە و پێناچێت بە گوتنی سروودی "مەوتنی" و بەرزکردنەوەی دروشمی من مەسیحیم من عێراقیم لە کڵێساکانی بەغدا هیچ لەو واقیعە بگۆڕێت کە مەسیحییەکان بەزۆرەملێ ئاوارە دەکرێن و پیرو پەککەوتەکانیشیان لە نەخۆشخانەکانی موسڵ لە نێوان موسڵمانبوون و شمشێردا موخەیەر دەکرێن.

مەسیحییەکان و پرۆسەی سیاسیی عێراق

پێدەچێت هەڵوێستی بارگاوی سیاسییە مەسیحییەکان و نوێنەرانیان لە بەغدا هیچی کەمتر نەبێت لەو هەڵوێستەی کە کڵێسا هەیەتی بۆ رێگرتن لەو تێگەی کە ژیان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی یەکگرتوو بۆ لایەنە زەبر بەدەستەکانی دەسەڵات و میلیشیا تایفەگەرەکان لە بەغدا جێی قبوڵ نییە، ئەوان وێڕای ئەوەی کە بەدرێژایی ئەم ماوەیە دەچەوسێنرێنەوە، هێشتا پێیانوایە کە دەکرێت لەو دۆخەدا نوێنەرایەتی مەسیحی بکەن و ئەندام پەرلەمانیان هەبێت و وەزیر و کاربەدەستیان لەناو دەوڵەتدا هەبێت. ئەوان هێشتا لەڕووی یاساییەوە پابەندن بە یەکرێزیی عێراق و بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەدرێژەدان بە مانەوەیان لە بەغدا دەتوانن چی لەو دۆخە بگۆڕن کە بەسەر مەسیحییەکاندا هاتووە؟ ئایا پابەندبوون بە یەکرێزیی عێراق و هەوڵدان بۆ لێک نەترازانی ماڵی عێراقی لەسەر دەستی نوێنەرایەتی کەمینەی مەسیحی دەتوانێت چی لەو دیفاکتۆیە بگۆڕێت کە مەسیحی مرۆڤێکی قبوڵنەکراوە لەسەر خاکی خۆی؟ ئایا خودی مانەوەیان لە پرۆسەی عێراقیبوون بە چەتر و شەرعیەتدان ناگەیەنێت بە چەوساندنەوەی مەسیحییەکان؟

ئەگەر ئەم دوو هەڵوێستە سیاسی و ئاینییە پێکەوە گرێ بدەین دەبینین هەڵوێستێکی هاوتەریبە و پێدەچێت هەردوو جەمسەری سیاسی و ئاینی لەسەر ئەوە کۆک بن کە هێشتا زووە بۆئەوەی کوردستان ببێتە نیشتمانی دایک بۆ ئەوان، کوردستانێک کە مەسیحی بەخاوەن ماڵ دەزانێت!، کوردستانێک کە هەنگاوی دیموکراتی دەنێت بۆ گەیشتن بە خەونی بوون بەدەوڵەت لەم بارگرژییەدا کە مەسیحییەکانی تێکەوتوون رەنگبێت کوردستان دوا هەڵبژاردە بێت لەبەردەم مەسیحییەکان کە مانەوەیان بپارێزێت. ئێستاش دەبێت ئەو دوو جەمسەرە ئاینی و سیاسی لەوە تێبگەن کە مانەوە لەچوارچێوەی عێراق مانای لەدەستدانی یەکجارەکی ئەو تۆزەی کە ماوە لە مەسیحیەت لەسەر ئاستی عێراق. چونکە ئەوان لەسایەی بوونی دەوڵەتدا بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ کرابێت لە غیابی دەوڵەت و هاتنەئارای مێتۆدی هەرکەس بۆخۆی دەبێت چییان بۆ بمێنێتەوە.

نوێنەرە مەسیحییەکان لەپێناو مانەوەیان زۆرینەی رێگا دیبلۆماسی و ئاشتیخوازەکانی خۆیان بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا تاقیکردەوە، بەڵام نەیانتوانی ئاشتیخوازی و کەمدووییان و لە هەندێ بۆنەشدا هەڵوێست نەبوونیان لەئاست پرسی هاووڵاتیبوونیان پارێزگاری لێبکات، بەپێچەوانەوە هەمیشە نوێنەرایەتی ئاینی و سیاسییان بە کەرەستەیەکی گونجاو زانراوە بۆ گەیشتن بە مەرامی پووچەڵی سیاسیی هێزە ناکۆکەکانی عێراق. لەئێستاشدا بارەکە بە ئاوارەبوونی زۆرەملێ هێندەی دیکە ئاڵۆز دەکات.

من لەوە تێناگەم بەڕێزان نوێنەرانی ئاینی و سیاسی مەسیحی لە بەغدا، لەکاتێکدا کە مەسیحیتان نەمێنێ نوێنەرایەتی بکەن نوێنەری کێن لە بەغدا، لە موسڵ، لە بەسرە، لە حلە و ناسریە؟ من تێناگەم تۆ کە ماڵ و موڵکەکەت بەفەرمی بێت یان نافەرمی بەدرێژایی ئەم 10 ساڵەی رابردوو داگیرکرابێت، قەشە و راهیبەت کوژرابێت و منداڵت لە قوتابخانە دەرکرابێت، بەشە خۆراکت بەهۆی مەسیحیبوونت بڕابێت، لەسەر زار خوشک و برای مەسیحی بیت و لە واقیعیشدا کڵێسا و دێرەکانت یان تاڵان یان تەقێنرابنەوە و بوونەوەرێکی نەخوازراو بیت لەجەستەی عێراقدا، بستێک خاک نەمابێت لەخۆیت بگرێت چی تۆ بەو نیشتیمانە دەستکردەوە دەبەستێتەوە!؟

پاشان هەبوونی مەسیحی لەکوردستاندا و بوونی بنەو بارەگای مەسیحی لەکوردستان شتێکی نامۆ نییە، بگرە ئەوەندەی لەڕووی کولتووری و لێکتێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەکوردستان گونجاوە بۆ ژیان هێندە رێگر نەبووە. بۆچی سیاسی و پیاوانی ئاینی کڵێسا هەنگاوێک نانێن بۆ پتەوکردنی ئەو لەیەک تێگەیشتنەی کە لەنێوان دەوڵەتدارانی هەرێم و مەسیحییەکاندا هەیە؟ بۆچی سیاسیەکان هێندەی سەرقاڵی مانەوەن لەچوارچێوەی عێراق هێندە سەرقاڵی چەسپاندنی مافە دیموکراتیەکانیان نین لەهەرێمی کوردستان.

ئەمڕۆ مەسیحییەکان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدان، ئەوان لە نێوان دیفاکتۆی جێهێشتنی زێدی باوباپیران و دەستگرتن بەو کەمەی کە هەیە، دەبێت بەناچاری یەکێکیان هەڵبژێرن، لە دووهەمیاندا دەتوانن بە هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن و رێککەوتن لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان و هاوهەڵوێستییان لەگەڵ کورد لە ئاست پرسی بوون بەدەوڵەت ئەو سەروەرییە مێژووییە و پارێزگارییە بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. لە هەڵبژاردنی یەکەمیشدا وێڕای لەدەستدانی جێ پێی مێژووی عرقی، مرۆڤبوونیان. لەدەستدانی دووهەمیش دەگەیەنێت.

---



ناسر باباخانی

# بەرەو خەباتێکی جیاواز

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو پارچەکانی دیکە تووشی بنبەستێکی هەمەلایەنە بووە و پێناچێ بەمزووانە دەراوێکی روون لەم بەشەی وڵاتدا بەهۆی ئەم شێوە خەباتەی ئێستاوە بەدی بکرێ، چونکە لەڕاستیدا چاوەڕوانیی ئەگەری دەستێوەردانێکی دەرەکی وەک ئەوەی لە عێراق و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە سووریا روویدا و بواری بۆ کورد لەو دوو وڵاتە رەخساند کە مافەکانی دەستەبەر بکات، یان ئەو دیموکراسییە رێژەییەی لە تورکیا هەیە و بووەتە هۆی ئەوەی پرسی کورد لەو وڵاتە هەنگاوی ئەرێنی بنێت بۆ چارەسەری، بێگومان لە ئێران زۆر زۆر کەمە. هەر بۆیە کورد دەبێ لە رۆژهەڵات تاکتیک و ستراتیژییەکانی خەباتی خۆی بگۆڕێ. من پێموایە ئەو پۆتانسیەلە لە ناوخۆی وڵاتدا هەیە کە ئەم خەباتە بەرەو ئاقارێک بڕوات گوڕوتینێکی تازە بخاتە جەستەی رۆژهەڵاتەوە و دواجار دەسەڵات ناچار بکات دان بە هەندێ مافی کورددا بنێت کە لە ماوەی 35 ساڵی رابردوودا بەهۆی خەباتی دەرەکییەوە نەهاتووەتە دی، مەبەستیشم لەوە خەباتی مەدەنییە.

دیارە ئەم خەباتە بەپێی هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ئێران دەبێ تایبەتمەندیگەلێکی خۆجێیی و بەرۆژی بۆ پێناسە بکرێ. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا نیشانی داوە کە بچووکترین نەوی کێشانێکی لە ئاست کێشەی کورددا نییە و بەتوندترین شێوە سەرکوتی ئەم نەتەوەیە دەکات و خەریکی ئاسیمیلەیە لە هەموو رەهەندەکاندا. رێک لەم پنتەڕایە کە خەباتی مەدەنی دەتوانێ لە قاڵبی نافەرمانی مەدەنیدا تۆپەکە بخاتە گۆڕەپانی دەسەڵاتەوە.

***

نافەرمانی مەدەنی بریتییە لە دەنگ هەڵبڕین و مانگرتنێکی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی لەهەمبەر سیاسەت و یاساکانی ئەم دەسەڵاتەدا. رەنگە دیارترین سیمای بیردۆزی نافەرمانی مەدەنی "جین شارپ" بێ کە تێزە بنەڕەتییەکەی بریتییە لەوەی حکومەتە دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکی خۆیان لە گوێڕایەڵیی خەڵک وەردەگرن و شارۆمەندانی ئەم وڵاتە دەتوانن بە خۆقوتارکردن و دەرباز بوون لەم گوێ لەمست بوونە ببنە هۆی رووخانی حکومەت، یان لانیکەم ئاڵوگۆڕی جددی تێدا ساز بکەن. ئەو پێیوایە لەسەر بنەمای خۆبواردن لە توندوتیژی، بە رەچاوکردنی هەندێ میکانیزمی تایبەتی دەکرێ خەباتی خەڵک سەربکەوێ. دیارە خۆی گوتەنی ئەمە شەڕی نەرم نییە، هەرچەند لە هەندێ رووەوە وێکچوونێکی زاتی هەیە لەگەڵ بیردۆزییەکەی جۆزێف نای، واتە هێزی هۆشمەند (smart power) کە تێکەڵاوێکە لە هێزی نەرم (soft power) و هێزی سەخت (hard power) و بۆ حکومەتی ئەمریکا پێشنیاز کرابوو بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکتاتۆری، بەتایبەتی هەندێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە بەردەنگی جین شارپ خەڵکی ئەو وڵاتانەن کە لەژێر گوشاری دیکتاتۆرەکاندا دەناڵێنن.

***

بیانووی سەرەکی نووسینی ئەم وتارە رۆژی تیرۆری دکتۆر قاسملو و بانگەوازە جیاوازەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. بێگومان دیارە کەم نین ئەو رۆژانەی کە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا دەدرەوشێنەوە و کوردیش وەک میراتێکی بەنرخ هەتا هەنووکە پاراستوونی، بەڵام جیاوازیی رۆژی 22ی پووشپەڕ لەگەڵ رۆژەکانی دیکە لەوەدایە کە ئەم رۆژە بووەتە سیمبولێک بۆ نافەرمانی مەدەنی لە کوردستان و لە هەمان کاتیشدا یەکڕیزی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان لەهەمبەر ئیدانەی تیرۆریزمی دەوڵەتی. هەر بۆیە حکومەتی کۆماری ئیسلامی گەڵاڵەی تایبەتی هەیە بۆ ئەم رۆژە و بە هەموو شێوەکانی هێزی نەرم و هێزی سەخت بەرەنگاری ئەم رۆژە دەبێتەوە.

بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یادی 25 ساڵەی تیرۆری شەهید قاسملو، ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو. یەکەم داواکاری ئەم حیزبە لە بانگەوازەکەیدا بەم شێوەیە بوو: خەڵکی شارو گوند لە چەند رۆژ پێشترەوە پێداویستییەکانی خۆیان لەبازاڕ دابین بکەن بۆ ئەوەی لە رۆژی 22ی پووشپەڕدا، دانیشتووانی شار لە ماڵەکانیاندا بمێننەوەو روو لە بازاڕ نەکەن و خەڵکی دێهاتیش لە چوون بۆ شار خۆبپارێزن. دیارە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بەردەوام حیزبی دیموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کردووە بەبۆنەی ئەم رۆژەوە بێزاریی خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتی بەشێوەی مانگرتنی گشتی وەک داخستنی دووکان و بازاڕ، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان بۆ چەند خولەکێک، پۆشینی جلوبەرگی کوردی و...هتد دەرببڕن و خەڵکیش بەوپەڕی توانایان بەرەوپیری ئەم بانگەوازانە چوون. ئەم مانگرتنە وەک نافەرمانییەکی مەدەنی زۆر جاران هەزینەیەکی زۆری سیاسی بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندووە، بەڵام دیارە دەسەڵاتیش لەهەمبەر ئەم کردەوە مەدەنییەی خەڵک دژکردەوەی نواندووە بۆ پێشگیری لەم دەنگ هەڵبڕینە هێمنانەیە، بۆیە دەستیکردووە بە بانگکردن و هەڕەشە و تۆقاندن و دەستبەسەرکردنی خەڵک بۆ ئەوەی هەزینەی ئەم نافەرمانییە ئەوەندە بەرز بکاتەوە کە خەڵک واز لە مانگرتن بێنن. بەتایبەتی لەم شەش حەوت ساڵەی دواییدا دەسەڵات بە شێوەیەکی بەربڵاو و توندی ئەمنییە لەگەڵ سەرجەم ئەو کەسانە هەڵسوکەوتی کردووە کە دەوریان هەبووە لە داخستنی دووکان و بازاڕدا و خۆیان و بنەماڵەکانیان تووشی ئەزیەت و ئازار کردووە. کە دەڵێم بانگەوازی ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر واقیعبینی دەقی بانگەوازەکە کە بەرپرسانە سەرەتا ئاسایش و کێشە و گرفت سازنەبوونی بۆ خەڵکی کوردستان رەچاو کردووە و دواجار بەپێی هەلومەرجی ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم شێوە نافەرمانییە مەدەنییەی وەک گونجاوترین رێکار بۆ دەربڕینی رق و بێزاری لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردووە، چون لە هەمان کاتدا کە هەزینەیەکی زۆر لە باری سیاسییەوە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵات، کەمترین گرفتیش بۆ خەڵکی کوردستان سازدەکات. ئەگەر میدیای کوردی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، حیزبەکانی رۆژهەڵات، نووسەران و رۆشنبیرانی ناوخۆ لەسەر ئەم داواکارییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام مانۆڕێکی گشتگیر بدەن، هەروەها خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لەم چەشنە رۆژانەدا لە ماڵ نەیەنەدەر، بێگومان دەبێتە خاڵێکوڕانێکی مێژوویی بۆ نەتەوەکەمان. ئەم مانگرتنە گشتییە (مانەوە لە ماڵەکاندا) لانیکەم لە ئێستادا دەکرێ وەک ستراتیژییەکی مەزن سەیر بکرێ کە دەکرێ وەک گونجاوترین مێتۆد بۆ نافەرمانی مەدەنی نەک تەنیا بە بۆنەی 22ی پووشپەڕ، بەڵکو بۆ هەر چەشنە دەنگ هەڵبڕینێک لە کوردستان کەڵکی لێوەربگیرێ.

---



عەبدوڵڵا ڕشاوی

# حەماس و ئیسرائیل دەبێت چی بکەن؟

ئەوەی ئێستا لەنێوان حەماس و ئیسرائیلدا لە کەرتی غەززە روودەدات، بەهیچ شێوەیەک خواستی بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی (حەماس)ی لەسەر نییە.

ئەوەی لە غەززە روودەدات، دارمان یان کونبوونی ئەو چەترەیە کە پێیدەڵێن چەتری "ئاگر بەست" و بزووتنەوەی حەماس بەنیازە حکومەتەکەی خۆی لەغەززە لەژێر سایەیدا بەهێز بکات.

سیاسەتی ئاگربەست لەگەڵ ئیسرائیل سیاسەتێکی تارادەیەک نوێیە بۆ حەماس کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ئایدیۆلۆژییە و پێشتر – پێش ئەوەی بەرپرسارێتی بەڕێوەبردن و حکومەتی بکەوێتە ئەستۆ- باوەڕی بە ئاگربەست لەگەڵ ئیسرائیل نەبووە.

حەماس بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕە و باوەڕی بە وجودی دەوڵەتی ئیسرائیل نییە و لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە و لەساڵانی رابردووشدا بەهۆی ئەم بنەما رادیکاڵە و دروشمەکانی دیکەیەوە لەلایەک و گەندەڵی و شکستەکانی بەرەی رزگاریخوازی فەلەستینی و بزووتنەوەی فەتحی یاسر عەرەفات لەلایەکی دیکەوە، توانی هاوسۆزی و متمانەی زۆرینەی خەڵکی فەلەستین بەدەستبهێنێت و لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا سەرۆکایەتی حکومەت بەرێتەوە.

بەمەش حەماس لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕەوە بوو بە بەشێک لەپرۆسەی سیاسیی فەلەستین و درکی بەوە کرد کە بەرپرسیارێتییەکانی ئێستای لەگەڵ ئەوانەی پێشووی جیاوازن و هەر بەم هۆیەشەوە باوەڕی بە پرەنسیپی "ئاگربەست" لەگەڵ ئیسرائیل – نەک ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل- هێنا.

حەماس لە بزووتنەوەیەکی چەکداری شۆڕشگێڕەوە کە یەک چرکەی بەبێ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل بە فیڕۆ نەدەداو ئاگربەستەکانی فەتح و یاسر عەرەفاتی لەگەڵ ئیسرائیل بە سازش و تەسلیمبوون ناودەبرد، دوای ئەوەی بوو بە حکومەت و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی بەشێکی گەورەی لە فەلەستین کەوتە ئەستۆ، نەک هەر ناوبەناو بڕیاری ئاگربەستی لەگەڵ ئیسرائیل رادەگەیاند، بەڵکو هەندێک جار دەستی بزووتنەوە بچوکە شۆڕشگێڕییەکانی دیکەی وەک جیهادی ئیسلامیشی دەبەست لەوەی لە ناوچەی جێ نفوزی ئەوەوە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل و دەیگوت: "ئێمە لەگەڵ ئیسرائیل لە ئاگربەستداین".

هەربۆیە پێموایە لەدوای ئەوەی حەماس بەرپرسارێتی حوکمڕانێتی کەوتووەتە ئەستۆ، هیچ جەنگێک کە لەگەڵ ئیسرائیل دووچاری هاتووە- جەنگەکانی 2008 و 2012 و–2014 بەخواستی خۆی نەبووە، بەڵکو زۆرتر ئەو جەنگانە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل دەستیان پێکردووە و هەر لە بەرژەوەندیی ئەویش تەواو بوون.

ئەوەی پێش ئەم رووداوانەی ئەم دواییەی غەززە لەنێوان حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیلدا هەبوو، ئاگربەست بوو نەک ئاشتی، ئاگربەستیش بێگومان لە چەمکی سەربازیدا حاڵەتی "نە شەڕ نە ئاشتیە" و جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئاشتی هەیە.

کەواتە ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئاگربەست (نەک ئاشتی) دادی فەلەستینییەکان بە پلەی یەکەم و ئیسرائیلیەکانیش بەپلەی دووەم دەدات؟

ئەزموونەکانی چەند ساڵی رابردوو سەلماندوویانە ئاگربەست ناتوانێ رێگاچارە بێت لە نێوان ئیسرائیل و حەماسدا، ئەو ئاگربەستە جگە لە هەر چەند ساڵ جارێک ماڵوێرانی بۆ غەززەییەکان و قەلەق و دڵەڕاوکێ بۆ ئیسرائیلییەکان، بەرهەمێکی دیکەی نەبووە و نییە.

ئەمە یەکەمجار نییە ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و حەماس دەڕمێ و ئاکامەکەی کوژران و ماڵوێرانبوونی هەزاران کەسی بێتاوانە لە دانیشتووانی غەززەی بێ دەرەتان.

لە 2008 و لە 2012 هەمان ئەم جەنگەی ئێستا لەنێوان حەماس و ئیسرائیل روویدا، ئیسرائیل غەززەی بەهەمان شێوەی ئێستا وێران کردو عەرەب و حەماسییەکانیش گوتیان ئێمە خۆڕاگرین و جەنگی خوێنبەردان لەگەڵ ئیسرائیل دەکەین و پیاوانی بەرگریی چالاکیی جۆرییان لەناو جەرگەی تەلئەبیب ئەنجامداوە!

پاشان هەموو جارێک دوای ماڵوێرانکردنی غەززەییەکان ئاگربەست رادەگەیەنرا، ئاگربەستێک بەبێ ئاشتی، بێگومان ئاگربەستێکی واش کەس خێری لێ نابینێت، بەتایبەتی غەززەییەکان و هەروەها حەماسیش.

لەسایەی ئاگربەستێکی بێ ئاشتیدا، هەر چەند ساڵ جارێک چیرۆکێکی وەک چیرۆکی رفاندنی سێ ئیسرائیلییەکە دروست دەبێتەوەو دووبارە حەماسیەکان بەژێر زەویدا دەڕۆنەوە بۆ ئیسرائیل و ئیسرائیلیش بە ئاسماندا دێتەوە و لە چرکەیەکدا دەیان هەزار کەس دەکوژێت و هەزاران خانوو وێران دەکات و حکومەتەکەی ئیسماعیل هەنیەش هەرچی بنیاد ناوە وێران دەکرێت و بەمشێوەیە حەماسیەکان دەگەڕێنەوە چوارگۆشەی یەکەم.

ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و حەماس، رێک وەک بەردەکەی سیزیفی نەفرەتیە، هەرچەند دەیباتە سەرەوە بەردەبێتەوە و دیسان دەبێت بیباتەوە سەرەوە.

حەماس دەبێت بزانێت ئیسرائیل بەبێ دڵنیابوون و گرەنتی، ناتوانێت لە دواڕۆژی خۆی دڵنیا بێت، بۆیە بێگومان هەر چەند ساڵ جارێک دەستێک لە غەززەو لە حەماس دەوەشێنێت، تا پەنجەو ماسولکەکانی گەورەتر نەبن، تا نەتوانێت خۆی دروستبکات.

بۆیە حەماس بە چەمکی ئاگربەست هەم ئەدەبیاتی سیاسی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەمیش دەبێت هەر چەند ساڵ جارێک چاوەڕێی جەنگێکی کاولکەرو لێدانێکی دڵڕەقانەی دیکەی ئیسرائیل بێت بۆ کەرتەکەی و حکومەتەکەی و خەڵکەکەی.

کەواتە حەماس بەپێچەوانەی ئەوەی تێیگەیشتووە، هیچ خێرێکی لە چەتری ئاگربەست دەستناکەوێت.

دواجار حەماس و ئیسرائیلییەکان دەبێت لەم شەڕە سیزیفیە خۆیان دەرباز بکەن، ئەوان دەبێت لەم نەفرەتی ئالیهەیە بێنە دەرەوە.

ئەوان دەبێت یان شەڕی راستەقینەی سەرتاسەریی یەکلاکەرەوە بکەن، یاخود ئاشتی راستەقینە و ژیان وەک دوو دەوڵەتی دراوسێ هەڵبژێرن.

بێگومان ئەمەش پاش ئەوە دێتەدی کە حەماسیش وەک دەوڵەتانی دیکەی عەرەب و موسڵمان دان بە شەرعیەتی بوونی ئیسرائیلدا بنێت.

ئەوکاتەش غەززەییەکان شەڕ بە نوێنەرایەتی هەموو دنیای عەرەب ناکەن و وەک مەسیح نابن بە قوربانیی بۆ شکستی ژیاری عەرەب، ئیسرائیلییەکانیش جێگایەکیان دەبێت بۆ ژیان و چیدی نابن بە دڕەندە.



گۆران محەممەد

# حکومەت فێرە

بەشێکی ئەم وتارە و سەرلەبەری بیرۆکەکەی، لە کۆتایی 2009دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام چونکە دواکەوتنی کورد، لە پێشکەوتنی ئەورووپا دەچێ و زۆر خێرایە، بۆیە هەر دەڵێی بۆ ئێستا نووسراوە.

کابرای تەماتەفرۆش، عەرەبانەکەی کردبووە دوو بەش، کام تەماتەی تۆندوتۆڵ و سافولووس بوو لە بەشێکیانی دانابوون، هەر قابیلی ئەوەبوو ئەڵقە ئەڵقە قاشی بکەی و نیو لیمۆی ترشی بەسەردا بگوشی و ئینجا بە تۆزێ خوێوە مڵچە مڵچ دەمی بۆ بتەقێنی. نیوەکەی دیکەشی ئەو تەماتە رزیو و تەپیو و نیوگەنیوانە بوون کە هیچیان نەمابوو ببنە کەچەب. جا قوربان تەماتەفرۆش دەستی بۆ تەپیوەکە رادەکێشا و هاواری دەکرد "ماڵی مامۆستایە وەرنەوە وەرنەوە ماڵی مامۆستایە". ئەمە دیمەنی ناوبازاڕی سەرەتای نەوەدەکان بوو، ئێستا لە سایەی بانگی سەربەخۆییدا وا دووبارە دەبێتەوە. پێدەچی هەموو هەنگاوێکی کورد بۆ پێشەوە، یەکەمین ئەنجامی ئەوە بێت مامۆستا تەماتەی تەپیو، پەتاتەی رزیو بخوات و لە جەژنیشدا جلی لەنگە بپۆشێ.

نزیکەی هیچ بەرپرسێکی کورد ناناسم چەند جارێکی نەگوتبێ ئێمە قەرزداری مامۆستایانین، هاوزەمان نزیکەی هەموو مامۆستایان، لە نەوەدەکاندا نێوماڵی خۆیان بۆ ئاردکرین فرۆشت. ئاخر حکومەتی کوردی فێرە، هەر کە پارەی لەکزیی دا، یەکەمجار لە مامۆستای دەبڕن، مووچە.

لە ماوەی حوکمڕانیی کوردیدا، چارەکی ئەوەی بە قووتی مامۆستا کراوە بە مەلا بکرابایە، ئێستا بڵندگۆی مزگەوت نەمابوو شۆڕشی لێوە بەرپا نەکرێت، نیو هێندە بە مامۆستای زانستگەکان بکرایە، ئێستا هەموویان لە ماڵەوە دانیشتبوون و کۆلیژەکان ببوونە نێرگەلە کافێ. حکومەتی کوردیش کە ئێستا لەبەردەم مالیکیدا وەک شێرە، لە ناوماڵیش هەر بە مامۆستا فێرە. تازە وەزیری پەروەردەش لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە، ئاخر ئەگەر چاوەڕێیە مامۆستایان (پشتیوان)ی بن، خۆ دەبێ ئەمیش لە بەڵێنەکانیدا تۆزێک (سادق) بێت.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# چارەنووسی بەرهەم ساڵح

پرۆسەی دیاریکردنی بەربژێری پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق، رووی راستەقینەی خیلافێکی قووڵی ناو ماڵی یەکێتی نیشانی خەڵکی کوردستان دا. ئەگەر ئەوە بە دیوێکدا نیشانەی ئەوە بێت کە یەکێتی حیزبێکی مۆدێرنە و تەفسیر و تەئویلەکان بەو لایەدا ببرێت، ئەوا جگە لە پەردەپۆشکردنی راستییەکان مانایەکی دیکەی نییە. چونکە ئەگەر لە رواڵەتیشدا پرۆسەیەک بە دەنگدان و میکانیزمی دیموکراتی بەڕێوەچووبێت، بەڵام هەمان پرۆسە لەسەر حیسابی خنکاندنی پرۆسەیەکی دیکە بووە کە لەناو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا بەڕێوەچوو. باسکردنی ئەوانە، رەنگبێ کای کۆن بەبا کردن بێت کە چۆن گەڕانەوەی کاریزمای یەکێتیش نەیتوانی دەردی چەند ساڵەی باڵباڵێن چارەسەر بکات و بگرە بێدەنگیی لە ئاستی ئەم وەزعەدا، حیزبەکەی دەکات بە حیزبی بنەماڵە.

رەنگبێ ئەوەی ئەمڕۆ لەناو یەکێتیدا روودەدات، بە جۆرێک دووبارەبوونەوەی مێژوو بێت. پەنجا ساڵ پێش ئێستا، کاریزماکەی ئێستای یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتی پارتی لە مەلامستەفا بارزانی یاخی بوون، ئەوان تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لە سۆنگەی ئەو یاخیبوونەوە، خۆیان بە مۆدێرن و بەرامبەرەکانیان بە پاشکەوتووخواز و دیکتاتۆر تەسنیف دەکەن.

لەناو پارتیی ئەو سەردەمدا ناکۆکییەکان زوو تەقینەوە و زووش یەکلا بوونەوە، چونکە مەلا مستەفا ئەهلی موجامەلە و مانۆڕی سیاسی نەبوو، لەو لۆژیکەی کە باوەڕی پێبوو (لۆژیکی هێز) لە چارەسەری روانی و کۆتایی بە ناکۆکییەکانی ناو حیزبەکەی هێنا. حوکمی بنەماڵە بێ پێچ و پەنا لەناو پارتیدا جێگیر کرا و منەتیشیان بەوە نەبوو کە نەیارەکانیان چییان لەبارەوە دەڵێن.

ئەم پرۆسەیە لەناو یەکێتیدا هێشتا لە سەرەتادایە و قۆناغەکانی کامڵبوونی دەرباز نەکردووە، چونکە نانی ئەو مۆدێرنبوونە دەخوات کە بە یاخیبوون لە بارزانی بەخۆیان بەخشیوە. یان لانیکەمی دەیانەوێ بنەماڵەکەشیان وەک بنەماڵەیەکی مۆدێرن بناسرێت. بەڵام ئەو رەوشە و ئەم پرۆسەیە رەنگبێ وا بە ئاسانی نەچێتە سەر. لە بنەڕەتیشدا نەچووەتەسەر و بگرە کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی هەن کە رێگە دەدەن و هاوکارن لەوەی کە یەکێتی دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان نەکەوێتە بەردەم هیچ هەڕەشەیەکی ئەوتۆ کە بوونی بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام هەموو ئەوانە وەک مۆرفینێک وان کە لە جەستەیەکی سەرەتانی دەدرێن و چارەسەری کاتین.

دوای دەرچوونی کاریزمای یەکێتی لە کایەی سیاسی و منۆپۆلکردنی سیاسەتی ئەو حیزبە لە لایەن دەستەیەکی بچووک لە بنەماڵە، یەکێک لەو کەسانەی کە پێشتر نزیک و ئێستا هەرە دووری بنەماڵەیە، هاتە دەنگ. ئەگەرچی دکتۆر بەرهەم جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی حیزبەکەیەتی، بەڵام رەنگبێ ئەمڕۆ 10 لە سەدی ئەو دەسەڵاتەشی نەبێ کە پۆستەکە پێیبەخشیوە و تەنانەت زۆر بە ئاشکرا بازنەی بنەماڵە دوای ئەوەی کە پێداگیریی لەسەر ئەوە کرد کۆنگرەی یەکێتی لەکات و وادەی خۆیدا ببەسترێت، مۆری (ناپاک) یشیان لێداوە، ئەگەر خائینیش نەبێ!

بەرهەم ساڵح یەکێک بوو لەو سیاسییانەی کە دەیتوانی بەرگی مۆدێرنی یەکێتی و بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەی تاڵەبانیش بپارێزێت، بەڵام ئەمڕۆ رەنگبێ دوای شکستپێهێنانی لە پرۆسەی کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆماردا، فارس گوتەنی، نە رێگەی بۆ پێشەوە هەیە نە بۆ دواوە! مانەوەی لەناو یەکێتیدا ئەگەر بە پۆستێکی بەرز لە بەغدا (وەک وەزیری دەرەوە) مسۆگەر نەکرێت، زەحمەتە و لەوانەش نییە کە بچێ لە ماڵەوە دانیشێت و واز لە سیاسەت بێنێت. بۆیە رەنگبێ چاوەڕوانی کۆنگرە بکات، بەڵام ئەوەش ناتوانێ ئامرازێک بێت کە بەرهەم ساڵح بتوانێ پێی بگاتەوە دەسەڵات. بە پێچەوانەوە، رۆژ لە دوای رۆژ کار لەسەر لاوازکردنی دەکرێت و ئەو کاتەش یەکێتی کۆنگرە دەبەستێت کە یەک دەنگی ناڕازیی تێدا نەمابێت. بۆیە چارەنووسی ئەو کەسەی رۆژێک بە میراتگرەوەی یەکەمی تاڵەبانی دادەنرا، رەنگبێ وەک میراتگرەکەی پێشوو (نەوشیروان مستەفا) لە دەرەوەی یەکێتی بێت و ماڵێکی دیکەش لە ماڵە گەورەکە جیا بێتەوە. خاوەنە نوێیەکانی ماڵە گەورەکە زۆریان پێخۆشە ئەوە رووبدات و ئەو بەربەستەشیان لەبەردەم لابچێت. ئەگەر ئەو بارودۆخەی ئێستا نەبووایە، رەنگبێ پارتی زۆری پێخۆشبووایە کە بەرهەم ساڵح ماڵی خۆی جیابکاتەوە و دوور نەبوو یارمەتیشی بدات، بەڵام ئێستا ئەوە ناکات. بەڵام زوو یان درەنگ ئەو سیاسییە پەراوێزخراوەی ناو یەکێتی لە شەققەی باڵ دەدات، چونکە هەموو ئومێدێکی ئەوە بوو بتوانێ تاڵەبانی ببینێت، بەڵام کە دیتی، خراپتر لە جاران پشتی لە ئەرز درا.



قەرەنی قادری

# هەرێمی کوردستان؛ ریفراندۆم یان راپرسی؟

لە (2014/7/23)دا، پەرلەمانی کوردستان "پرۆژەیاسای راپرسی و دامەزراندنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان"ی پەسند کرد. گرنگیی ئەو کۆمیسیۆنە لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان خۆی کاروباری هەڵبژاردنەکان و ریفراندۆم بەڕێوەدەبات. پەرلەمانی کوردستان بەو هەنگاوەی، سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بەرفراوانتر کرد و دامەزراوەیەکی هێنایە کایەوە کە کەسایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ئاست هەڵبژاردنەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە وڵاتدا بەرزتر دەکاتەوە. ئەمە هەنگاوێکی دیکە بوو تا دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان خۆی تۆکمە بکات و هەر خۆیشی چارەنووسی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی یەکلا بکاتەوە. پێویستە هەنگاوی دواتر ئەوە بێت کە پەرلەمانی کوردستان کاتەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیاندا ئەنجام بدرێن و چیتر کێشە و ململانێی حیزبە سیاسییەکان، تەنانەت قەیرانی ناوخۆی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش کاریگەریی نەرێنییان لەسەر هەڵبژاردن و کاتەکانی نەبێت.

بەڵام "پرۆژە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی" لە هەرێمی کوردستان، هەندێک لایەنی ناڕوون و هەڵەی تێدایە کە پێویستە بیریان لێبکرێتەوە. کاتێک پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەوبارەیەوە دەرکرد، وا باشتر دەبێت کە کاری دەستنیشانکردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمیسیۆنەکە بدرێت بە حکومەت نەک پەرلەمان، هەروەها چەند کەسی شارەزا و لێوەشاوەی سەربەخۆ ئەندام بن لەو کۆمیسیۆنەدا. پاوانکردنی ئەو کۆمیسیۆنە لەلایەن حیزبەکانەوە کارێکی نەرێنییە و ئەگەری ئەوەش زۆرە کە لە داهاتوودا کێشە و ململانێی حیزبایەتی گرفتی جددی بۆ ئەو کۆمیسیۆنە بنێتەوە. بە پێکهاتەیەکی تەواو حیزبییەوە، سەربەخۆیی ئەو کۆمیسیۆنە دەچێتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت ئەگەر ئەندامەکانیشی لە ماوەی کارکردنیاندا ئەندامی حیزبەکەیان نەبن. خاڵێکی دیکە کە جێی تێڕامانە، دەستەواژەی "راپرسی"یە. ئەگەر مەبەست لە راپرسی هەمان "ریفراندۆم" بێت، بێشک ئەمە هەڵەیە، چونکە راپرسی و ریفراندۆم دوو چەمک و دوو کارکردی بە تەواوەتی جیاوازیان هەیە. مەبەست لە راپرسی، پرسیارکردن و ئاگاداربوونەوەیە لە رای بەشێکی بچووکی کۆمەڵگە، بەڵام ریفراندۆم لە هێڵی سەرەکیدا، بڕیاردەرە. ئەوەی کە تا ئێستا لە ئەدەبیاتی سیاسی و لە پانتایی جیهاندا لەسەری ساغبوونەتەوە، ریفراندۆمە. ریفراندۆم بڕیاری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام راپرسی تەنیا بۆ زانینی رای یەکەیەکی بچووکە و بڕیار نییە و سنوورداریشە. دەکرێت لە کۆڵانێکدا سەبارەت بە چۆنیەتی خزمەتگوزاری راپرسی بکرێت، یان فرۆشگەیەک سەبارەت بە چۆنایەتی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانی، راپرسی لە ناو کڕیارەکانیدا بکات.

## راپرسی

راپرسی (Opinion poll)، کۆمەڵە پرسیارێکی سیستماتیک و رێکخراوە کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی رای بەشێک لە کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت. راپرسی، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ حکومەت، حیزب و دامەزراوەکان تا ئاگاداری کاروکردەوەی خۆیان و داخوازی و بۆچوونی هاووڵاتیان ببنەوە، بەو مەرجەی کەڵکی لێوەربگیرێت. (ئێلینوور سینگێر) سەبارەت بە گرنگیی راپرسی دەڵێت: "راپرسییەکان هەرچەند بۆ پێوانی رای گشتی، چەواشەکار یا کەمبەرهەم بن، لە هەر کەرەسەیەکی دیکە بۆ بەدەستهێنانی رای گشتی کە هەر ئێستا لەبەردەستماندایە باشترە، چونکە تەنیا بەو رێگەیە ئاگاداری رای نەدرکێندراوی هاووڵاتیان دەبینەوە، جا بە هەر هۆیەک بێت". راپرسی، یەکێکە لە شێوازە باوەکانی بەدەستهێنانی زانیاری و پێوانی رای گشتیی هاووڵاتیان. بۆ نموونە، راپرسی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بووەتە بەشێک لە پرۆسەکە.

## ریفراندۆم

ریفراندۆم (Referendum) گەڕاوەوە بۆ رای گشتیی خەڵک و بەدەستهێنانی رای ئەوانە لە بارەی پێویستبوون یان پێویستنەبوونی پرسێک کە کۆمەڵگەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لە کردەوەدا ریفراندۆم رێگایەکە بۆ کارتێکەریی راستەوخۆی مافی دەسەڵاتداریتیی خەڵک لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا. ریفراندۆم فۆرمێکە لە دیموکراسیی راستەوخۆ و بڕیاری چارەنووسسازیش بە رێگەی ریفراندۆمەوە یەکلا دەبێتەوە. گۆڕینی یاسا، دەستووری گشتی، یان پرسێکی یاسایی کە لەوانەیە دەسەڵات بە هۆی ململانێی ناو پەرلەمانییەوە نەتوانێت بە دەرئەنجامێک بگات، لێرەدا گەڕانەوە بۆ رای هاووڵاتیان ئەویش بە رێگەی ریفراندۆمەوە بڕیاری بەدوادا دێت. ئامانجی ریفراندۆم دوورکەوتنەوە لە پرۆسە و ململانێی یاسادانانە کە زۆرینەی کۆمەڵگە راستەوخۆ بڕیاری لەسەر دەدات. دیارە ریفراندۆم شێوازی تریشی هەیە کە بە "ریفراندۆمی راوێژکاری" باسی لێوەدەکرێت. ئەو شێوە ریفراندۆمە راستەوخۆ بڕیاردەر نییە، بەڵام مەبەستی سەرەکی لێی، زەمینەسازییە بۆ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە کۆمەڵگەدا. پرۆژەکەی پەرلەمانی کوردستان ئەو هەڵەیەی تێدایە کە لەبری ریفراندۆم، "راپرسی"یان بەکارهێناوە. ئەوەی کە بڕیارە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دوایی بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان بکرێت، ریفراندۆمە نەک راپرسی.



مەجید نیزامەدین گلی*

# نەوت و چەک بۆ دابەشبوونی عێراق

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە چارەنووسی عێراق بە بڕیارێکی سیاسیی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی یەکلایی دەبێتەوە وەکو ئەزموونی وڵاتانی یوگۆسلافیا و سودان. ئەم بۆچوونە هەڵەیە. چاوەڕێی ئەوە نەبن کە بەم زووانە هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی دەربارەی عێراق بدرێت، چونکە کەس بە تەنیا ناتوانێ ویستی خۆی لە عێراقدا بسەپێنێ. ئێران و ئەمریکا ناتوانن بڕیار لە چارەنووسی عێراقێکی پڕ لە ئاژاوە بدەن. زۆر زەحمەتە هیچ لایەنێک بتوانێت تاکلایەنە بڕیاری چارەنووسساز بدات بەبێ ئەوەی لایەنێکی ئیقلیمی و ناوخۆیی لە دژی بێت. بەڵام ئەوەی سیاسەت پێی ناکرێت لە عێراق، چەک و نەوت وردە وردە دەیکەن. عێراق لە کۆتاییدا هەر دابەش دەبێت بۆ چەند هەرێمێک، کۆنفدرالیەک، یاخود چەند دەوڵەتێک، بەڵام ئەمە بە پرۆسەیەکی خاو و ئاڵۆزدا دەڕوات نەک تەنها بە بڕیارێکی سیاسی. خێرایی ئەم پرۆسەیە پشت بە دوو فاکتەری سەرەکی دەبەستێ:

## فرۆشتنی نەوت

لە داهاتوویەکی نزیکدا، دوور نییە پارێزگا و ناوچەکانی دیکەی عێراق وەکو هەرێمی کوردستان هەوڵی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت بدەن و میدیاکانیش جارێکی دیکە وەکو نیشانەی کۆتایی عێراق باسی بکەن. دەمێکە هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەیە، بەڵام ئەم توانا ئابوورییە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە کورد متمانە بەخۆی بکات و جیاببێتەوە لە عێراق. بەتەنها توانای فرۆشتنی نەوت نابێتە هۆی ئەوەی کە سوننە، کورد، تەنانەت شیعەش لە عێراق جیاببنەوە. فاکەتەری نێودەوڵەتی نەوت دەکاتە کاڵایەک کە سوودی سیاسی هەبێت. تا چەندی زووتر وڵاتانی کڕیاری نەوت وەکو ئەمریکا و بەریتانیا و چین راستەوخۆ نەوت لە کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بکڕن، عێراق زیاتر لە دابەشبوونی یەکجاری نزیکتر دەبێتەوە. شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ فرۆشتنی نەوت مانای بەردەوامیی توانای کوردستان دەبێت کە رۆژانە نەوت بفرۆشێت. ئەمەش هەرێمی کوردستان دەکاتە ئەندامێکی بازاڕی نەوتی جیهانی کە ناچار وڵاتە زلهێزەکان مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

سەرکردەکانی کورد دەبنە میوانی بەردەوامی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی ئابووری و وزە لە جیهاندا. بەڵام هەرێمی کوردستان– بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت نییە — ناتوانێ ببێتە ئەندامی بەردەوام لە رێکخراوی ئۆپێک کە وڵاتانی ئەندام تێیدا ناچار دەکات نرخی نەوتیان زیاد و کەم بکەن. ئەمەش شتێکی باشە. وڵاتانی کڕیاری نەوت دەبێت راستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان قسە بکەن دەربارەی نرخ و رێژەی رۆیشتنی نەوت. ئەمەش وا دەکات کە کورد هەرچەندە کەمتر نەوت لە بەغدا بفرۆشێت، بەڵام سوودی سیاسی زیاتر لە نەوتەکەی وەربگرێت. هەمان شت بە رێژەیەکی کەمتر لەسەر هەر پارێزگایەک و ناوچەیەکی دیکەی عێراق جێبەجێ دەبێت، ئەگەر توانییان بەبێ بەغدا نەوت بفرۆشن. ئەم سیناریۆیە لە کاتێکدا دەبێت ئەگەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان شەرعیەتی نێودەوڵەتی هەبوو.


وڵاتانی کڕیاری نەوت بڕارەی کەمیان لە پێشە و لەوە ناچێ بتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بتوانن هەر بە نەخێر وەڵامی کەشتییە نەوتییەکانی کوردستان بدەنەوە. نەرمی نواندنی ئەمدواییەی حکومەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کەشتییە نەوتییەکەی کوردستان لە کەنارەکانی ویلایەتی تێکساس، لەوانەیە سەرەتایەک بێت بۆ قەبوڵکردنی کوردستان وەکو ئەندامێک لە بازاڕی جیهانیی نەوتدا. حکومەتی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا پێشبینی ئەوە دەکات کە بازاڕی جیهانی لە دوو ساڵی داهاتوودا رۆژانە 3 ملیۆن بەرمیل نەوتی زیاتری پێویست دەبێت. ئەمە سەرەڕای ئەو 92 ملیۆن بەرمیلە نەوتەیە کە رۆژانە دەفرۆشرێت. خواستی نەوت بەرەو زیادبوون دەڕوات. بەڵام هەر بەگوێرەی هەمان راپۆرتی ئەمریکی، بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق لەوانەیە زیاد نەکات و کەمتریش ببێتەوە. ئەگەر بەغدا نەتوانێ بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتر بکات، کڕیارانی نەوت زیاتر بیر لە کڕینی نەوتی هەولێر دەکەنەوە. لەگەڵ رۆیشتنی هەر بەرمیلێکی نەوت لە کوردستانەوە بۆ ئەمریکا، واشنتن زیاتر عێراقی دابەشبوو وەکو راستییەک قەبوڵ دەکات.


## کڕینی چەک

ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە حکومەتی بەغدا وەکو تاکە کڕیاری چەک لە عێراق نەمێنێت. ئەمریکییەکان و ئەو وڵاتانەی چەک بە عێراق دەفرۆشن، دەزانن کە بەغدا ناتوانێ کۆتایی بە کۆنترۆڵی چەکدارانی داعش بێنێت. بۆیە ئەمریکا و هەندێ لەو وڵاتانەی داعش بە هەڕەشە دەبینن، لەوانەیە چەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بنێرن. بەخشینی چەک بە پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکا یان تورکیاوە دەکرێت ببێتە پێشینەیەک بۆ واژۆکردنی کۆنتراکتی چەک لە نێوان کورد و وڵاتانی فرۆشیاری چەک. ئەمەش گرنگییەکی سیاسی زۆری دەبێت. بۆ نموونە، هەر کۆنتراکتێکی چەک لە نێوان ئەمریکا و کوردستان دەبێتە یەکەم نووسراوی یاسایی کە ئاماژە بە "هاوپەیمانیی کورد و ئەمریکا" بدات. زۆربەی جار کۆنتراکتی چەک دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانیی سیاسی لەنێوان ئەو دوو لایەنەی کە واژۆیان کردووە. کەس نایەوێ چەک بە لایەنێک بفرۆشێت و دوای ئەوە لایەنی بەرامبەر لەدژی بەکاریبێنێت.

واژۆکردنی کۆنتراکتی چەک بە فەرمی و ئاشکرا لە نێوان ئەمریکا کە دەوڵەتێکە خاوەن سیادەیە و هەرێمی کوردستان کە دەوڵەت نییە، پێشینەی مێژوویی نییە. بەڵام لەوەش ناچێ کێشەی یاسایی بۆ ئەمریکا دروست بکات. پێش ساڵێک 154 وڵات لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگیان بە رێککەوتننامەیەکی جیهانی دا بۆ کۆنترۆڵکردنی فرۆشتنی چەک. من لە ساڵی 2012 وەکو راهێنەرێکی دیبلۆماسی لە کۆبوونەوەکانی ئامادەکاری ئەم رێککەوتننامەیە لە نیویۆرک ئامادەبووم. وڵاتانی رۆژئاوایی و ئەمریکا نەیاندەویست رێککەوتننامەکە رێگە بگرێت لە فرۆشتنی چەک بەو لایەنانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتن، چونکە ئەوان پلانیان هەبوو چەک بۆ گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بنێرن. لە بەرامبەردا، ئێران، سووریا و کۆریای باکوور دەیانویست رێککەوتنەکە رێگە بگرێت لە فرۆشتنی چەک بە کیانی نادەوڵەتی وەکو هەرێمی کوردستان. ئەوکات، عێراق هاوڕابوو لەگەڵ ئەمریکا و لە کۆتاییدا بە بەڵێ دەنگی بە رێککەوتننامەکە دا. هەرچەندە ئەمە مشتومڕێکی یاسایی زۆری لەسەرە، ئەم رێککەوتننامەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان رێگە خۆشکەرێکی یاساییە بۆ ئەوەی وڵاتان لە داهاتوودا بە ئاشکرا چەک بە هەرێمی کوردستان یان هەر کیانێکی دیکەی ناو عێراق بفرۆشن.

***شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی (تۆڕی میدیایی رووداو) و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرک.**





بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژی نوێ

ساڵەهای ساڵ کوردستان بە دەست کێشمەکێشی ناوخۆیی و شەڕی براکوژییەوە ناڵاندی. خودا کردی و ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژی لە نێوان یەکێتی و پارتی بووە مایەی هەناسەیەک بۆ گەل و وڵات ئارام بووەوە. دوای ئەم ڕێککەوتننامەیە شەڕ نەما، دۆخی وڵات ئاسایی بووەوە، وەبەرهێنەری بیانی رووی تێکردین و کوردستان لە ماوەی 10 ساڵدا هێندەی 50 ساڵ بەرەوپێش چوو. بە کورتی سوودێکی زۆرمان لەو شتە وەرگرت کە پێیدەگوترا "ڕێککەوتننامەی ستراتیژی".

ئەمڕۆ لە عارفەی ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژیی نوێداین. ئەمجارە ئاکتەرەکان 2 پارتی بەشەڕهاتووی ناو کوردستان نین. دەوڵەتێکی بەهێزی خاوەن مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ هەرێمێکی تازە لەدایکبوو کە بە خێرایی گەشە دەکات. تورکیا و باشووری کوردستان لە دوو وڵاتی بەشەڕهاتووەوە دەگوازێتەوە بۆ دوو دۆستی خاوەن پەیوەندی ستراتیژی.

پێشتر، لەسەر دۆسیەی وزە ڕێککەوتین. بە ئومێدی ئەوەی ئەو نەوتەی بە دەیەها ساڵە لەسەر دەستی ڕژێمەکانی عێراق بووەتە هۆی نەهامەتی و ئازار و وێرانکاری، لە ڕێگەی تورکیاوە ببێتە هۆی خۆشگوزەرانی و بگرە سەربەخۆیی بۆ کوردستان. ئێستا ڕێککەوتنێکی دیکەی زۆر گرنگ لەسەر مێزی سەرکردەکانی ئەنقەرە و هەولێرە. ئەویش پێکهێنانی هەماهەنگییەکی سەربازییە لە نێوان باشووری کوردستان و تورکیا. بە کوردییەکەی سوپای تورکیا و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبنە هاوپەیمانی ستراتیژی. ئەمە مانای زۆرە، پێش هەموو شتێک دانپێدانانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەک سوپایەکی نیزامیی فەرمی. هاوکات دۆستبوون لەگەڵ سوپای تورکیا دۆستبوونە لەگەڵ هاوپەیمانیی NATO، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ئێمەیەک کە لە ناوەڕاستی ئاگرێکدا دەژین و هەموو کاتێک ئەگەر هەیە بکەوینە ژێر هێرشی یەکێک لە "دراوسێ" توندڕەوەکانمانەوە.

لە خۆمەوە ئەم قسانە ناکەم! ئەم هەفتەیە ئاشکرابوو کە عیسمەت یڵماز، وەزیری بەرگریی تورکیا لە کاتی گفتوگۆیەکی دۆستانەدا ڕاشکاوانە گوتوویەتی، ئەگەر کورد داوا لە تورکیا بکات، سوپای تورکیا ئامادەیە مەشق بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات. یڵماز گوتبووی کوردستان بە کەمەرەیەکی ئەمنی دەبینن کە تورکیا لە ئاگر بە دوور دەگرێت.

ئەردۆغان قسەیەکی بەناوبانگی هەیە، کاتێک باسی بەرەوپێشچوونەکانی وڵاتەکەی دەکات لە ماوەی دەسەڵاتی پارتەکەیدا دەڵێت "لە کوێوە گەیشتینە کوێ". دەتوانین بە هەمان قسە گوزارشت لە پەیوەندییەکانی ئێمە و تورکیاش بکەین. هەتا دوێنێ، بەرپرسانی تورکیا کوردستانیان بە مەترسی دەزانی بۆ سەر ئەمنی تورکیا، بەڵام ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە بە زامنی ئاسایشی تورکیا دەبینن و ئامادەن مەشقی پێبکەن بۆ بەهێزبوونی. ئەمە هەم ئاماژەی

گەیشتنە بە قۆناغێکی نوێ کە کوردستان هەنگاوێکی دیکە بەرەوپێش دەبات بۆ ڕزگاربوون لەم گێژاوەی عێراق. هەم هەواڵبەخشی ئەوەیە کە لەگەڵ تورکیا پەیوەندییەک دەبەستین، ئەگەر سبەی لەڕووی سیاسیشەوە لەگەڵ تورکیا تووشی دووبەرەکی هاتین ئەوە قەت پەیوەندییە ستراتیژییە سەربازییەکانمان زەرەریان پێ ناگات. لەبەر ئەوەی تورکیا پەیوەندییە سەربازییەکانی بە جیا لە پەیوەندییە سیاسییەکانی بەڕێوە دەبات. بۆ نموونە، هەموو بینیمان تورکیا و ئیسرائیل لە دژوارترین قۆناغی پەیوەندی سیاسییان، پەیوەندییە سەربازییەکانیان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دروست نەبوو.

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیاش کە زیاتر لە هەڵبژاردنێک، ریفراندۆمێکە بۆ گۆڕانکاری سیاسی و ئیداریی گەورە لەو وڵاتەدا، یارمەتیدەری ئەم "ڕێککەوتننامە ستراتیژییە" دەبێت. لەبەر ئەوەی کەس نەماوە نەزانێت ئەردۆغان براوەی ئەو هەڵبژاردنە دەبێت. بردنەوەی ئەردۆغانیش بە مانای بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و ئەو وڵاتە دێت.

بەڵام لە ناوەندی ئەم گۆڕانکارییە مێژووییانەی لە ناوچەکە ڕوودەدەن، ئەرکێکی زۆر گرنگ و گران دەکەوێتە سەرشانی هەریەک لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە. ئەویش بنیاتنانی نەتەوەیە. کاتێک سەرکردەکانمان لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبن بە خاوەنی قسە کە لە پشتیانەوە نەتەوەیەک هەبێت و نوێنەرایەتی ئەو نەتەوەیە بکەن، نەک نوێنەرایەتی حیزبێک. ڕێککەوتنیشمان لەگەڵ تورکیا کاتێک دەبێت بە ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژی کە تورکەکان لەوە تێبگەیەنین، ئیدارەی کوردستانی باشوور نوێنەرایەتی نەتەوەیەک دەکات، پەرلەمانەکەی ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئەو نەتەوەیەیە و وەزارەتەکانی نوێنەرایەتی ئەو ئیرادەیە دەکەن. هێزی پێشمەرگەش سوپای یەکگرتووی نەتەوەکەیە.

ئەگەر بتوانین ئەو هەنگاوە بنێین و بە کرداری لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکان ببینە خاوەنی سیاسەتێکی میلیی هاوبەش، ئەوکات دەکرێت ئومێدمان هەبێت بەوەی بتوانین نێتوۆرکێکی پەیوەندی فراوان دروسبکەین کە خزمەت بە پرۆژە سیاسییەکانمان بکات. گەرنا هیچ ناکەین، تەنها دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونانە نەبێت کە نزیکەی 100 ساڵە بێ لە نەهامەتی هیچی دیکەی بۆ نەهێناوین.


هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سوپایەکی ئێزدییان پێویستە؟

نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق هۆشداریی داوە کە "تراژیدیایەکی مرۆیی" بۆ کوردانی ئێزدی بەڕێوەیە. ئەم تراژیدیایەی ئەو باسیدەکات یەک سەدەیە لە کوردستان ڕوودەدات و ئێستا بەشێکی دووبارەدەبێتەوە. ئەوکات و ئێستاش پشت و پەنای کورد هەر خۆی بووە. کوردیش بەو سوپایەوە کە ئێستا هەیەتی ناتوانێت پشت و پەنایەکی چاکی خۆی بێت.

چیرۆکی پەنابردنی کوردە ئێزدییەکانی شنگال بۆ شاخی پشت شارۆچکەکەیان لە چیرۆکی دووبارەبووەوەی نێو ڕۆمانەکان دەچێت. کورد هەمیشە کە تووشی تەنگانە دەبێت دەڵێت "تەنیا چیاکان لەپشتمانن". هاونیشتمانییەکی ئێزدی لە چیای شنگالەوە بە قورگی پڕ لە گریانەوە دەیگوت: "چیا نابێتە نان و ئاو، منداڵەکانم گوناهیان چییە کە کوردن و ئێزدین؟ چیا بەتەنیا ئێمەی پێ ناپارێزرێت". ئەوە ڕاستە کە تەنیا چیا ناتوانێت ئێزدییەکانی شنگال بپارێزێت، بەڵام چی دەیانپارێزێت؟

میری ئێزدییان پێشتر داوای چەکدارکردنی ئێزدییانی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە. وەک خۆیشی باسدەکات وەڵامی ئەو داواکارییەی وەرنەگرتووەتەوە. ئایا کارێکی ڕاستە بارزانی ڕەزامەندی بدات لەسەر دروستکردنی یەکەی سەربازیی تایبەت بە ئێزدییان؟ ئایا ڕاستە بەدوایدا کریستیانەکانیش داوای یەکەی سەربازیی تایبەت بەخۆیان بکەن؟ ئینجا شەبەکەکانیش هەمان داوا بکەن و کاکەییەکانیش کە لە گەرمیان و بەتایبەتیش لە دەوروبەری خانەقین لەژێر هەڕەشەدان، هەمان داواکارییان هەبێت؟ ئەمە دەرگا ناکاتەوە بۆ دروستبوونی میلیشیا و نامانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی ڕژێمی بەعس کە بە دروستکردنی فەوجە خەفیفەکان بۆ ئاغای عەشیرەتەکان، ناوچەگەرایی زەقتربووەوە و کورد پەرتەوازەتر بوو؟

پێموایە هەڵە دەبێت سوپای تایبەت بە ئێزدییەکان دروست بکرێت. ئەمە هەم هەستەوەریی ئایینی لەنێوان پێکهاتە ئایینی و ئەتنییەکانی کوردستان بەهێزدەکات، هەم سوپای کوردستانیش دەکاتە سوپایەکی لاواز.

کەواتە چارەسەر چییە؟ چارەسەر لە تێگەیشتندایە لەو ڕەوشە نوێیەی لە باشووری کوردستان دروست بووە. شۆڕشەکانی نیو سەدەی رابردوو لە باشووری کوردستان لەسەر وازنەهێنان لەو ناوچانەی جاران پێماندەگوتن "ناوچە دابڕاوەکان" تێکچوون. ئێستا کە ئەو ناوچانە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدان، پاراستنیان و هێشتنەوەیان پێویستی بە ئامادەکاری و باجی گەورە هەیە. هەر بۆیەش بارزانی لە ڕۆژانی جەژندا لەگەڵ پێشمەرگە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ئەوان "مێژوو تۆماردەکەن". هەر بۆیەشە ئەوانەی لەو بەرانەدا گیانیان لەدەستدەدەن، وەک هەندێک کەسی سادە باسیدەکەن، "لەخۆڕایی" و "لەپێناوی هیچدا" ئەو قوربانییە نادەن. ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ بەسەر کوردە ئێزدییەکان هاتووە پیشانیدەدات کە پاراستنی خاکی کوردستان "لەخۆڕایی" و لەپێناوی هیچدا" نییە، بەڵکو شەڕی پاراستنی شکۆمەندیی نەتەوەیەکە.

بە بڕوای من سوپای کوردستان، بەو ڕەوشەوە کە ئێستا هەیەتی سوپایەکی ئامادە نییە بۆ پاراستنی ئەو سنوورە فراوانەی دەبێ بیپارێزێت. چونکە ئەو ڕەوشەی ئێستا ئەو سنوورانە هەیانە جیاوازە لەو سنوورەی شەش مانگ پێش ئێستا تەنیا دەبووایە پێشمەرگە حزووری تێیاندا هەبێت. بۆیە سوپای کوردستان پێویستی بە پێشمەرگەی زۆرتر و چەکی چاکترە. گەنجانی ئێزدیش دەتوانن ئەو پێویستییە پڕبکەنەوە و ببنە پێشمەرگە بۆ پاراستنی هەموو کوردستان، نەک تەنیا بۆ شنگال.


دەیڤد ڕۆمانۆ

# دایلەمای کوردی سووریا

وتاری پێشووم دەربارەی بژارەکانی بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو لە پشتگیرییەکانیان بۆ عێراق. ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان دیموکراسیە و شایەنی یارمەتیدانە و توانای بەرەنگاربوونەوەی جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی هەیە.

لە ساڵی 2012ەوە، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەشێوەیەکی توند لەدژی کوردی سووریا دەجەنگێن. ئەو چەک و کەرەستانەی بەم دواییە لە موسڵ دەستیان بەسەرداگرت، خستیانە خزمەت زیادکردنی فشارەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆبانێ و ناوچەکانی دیکەی ژێردەسەڵاتی کورد لە سووریا. شەڕەکە زۆر توندتر بووە، بەڵام خەڵکی کۆبانێ و ناوچەکانی دیکە بە بەهێزی ماونەتەوە. سەرەڕای سادەیی چەکەکانیان وەک کلاشینکۆف و ئاڕ پی جی، بەردەوامن لە بەرگریکردن لە بەرامبەر دوژمنێکی سەرسەخت و پڕچەکتر بەهۆی ئەو کەرەستە سەربازیانەی سوپای عێراق بەجێی هێشت. کەچی هێشتا ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ئامادە نین پشتگیریی کوردی سووریا بکەن.

PYD کۆنترۆڵی زۆرینەی ناوچەکانی کوردستانی سووریای کردووە. وەک هەر پارتێکی سیاسیی دیکە پێشبڕکێی بەهێزبوونی دەسەڵاتی دەکات لەناوچەکە. ئەندامانی PYD فریشتە نین. PYD و باڵە سەربازییەکەی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانن کە لەساڵی 1984ەوە لە خەباتی چەکداریدان لە دژی حکومەتی تورکیا. بۆیە ڕۆژئاوا وەک پارتێکی کۆمۆنیستی تەماشای دەکەن و کەس نازانێت سیستەمە "دیموکراتی و ئۆتۆنۆمیەکەی" عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانا ڕاستەقینەکەی چییە.

ڕەخنەگرانیان PYD بە سەرکوتکردنی گرووپە سیاسییەکانی دیکە و فشارخستنە سەر خەڵکی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان تۆمەتبار دەکەن. هەندێک دەڵێن کە PYD هاریکاری لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد دەکات یان لانیکەم جۆرێک لە ڕێککەوتننامەی ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ دیمەشق هەیە.

لەڕاستیدا وادەردەکەوێ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕەخنە و تۆمەتانە قورس بێت، شتێک کە وادەکات گومان لەو ڕەخنانە بکەی، ئەوەیە کە: ئایا دەبێت لەکاتی شەڕدا کوردی سووریا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ لەسەر مافەکانی مرۆڤ و ستاندەردەکانی دیموکراسی، لەکاتێکدا پێشبینی ئەو شتانە لە وڵاتانیش ناکەین؟ ئایا دەوڵەتانیش "پێوەر و ڕێوشوێنی جەنگ و حاڵەتی کوتوپڕیان نییە لەکاتی ئیمێرجنسیدا؟ کێ دەتوانێ ئەو تۆمەت و ڕەخنانە بسەلمێنێ کە PYD دیموکراسیەت پەیڕەو ناکات لە داهاتوودا، یان ڕژێمی ئەسەد زیاتر تەرکیزی هێرشەکانی دەکاتە سەر سوپای ئازادی سووریا لەبری یەکینەکانی پاراستنی گەل؟ هەروەک چۆن دەوڵەتان هەوڵی کۆنترۆڵی هێزەکانیان دەدەن لە سنووری ناوچەکانی خۆیان، ئایا دەبێت پێشبینیەکی کەمترمان هەبێت بۆ ئیدارەکەی PYD؟

لەلایەکی دیکەوە، با تەماشای هەڵسوکەوتی رابردووی PYD بکەین، لەوکاتەی کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری باکووری سووریای کردووەو دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی لە کۆبانێ و عەفرین ڕاگەیاندووە. هەڵبژاردنی شارەوانییان ئەنجامداوە. پەناگایان بۆ ئاوارە عەرەب و تورکمان و مەسیحییەکان و خەڵکانی دیکە لەسەرتاسەری سووریا دابین کردووە. عەرەب و تورکمان و مەسیحیەکانیان بەشدار کردووە لە ئیدارە ئۆتۆنۆمییەکانیان لەو ناوچانە. بایەخ بە ژنان دەدەن و لە هەموو شارەوانیەک پۆستی ئیدارییان داونەتێ و لەریزی هێزەکانیاندا دەجەنگن. هیچ ڕەشەکوژییەکیان نەکردووە و بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە کە خوازیاری پەیوەندییەکی باشن لەگەڵ تورکیا و کوردستانی عێراق. هەموو ئەمانەیان کردووە لەکاتێکدا گۆشەگیرکراون و لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە لە هەمولایەکەوە فشاریان خراوەتە سەر.

بۆیە دووبارە پێشنیازدەکەم کە ڕۆژئاواییەکان ڕەچاوی ئەم بژارانەی خوارەوە بکەن سەبارەت بە پشتگیرییەکانیان بۆ سووریا:

1– ڕژێمی تۆتالیتاری دیمەشق کە داڵدەدەری تیرۆریستانە، بەرپرسیارە لە کوشتنی زیاتر لە 160 هەزار هاووڵاتی سووری لەساڵی 2011ەوە

2– گرووپی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام هەوڵی کوشتنی هەر کەسێک دەدەن کە وەک ئەوان نەبێت.

3– تێکەڵەیەکی بێسەروبەری چەکدار کە لەلایەن ئیخوان موسلیمینەوە کۆنترۆڵ کراوەو چەند چالاکوانێکی سیاسی پەرشوبڵاو لە دەرەوەی وڵات کە ناوچەیەکی زۆر کەمیان لەژێردەستەو ناتوانن لەسەر هیچ شتێک ڕێکبکەون لەنێوان خۆیان تەنها لە حاڵەتی بەقاچاخ هێنانی مووشەک و تاوانی دیکە نەبێت.

4– PYD کە ڕابەرایەتی کوردی سووریا دەکات و ڕێکخراوترە، ناوچەیەکی زۆری وڵاتی لەژێر دەستەو توانایەکی باشی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی جیهادییەکان و پاشینەیەکی باشتری هەیە لە پارێزگاریکردنی کەمینەکان و ژنان لە زۆر وڵاتی ناوچەکە.

ڕووسیاو ئێران و چین پشتگیری لە بژارەی یەکەم دەکەن. قەتەر و دەوڵەمەندەکانی کەنداو و هەندێک جار تورکیا پشتگیری لە بژارەی دووەم دەکەن. ڕۆژئاوا و سعودیە هەندێک پشتگیرییان داوەتە بژارەی سێیەم. بەڵام کەس بژارەی چوارەم وەک ئەوانی دیکە قبوڵ ناکات.

هەژار جەزیری

# قەیرانی عێراق و شەڕی دەسەڵات

ساکارترین ڕێگا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەیەکی گشتی، پارچەکردنێتی بۆ کەرتگەلێک کە بە ڕواڵەت هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. بە واتەیەکی دیکە لەتکردنی هاوکێشەیەکی گشتی بە هاوکێشەی پاژی.

ئەمە لەڕادەبەدەر دەتوانێ ڕادیکاڵیزمی هاوکێشەکە هێور بکاتەوە و هەر لەو ڕێگایەشەوە هاوکێشەکە بکاتە ڕووداوێکی ئاسایی و سادە.

گۆڕینی بزووتنەوەی "بەهاری عەرەبی" کە بزووتنەوەیەک بوو بۆ ڕزگاری لە چنگی زۆرداری و دیکتاتۆریەت و بەناچار ڕاپەڕینێکی مرۆیی بوو، بۆ تێکهەڵچوونی گرووپە مەزهەبییەکان و دابەزاندنی لە گۆڕەپانی گشتیی خەبات لە دژی چەوسێنەران بۆ کێشمەکێش و ناکۆکیی تاقمۆکەیی، ڕێکارێک بوو، وڵاتانی ناوچەکە کە لەو بزووتنەوەیە و شەپۆلە ڕووخێنەرەکانی زراویان چووبوو، گرتیانە بەر.

لەوساوە ڕاپەڕینی خەڵکی وڵاتانی عەرەبی گۆڕدرا بۆ شەڕی نێوان زۆرینەی سوننە لەبەرامبەر کەمینەی شیعە. ڕاپەڕینی خەڵکی بەحرەین کە دەهات دەسکەوتی دیموکراتیکی هەبێ، بە دەستێوەردانی هێزە کۆنکریتەکانی ناوچەکە، بووە مقۆمقۆی ئاینزایی کە لە ڕاستبینانەترین دۆخی خۆیدا جگە لە شەڕێکی شەکەتکەر و درێژخایەن و هەمیشەیی هیچ دەسکەوتێکی نابێت.

لەو دۆخەدا بوو کە تەوەری سەرەکیی خەبات، لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە زۆردارەکانەوە بەرەو شەڕی مەزهەبیی هەمیشەیی گواستراوە و هێزە دژبەرەکان کە سەرەتا لەژێر سەیوانی ناکۆکی لەگەڵ هێزی ناوەندی یەکیانگرتبوو، ئێستا لەژێر سەردێڕگەلێکی وەک شیعە و سوننە لێک جیابوونەتەوە و تەنیا هێزێکیش کە لە دووبەرەکیی نێوان هێزەکانی دژبەر سوود وەردەگرێ، هەر ئەو حکومەتە دیکتاتۆرەیە کە تەمای تەفروتووناکردنی دژبەرانی لە مێشکدایە.

گۆڕینی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە بۆ تێکهەڵچوونی ڕووخێنەر و شەکەتکەری ئاینزایی و تاقمۆکەیی، پوانێکی دووقاتی بۆ هێزە دیکتاتۆرەکان پێیە، لەلایەک دەتوانن پارێزگاری لە هێزی خۆیان بکەن و لەلایەکی دیکەش دەتوانن بە خەڵک بسەلمێنن کە تەنیا ڕێکاری بەرگری لەو بەربەرەکانێ ماڵوێرانکەرانە، بوونی دەسەڵاتێکی ئاسنینە کە هەر هێزێکی ناکۆک لە ژێر چەکمەکانیدا پان بکاتەوە. گەر وایە خەڵکی وڵاتانی دیکەش دەبێ ئاگادار بن کە ئەگەر نایانەوێ لەگەڵ دڕندانەترین و کۆنەپەرستترین هێزەکانی وەک داعش و بەرەی نوسرە و ئەلقاعیدە و چەند تاقمۆکەی دیکە بەرەوڕوو ببنەوە، دەبێ بە ئاقاری وەبەرهێنانەوەی دەسەڵاتی زاڵ هەنگاو بنێن و هەموو کردارێک کە تەمای دەستدرێژی بۆ سەر بنەماکانی دەسەڵاتی ئەوانی هەیە، بە توندترین شێوە لەبار ببەن.

دوای ماجەرای داعش لە عێراق و پێشڕەویی زۆر خێرای ئەو هێزە لە قووڵاییەکانی خاکی عێراقدا، ئێمە لە ئێران شایەتی بارودۆخێکی ئاوەها بووین. خەڵکی ئێران بە بۆنەی ترسێک کە لە داعش یان بە وتەی خۆیان لە "هێزە سوننە بنیاتخوازەکان" یان "تەکفیرییەکان" هەیانبوو، دەستیانکرد بە پێداهەڵگوتن بە سوپای قودس کە بێگومان یەکێک لە ئەندازیارانی ئەو جۆرە شەڕانەیە لە ناوچەکەدا. بە شێوەیەک کە لە ڕاگەیاندنەکاندا شایەتی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشەویستبوونی سەردار قاسم سولەیمانی بووین لەژێر نێوی پاڵەوانێک کە دەتوانێ شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە چنگی داعش بپارێزێ. بەو شێوازە ویستی هێزە سەرەکییەکانی ناوچەکە (ئێران و عەرەبستانی سعودی) وەدی دێت.

عەرەبستانی سعودی ناڕەزایی سوننەکانی عێراق لە پشکی کەمیان لە حوکمڕانی و وەلانانیان لە پێکهاتەی دەسەڵات، دەگۆڕێ بە لایەنگری لە نامرۆڤانەترین هێز کە داعشە و لەلایەکی دیکەش ئێران وەک لایەنگری سەرەکیی مالیکی لە عێراق، پەرە بە شەڕی مەزهەبی دەدات و فتوای زانا شیعەکان لە بە واجیب لەقەڵەمدانی شەڕ لەگەڵ داعش دەبێتە هۆی ئەوە کە زۆرتر لە جاران شیعە و سوننە بکەونە گیانی یەک و بێگومان ئەگەر ئەو بارودۆخە کۆنترۆڵ نەکرێ دەتوانێ ڕووبارێکی خوێنی وەها وەڕێ بخا کە هەر شێوە حەوڵێک بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بکاتەوە.

حەسەن ڕووحانی سەرۆک کۆماری ئێران لە وتەکانیدا لە 28ی جۆزەردان، لەنێو خەڵکی لوڕستان دانی پێدانا کە "حەرەمی ئیمامانی شیعە، کەربەلای خۆشەویست، نەجەفی خۆشەویست، کازمین و سامەڕای خۆشەویست، بۆ ئێمە گرنگن و بە هەموو زلهێزەکان و بەکرێگیراوەکانیان، پیاوکوژەکان و تیرۆریستەکان ڕادەگەیەنین کە نەتەوەی مەزنی ئێران بۆ پارێزگاری لە گەورەیی عەتەباتی پیرۆز لە هیچ جۆرە حەوڵێک درێغی ناکات". تۆ دەڵێی خوێنی سەدان کەسی کوژراو و ژانی هەزاران کەسی ئاوارە بوو، لە بەراورد لەگەڵ ئەو شوێنانە دینارێک ناهێنێت. بۆ هێزە زۆردارەکان کە ئەو خوێن و ئازارانە لە درێژەی گەیشتن بە ئامانجەکانیان زۆریش گرنگە، نابێ بیهێنێ و هەرچەند ئاگری شەڕە مەزهەبییەکان لە ناوچەکەدا بەگشتی و لە عێراقدا بە تایبەتی پەرە بستێنێ، ئەوان لەبەر ئاگرەکەی زۆرتر خۆیان گەرم دەکەنەوە.

تەنیا ڕێگەی چوونەدەر لە بارودۆخی ئێستای عێراق، گەڕاندنەوەی ئاراستەی بەربەرەکانییەکان لە شەڕی نێوان سوننە و شیعە، بەرەو بەربەرەکانی نێوان خەڵک بۆ مافی دەسەڵاتداریی گشتییە. بە شێوەیەک کە عێراق نەبێتە گۆڕەپانی تێکهەڵچوونی نێوان نەیاران و لایەنگرانی نووری مالیکی.

ئەو ڕوانگەیە دەکرێ لە وتەکانی سەرۆک مەسعود بارزانیدا بدۆزرێتەوە کاتێک گوتی: "ئێمە بەتەواوی کاری تیرۆریستی لە داخوازییە ڕەواکانی برایانی سوننە جیادەکەینەوە. ئێمە پێکەوە لەگەڵ برایانی شیعە و سوننە ئامادەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، بەڵام قەت ناکەوینە شەڕێک کە لەژێر پەردەی شەڕی تیرۆر شەڕی تایفەیەک بکرێت و تەنیا بەشەڕ ئەم گرفتە چارەسەر ناکرێت، دەبێ هۆکارەکان چارەسەر بکرێن و پرۆسەی سیاسی ڕێگەی ڕاستی خۆی بگرێتەوە، ئەوسا تێکشکاندنی تیرۆریستان ئاسانتر دەبێت".

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## مریەمخانێکی دیکە پەیدابوو

» 12

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین**: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری**: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

